
رۆژنامە

له ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 567 سێشەممە 2/ 2/ 2010 | نرخ 750 دینار | No.567 Tue 2/ 2/ 2010



٩

**جەلال جەوهەر: پاشەکشەی کورد لە بەغدا نیشانەی شکستی نوێنەرەکانیەتی**

# دەسەڵات دەیەوێت بودجە هەڵپرووکێنێت



رۆژنامە

پەرلەمانتاران‌و شارەزایانی بواری ئابووریی رەخنە لەو هەوڵەی دەسەڵات دەگرن کە لەڕێی فراکسیۆنەکەیەوە لەپەرلەمان، دەیەوێت بە پەلەپەل لەماوەی یەک هەفتەدا بودجە تێپەڕێنێت‌و وەک بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاریبهێنێت. لەکاتێکدا بەپێی ستانداردە ئابوورییە جیهانییەکان، پێویستە؛ پەرلەمان دوو مانگ گفتوگۆ لەسەر مادەو بڕگەکانی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵ بکات.

هاوکات چاودێران پێیانوایە، کە شەفافیەت لە بودجەدا ئەوە نییە تەنیا کۆمەڵێک ژمارە بڵاوبکەیتەوە، بەڵکو شەفافیەت لەوەدایە «پەرلەمانتاران رێیان پێبدرێت بە ئازادانە گفتوگۆ لەسەر بودجە بکەن و پرسیارەکانیان ئاراستەی وەزیرو سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن‌و تەلەفزیۆنەکان راستەوخۆ گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان لەسەر بودجە بۆ هاوڵاتییان بگوازنەوە».

**زانیاری زیاتر لە ل٣ دایە.**

## «بەشداریی بەرپرسە حکومییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، تاوانە»

هەستیار قادر

لەکاتێکدا کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئاماژە بەوە دەکات؛ بانگەشەکردنی بەرپرسە حکومییەکان لەکاتی هەڵبژاردندا وەک بەرپرسی حیزبیی ئاساییە. پسپۆڕێکی یاسایی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو بەرپرسانە کارمەندی دەوڵەتن‌و نابێت بانگەشە بکەن‌و ئەنجامدانی ئەو کارەش تاوانە.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆن، نابێت پارەو دامودەزگاکانی حکومەت‌و کارمەندانی حکومیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن، بەڵام بەرپرسە حکومییەکان وەک بەرپرسی حیزبیی دەتوانن بانگەشە بۆ لیستەکەیان بکەن».

لەبەرامبەردا د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووریی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە نابێت بەرپرسە حکومییەکان بەشداریی بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن بۆ لیستەکانیان لەیەک باردا نەبێت، کە دەبێت دەست لە پۆستەکانیان هەڵبگرن. وتیشی: «بەرپرسە حکومییەکان کارمەندی حکومەتن‌و نابێت بانگەشە بۆ لیستێک بکەن، ئەنجامدانی ئەو کارەش تاوانەو سزای لەسەرە».

## هەڕەشە لە مامۆستا جەعفەر دەکرێت

رۆژنامە

سەرۆکی لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکان، لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڕەشەی دەستگیرکردن‌و سزادانی لێدەکرێت، لەبەرامبەر ئەوەی، لیستی جیای بۆ هەڵبژاردنەکان پێکهێناوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە رۆژنامەی راگەیاند، لەچەند رۆژی رابردوودا مامۆستا جەعفەر (فازڵ کەریم)، کادیری پێشکەوتووی یەکێتی‌و لێپرسراوی پێشووی مەکتەبی بیروهۆشیاریی ئەو حیزبە، لەلایەن دەسەڵاتی حوکمڕانی سلێمانییەوە هەڕەشەی دەستگیرکردن‌و سزادانی لێکراوە.

مامۆستا جەعفەر لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «بەڵێ، چەند رۆژێکە هەڕەشەی دەستگیرکردن‌و سزادانم لەسەرە، لەلایەن دەسەڵاتەوە»، بەڵام نەیویست زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە بدات.

لە ئێستا مامۆستا جەعفەر لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکانی دروستکردووەو چەند نووسینێکی رەخنەییشی لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

**لیستەکان داوا لە دەسەڵات دەکەن توندوتیژیی‌و ساختەکاریی لە هەڵبژاردن دووربخاتەوە**

ل ٤

## لیژنەی نەزاهە خۆی لە بودجە شاردووەتەوە

دلێر عەبدولخالق

سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان ماوەی مانگێکە لەدەرەوەی وڵاتەو لەو ماوەیەشدا لیژنەکە هیچ کۆبوونەوەو سەردانێکی نەکردووە، ئەندامێکی لیژنەکەش رایدەگەیەنێت: «لەم کاتە گرنگو هەستیارەدا وەستانی کارەکانی لیژنەکەمان مایەی نیگەرانییە».

حەمە سەعید حەمە عەلی ئەندامی لیژنەی نەزاهە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ماوەی مانگێکە سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە دەرەوەی هەرێمەو لەو ماوەیەشدا هیچ جۆرە کۆبوونەوەو سەردان‌و بەدواداچوونێکمان نەکردووە، ئەمەش مایەی نیگەرانییەو جێگەی رەخنەو تێبینییە، بەتایبەت لەم کاتە گرنگو هەستیارەدا کە پێویستبوو کۆبوونەوە بکەین‌و لەسەر بودجە قسەمان هەبێت».

هەر لەوبارەیەوە، د. رۆژان عەبدولقادر ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانیی ئاماژەی بەوەکرد، پێویستە هەموو لیژنەکان بەکاری خۆیان هەستن لە چاودێریکردن‌و کۆبوونەوەو ئامادەکردنی راپۆرت‌و راییکردنی کارەکانیان، ئەگەر لە کاتێکیشدا سەرۆکی لیژنە ئامادەنەبوو، جێگر سەرۆکایەتی کۆبوونەوە دەکات، لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی ئەویشدا بریاردەر کۆبوونەوەکە بەڕێوەدەبات.

## فەرید ئەسەسەرد: یەکێتی کەسی بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم، دیاریی نەکردووە

بەرهەم خالید

تائێستا لەلایەن یەکێتییەوە هیچ کەسێک بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم دیاریی نەکراوەو ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش لەوبڕوایەدایە «دەبوایە یەکێتی زۆر زوو کەسێکی بۆ ئەو پۆستە دیاریی بکردایە».

لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە، فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی وتی: «لەم خولەی سەرۆکایەتی هەرێمدا، تائێستا لەلایەن یەکێتییەوە هیچ کەسێک بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم دەستنیشاننەکراوەو پۆستەکە بە خاڵیی ماوەتەوە».

ئەسەسەرد وتیشی: «ئەو پۆستە، ئێستیحقاقی یەکێتییەو براوەتەوەو کێشە لەسەر ئەوە نییە کە ئەو پۆستە بۆ یەکێتییە یان نا، بەڵکو تا ئێستا مەسەلەی دیارییکردنی کەسێک بۆ ئەو پۆستە، چ لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا یان لەگەڵ پارتی، باس نەکراوە». هەروەک وتیشی: «هەرچەندە درەنگەو دەبوایە یەکێتی، مادام ئەو پۆستە بۆ ئەوە، کاندیدی خۆی بۆ دیاریی بکردایەو بیدایەتە پارتی‌و سەرۆکی هەرێم‌و دەسەڵاتەکانیشی دیاریی بکرانایە».



**پەیوەندی حیزب بوار بۆ پەیوەندیی هەرێم‌و دەرەوە ناهێڵێتەوە**

ل ٥

# دەسەڵات دەیەوێت بە هەفتەیەک، بودجە تێپەڕێنێت

ئەلەند مەحوی
پشتیوان سەعدوڵڵا

یـەکـێـتـیو پـارتـی لـە ڕێـگـەی فراکسیۆنەکەیانەوە لە هەوڵی ئـەوەدان، کە لەماوەی هەفتەیەکدا بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، لەکاتێکدا لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان، تێبینی زۆریان لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠) هەیەو ئەندامێکی لیژنەی داراییو ئابوورییش، پەلەکردن لە پەسەندکردنی بودجە، بە شەرمەزاریی دەزانێت.

**شەفافیەت لەوەدایە تەلەفزیۆنەکان ڕاستەوخۆ گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان لەسەر بودجە بۆ هاوڵاتییان بگوازنەوەو پەرلەمانتارانیش ڕێیان پێبدرێت بە ئازادانە پرسیاربکەن**

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانو ئەندامی لیژنەی دارایی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد؛ کە هەوڵێک هەیە بۆ پەلەکردن لە تێپەڕاندنی بودجە لە پەرلەمان، لەکاتێدا کە ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان بەپێی یاسا، (٤)مانگ دواکەوتووە کە خۆی دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا بنێردرێتە پەرلەمان.

ئەم پەلەکردنەی پەرلەمان بۆ تێپەڕاندنو هەڵپڕوسکاندنی لەکاتێکدایە بەپێی ستانداردە جیهانییەکانی پەرلەمانەکانی دنیا گفتوگۆکردن لەسەر بودجە لەلایەن پەرلەمانەوە، دەبێت کەمتر نەبێت لـەدوو مانگو لە پەرلەمانی عێراقیش بەم شێوەیەیە.

عـەدنـان عـوسـمـان پـەلـەکـردن لە پەسەندکردنی بودجە، بە شەرمەزاریی دەزانێتو ئاماژە بەوەشدەکات؛ کە بودجە لەکاتی خۆیدا نەگەیشتووەتە پەرلەمانو ئێستاش هەوڵدەدرێت پەلەی لێبکرێتو بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن وەک ڕیکلامێک بەکاربهێنرێت.

هەر لەوبارەیەوە بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێم بۆ ڕۆژنـامـەی ئاشکرا کـرد؛ «دەمانەوێت لەم هەفتەیەدا بودجە پەسەندبکرێتو درێـژە نەکێشێت، لەم ڕووەشەوە، لە ڕێگەی لیستی کوردستانییەوە، لە پەرلەمان کاری بۆ دەکەین».

لەئێستادا لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرتن لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش (٣٠) ڕۆژیان لەبەردەمدایەو پێویستە دیراسەیەکی وردی پـڕۆژەکـە بکەنو پەلەی لـێ نەکرێت بۆ بەڕێکردنی.

لانە ئەحمەد مەحمود، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانییو ئەندام لیژنەی داراییو ئابووریی بۆ ڕۆژنامە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت بودجە، مافی خۆی پێبدرێتو دیراسە بکرێت، نابێت پەلەی لێبکرێتو ناشبێت دوابخرێت.

لـەبـەر ئـەو تێبینییانەی کـە لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان هـەن، وا بڕیارە هەریەک لە وەزیـری دارایـیو پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بهێنرێنە پەرلەمان، لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانیش پڕۆژەی بودجە بە ناشەفاف دەزانن و لێکۆڵینەوە لە داهاتی ناوخۆییدا دەکـەن، کە نەخراوەتە بودجەی (٢٠١٠)وە.

لەئێستادا وەزارەتـی دارایـی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک خشتەو ژمارەی لەسەر بودجەی ئەمساڵ خستووەتەڕوو میدیاکانی دەسەڵاتیش وەک شەفافبوونی سەد دەر سەدی حکومەت ڕیکلامی بۆ دەکەن.

بەڵام چاودێرانی ئابووریی ڕایانوایە؛ شەفافیەتی بودجە لەوەدایە، کە تەلەفزیۆنەکان ڕاستەوخۆ بتوانن گفتوگۆکانی پەرلەمان لەسەر بودجە بۆ هاوڵاتییان بگوازنەوەو پەرلەمانتارانیش بەئازادانە بتوانن پرسیار ڕووبـەڕووی وەزیرە بانگهێشتکراوەکانو سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەنەوەو ڕێگەیان لێنەگیرێت.

خورشید ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایـیو ئابووریی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد؛ ئامادەبوونی هـەردوو وەزیـری دارایـیو پلاندانان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامانی لیژنەی دارایـی پەرلەمانە. هـەروەک وتـی: «هەر بودجەیەک لە هەر وڵاتێک بێت، پەرلەمان تێبینیی خۆی لەسەر هەیە، کە تێبینیش هەبوو، دەبێت پرس لە لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەت وەزیری دارایی بکرێت، ئێمە وەکو لیژنەکە بە دڵنیاییەوە تێبینیمان لەسەر بودجەی ئەمساڵ هەیە، بۆ تاووتوێکردنی بودجەو بەرچاوڕوونی لەسەر بودجەو داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە بۆئەوەی هەردوو وەزیری داراییو پلاندانان بێنە پەرلەمانو لەگەڵ لیژنەکەدا کۆببنەوە».

ئـەوەیـشـی خـسـتـەڕوو؛ بـودجـەی ئەمساڵ بودجەیەکی بـەرفـراوانـەو زۆر لایـەن دەگرێتەوە، زۆر وردەکـاریـی لای وەزیری داراییە، داواکارییەکەمان بۆئەوەیە بتوانین ڕاپۆرتی خۆمان لەسەر بودجە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەزربکەینەوە.

(١/٢٦) پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێم کرد، کە (١١) ترلیۆنو (٤٣٣) ملیارو (١٧٦) ملیۆن دینارە.

## دوو بودجەیی دەیسەلمێنێت ئاسایشو دیوانی چاودێریی یەکیان نەگرتووەتەوە

ڕۆژنامە

لـەچـوارچـێـوەی بـودجـەی خەملێنراوی (٢٠١٠)ی هەرێم، بودجەی هەردوو ئاسایشو دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی بە جیا ڕەوانەی پەرلەمان کراون.

لیژنەی نـاوخـۆ ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان، ڕۆژی یەکشەممە گفتوگۆیان لەسەر بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێم کرد، قادر حەسەن ئەندامی لیژنەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لـەبـەرئـەوەی دەزگـای ئاسایش یـاسـای خـۆی هەیە کـە یاسای ژمارە ٤٦ ەو لە (٢٠٠٤/١١/٢٠) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووەو تیایدا هاتووە: «دەستەی گشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێت». بۆیە پێویستە ئەو دوو دەزگایە یەکبخرێنەوەو یەک بودجەی بۆ ڕەوانە بکرێت.

هاوکات، نەریمان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانیش جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە لیژنەی ناوخۆ وتووێژ لەسەر دوو بودجە بۆ ئاسایش ناکاتو پێویستە یەکبخرێن.

هەر لەو بودجەیەی (٢٠١٠) کە ڕەوانەی پەرلەمان کراوە بودجەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی بە جیاجیا ڕەوانـــەی پەرلەمان کراون.

کاردۆ محەمەد ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان ئاماژەی بەوەدا، کە ئامادەنین وتووێژ لەسەر دوو بودجە بۆ دیوانی چاودێری دارایی بکەن کە لە (٢٠٠٨)ەوە لە پەرلەمان یاسا بۆ بوونی یـەک دەزگـای چـاودێـری دارایـی دەرچـووە، هـەربـۆیـە بـڕیـاروایـە ئـەمڕۆ لیژنەکە لەگەڵ وەزیـری دارایی حکومەتی هەرێم ئەم مەسەلەیە تاووتوێبکەن.



# «دامەزراندنی فەرمانبەرانی هەرێم، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت»

دلێر عەبدولخالق

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم رایدەگەیەنێت؛ لە وەزارەتەکانەوە ژمارەیەکی زۆر داواکاریی بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرمان پێگەیشتووەو دامەزراندنی ئەو ژمارەیەش دەکەوێتە دوای پەسەندکردنی بودجە لە پەرلەمان، لە بەرامبەریشدا ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمان ئەو ئیعلانکردنە وەک بەشێک لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن‌و دەنگ کۆکردنەوە ناودەبات.

محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ژمارەیەکی زۆر داواکارییان بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران لە وەزارەتەکانەوە پێگەیشتووە، دوای پەسەندکردنی ئەگەر پەرلەمان رەزامەندیی لەسەر ئەو ژمارەیە نیشاندا بەپێی پێویستی وەزارەتەکان ژمارەیەکی بەرچاو دادەمەزرێنن، بەتایبەت لە کەرتی پەروەردەو تەندروستی، چونکە نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی‌و قوتابخانەی زیاتر دەکرێتەوەو پێویستیان بە ژمارەیەکی دیکەی کارمەندو مامۆستا دەبێت».

بەپێی بودجەی پەسەندکراوی عێراق بۆ ئەمساڵ (سەدو پانزە هەزار فەرمانبەری نوێ لە دامودەزگا حکومییەکانی عێراقدا دادەمەزرێت)، لە هەرێمیش حکومەت داوای دامەزراندنی (١٠) هەزار فەرمانبەری کردووە بۆ ساڵی (٢٠١٠)، لەوبارەیەوە ئیسماعیل گەلاڵەیی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان بە رۆژنامەی راگەیاند: «دوای گفتوگۆی پەرلەمان، پێدەچێت بڕیاری دامەزراندنی ئەو ژمارە فەرمانبەرە، زۆر کەمبکرێتەوەو لەبارەی ئەو راگەیاندنە پێشووەختەش بۆ دامەزراندنی فەرمابنەران لە هەرێمدا، هەوڵێکە بە مەبەستی دەنگ کۆکردنەوە بۆ هەڵبژاردنەکان‌و دەچێتە خانەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە».



## روونکردنەوەیەک لە رۆژنامە وە

لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٥٦٥)ی رۆژنامەدا بابەتێک بە ناونیشانی (حیزبەکانی کوردستان مانگانە (٨٦) ملیار دینار لە بودجە دەبەن) بڵاوکراوەتەوە، رۆژنامەی کوردستانی نوێ کە (ی.ن.ک) دەریدەکات، لە لاپەڕە (١)ی ژمارە (٥٠٨٨)دا بابەتێکی بە ناونیشانی (حکومەتی هەرێم: پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆنی ئێران ناکەین) بڵاوکردەوە.

سەبارەت بەو بابەتەی کوردستانی نوێ، ئەم روونکردنەوەیەمان بەپێویستزانی:

١- رۆژنامەکەی ئێمە بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت تێکڕای گەندەڵییەکانی کاربەدەستانی کوردستان بۆ رای گشتیی ئاشکرا بکات، بابەتەکەی ئێمە لەسەر گەندەڵی‌و بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانییە، کەچی کوردستانی نوێ دەیەوێت ئەو گەندەڵییە گەورەیە بکات بەژێر لێوەوەو بەو شێواندنە لە بایەخی کەم بکاتەوە.

٢- ئەمە یەکەمجار نییە ئەو ناوچانە تۆپباران بکرێن، نزیکەی چوار ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو ناوچانە تۆپباران دەکات، لێپرسراوانی کورد چەند جارێک چوونەتە ناوچەکەو سەریان لە خەڵکی زەرەردیدەی تۆپبارانەکان داوە، وەعدو بەڵێنی گەورەو قەبەیان داونەتێ‌و هیچیشیان بۆ نەکردوون.

٣- لە ساڵانی رابردوودا چەند جارێک رێکەوتووە، لە کاتێکدا جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم‌و د.بەرهەم ساڵح وەکو سەرۆک وەزیری هەرێمی کوردستان، بۆ وتووێژ لە تاران بوو، لەو کاتەدا تۆپخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران تۆپبارانی ئەو ناوچانەیان کردووە، خۆ ئەگەر بە لۆژیکی کوردستانیی قسە بکەین، ئەوا دەبێت ئێمەش بڵێین: سەرکردەکانی کورد لەگەڵ لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامیی رێکەوتوون بۆ تۆپبارانکردنی دانیشتووانی هەرێمەکەمان، بەڵام ئێمە قەت قسەی وامان نەکردووە.

٤- وەکو هەموو دنیا ئاگادارەو لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش نایشارنەوە، بیانووی تۆپبارانکردنەکە پارتی ژیانی ئازاد (پژاک)ە، کە لە بابەتەکەی ئێمەشدا ناوی (پژاک) نەهاتووە، حیزبەکەی عەلی قازییە کە ناوی ناوبراویشمان نەهێناوە نەک هیچ حیزبێک لەو حیزبانەی کە لە بابەتەکەی ئێمەدا هاتووە، یارمەتی دراون.

٥- ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران، بێجگە لە (پژاک) بە ئاگاداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێمی کوردستان دانیشتوون‌و چالاکیی سەربازییان راگرتووە، بۆیە هەواڵی وەها بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران شتێکی شاراوە نییە.

٦- نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران، کە پێشتر ئەندامی (م.س)ی یەکێتی بووە، هەموو جارێک وەکو لێپرسراوێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران عوزر بۆ تۆپبارانەکان دەدۆزێتەوە، کەچی رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەیەوێت ئۆباڵی تۆپبارانکردنەکانی چوار ساڵی رابردوو بخاتە ئەستۆی رۆژنامەکەی ئێمە.

٧- بە پێویستی دەزانین بۆ حیزبە رۆژهەڵاتییەکان‌و رۆژئاواییەکان روون بکەینەوە، کە ئەوان حەقی خۆیانە لەهەرێمی کوردستان بە باشترین شێوە بژین.

# سەرۆکایەتی کۆمار بێ وەسڵ‌و بەناوی رێکخراوی وەهمییەوە بودجەی سوودی کۆمەڵایەتییان خەرجکردووە

بەهادین یوسف

سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ساڵی (٢٠٠٩) زیاتر لە (٣١) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دیناری وەکو بودجەی سوودی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، بەپێی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی عێراقیش، ئەو بودجەیە دراوەتە رێکخراو و کەسانی وەهمیی، بێ ئەوەی پسووڵەی سەرف، یان ئیمزای ئەو کەسانە لەبەردەستدابن کە پارەکەیان پێدراوە.

عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ئەوەی بۆ ئاژانسی «سۆمەرییە نیوز» ئاشکرا کردووە؛ کە ئەو پارەیەی ساڵی (٢٠٠٩) لەچوارچێوەی بودجەی سوودی کۆمەڵایەتی (**المنافع الاجتماعية**) بەریکەوتووە، مانگانە نزیکەی (١) ملیۆن دۆلار بووە، بەوتەی خۆی «بەشێکی ئەو پارەیەی خەرجکردووە بۆ پشتگیریی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی‌و ئەو خێزانانەی زیانیان لێکەوتووە لە ئەنجامی کردەوە توندوتیژییەکانەوەو بەدووریشی نەزانی بەشێک لە بەرپرسان بەشێک لەو بودجەیەیان بۆ پشتگیریی حیزبەکانیان خەرجکردبێت.

بەپێی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی داراییش، کە لە بەردەستی رۆژنامەدایە، بودجەی سوودی کۆمەڵایەتی دراوەتە کەسانی دەستکورت لەڕێی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، بێ ئەوەی ناوی ئەو رێکخراوانە لە لایەنە پەیوەندیدارەکاندا تۆمار کرابێت‌و بێ هیچ وەسڵ‌و پێشینەیەک، تا دڵنیابنەوە لە خەرجکردنی ئەو پارەیە، هەروەها بڕێکی زۆری پارەکانیش لەڕێی هەندێک لە پەرلەمانتارەکانەوە دراوە بە رێکخراوەکان، بێ ئەوەی ئەو رێکخراوانە وەسڵی قەبزیان ئیمزاکردبێت.

لەوبارەیەوە ئازاد چالاک ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەرۆژنامەی راگەیاند: «بەشێوەیەکی گشتیی لە راپۆرتەکانی رابردوویاندا دیوانی چاودێری دارایی عێراقی، رەخنەیان لەشێوازی سەرفکردنی بودجەی سوودی کۆمەڵایەتی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی کۆمارو پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران هەبووە، کە ئەو پارەیەیان بەبێ پسووڵەو رەچاونەکردنی رێنمایی سەرفکردووە، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دراوە بە حیزبەکانی خۆیان، یان رێکخراوی وەهمیی‌و کەسانی ناموستەهەق، سەرفکردنی ئەو پارانەش لەلایەن سەرۆکایەتییەکانەوە بەشێوەی پێویست نییە، کە ناسنامەو ناوی کەسی پارە وەرگری تیابێت، ئەمەش وادەکات کە دیوانی چاودێری درایی‌و نەزاهە نەتوانن بەواداچوونی بۆ بکەن، کە ئایا ئەو پارەیە سەرفکراوە یان نا».

بەپێی سەرچاوەکانی رۆژنامەش ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار لەو بودجەیە ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕ (درع) بۆ پەرلەمانتاران سەرفکراوە، یان پارە دراوە بە پەرلەمانتار، کە نابێت ئەو بودجەیە بۆ ئەو مەبەستانە سەرفبکرێت، بەڵکو بۆ حاڵەتی لەناکاو و یارمەتی کەمدەرامەتان‌و خاوەن پێداویستییەکان خەرج بکرێت.

# «تۆپبارانەکەی ئێران، فشارێکە بۆ ئەوەی هەرێم چاو بە بەرنامەکەیدا بخشێنێتەوە»

شارا عەبدولڕەحمان

نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران دەربارەی تۆپبارانکردنەوەی سنوورەکانی هەرێم ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەم تۆپبارانانە فشارێکە بۆ سەر حکومەتی هەرێم بۆئەوەی چاو بە بەرنامەکەیدا بخشێنێتەوە.

سەرەتای ئەم هەفتەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ جارێکی دیکە چەند گوندێکی سەر بە قەزای پشدەری تۆپباران کردەوەو سەرەڕای زیانی مادیی، هاوڵاتییەکیش برینداربوو.

نازم عومەر نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران بە رۆژنامەی راگەیاند: هێزە چەکدارە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پابەندنین بە رێکەوتننامەو مەرجەکانی نێوان ئێران‌و هەرێم‌و پەرۆشی خەڵکی ناوچەکەش نین، چونکە هەر چالاکییەک لەئێراندا ئەنجامبدەن لە راگەیاندنەکانیانەوە بڵاویدەکەنەوەو خۆیان دەکەن بە خاوەنی، ئێرانیش چەندینجار ئاگاداری ئێمەی کردووەتەوە، کە هەتا چالاکیی ئەو هێزانە بەردەوام بێت رەنگە تۆپبارانەکان نەوەستێنن».

وتیشی: «ئەم تۆپبارانە جارێکی دیکە فشارێکە بۆئەوەی کە حکومەتی هەرێم چاو بە بەرنامەکەی خۆیدا بخشێنێتەوە لە پابەندبوون بەجێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی کە لە رێکەوتننامەکەدا هەیە».

نازم عومەر لەو بارەیەوە وتی: «لەتۆپبارانەکەی چەند رۆژی رابردوو دەستبەجێ ناڕەزایی حکومەتی هەرێممان بە ئێران گەیاندووەو ئاگادارمان کردوون، کە ئەو تۆپبارانە رابگرن».

# سەرنووسەرو نووسەری رۆژنامەیەک لە دهۆک دەستگیردەکرێن

رۆژنامە

سەرنووسەرو نووسەرێکی رۆژنامەی چاڤدێر بەتۆمەتی تەشهیر دوێنێ لەلایەن پۆلیسی دهۆکەوە دەستگیرکران‌و سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە رۆژنامەنووسانیش داوای دەستبەجێ ئازادکردنیان دەکات.

عەبدولڕەحمان بامەڕنی، سەرنووسەری رۆژنامەی چاڤدێرو هۆشەنگ شێخ محەمەد بەتۆمەتی تەشهیرکردن لەلایەن پۆلیسی شاری دهۆکەوە دەستگیرکران، پاش ئەوەی رۆژنامەکەی شیعرێکی بڵاوکردەوە.

بەپێی وتەی چەند هاوکارێکی دەستگیرکراوەکان، بەتۆمەتی تەشهیرکردن لە گرتووخانەی زرکە تەوقیفکراون، ئەمەش لەسەر سکاڵای ژمارەیەک زانای ئایینی کە لەدژی سەرنووسەرو نووسەری شیعرەکە تۆمارکراوە.

لەم بارەیەوە، سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لە رۆژنامەنووسان، داوادەکات دەستبەجێ عەبدولڕەحمان بامەڕنی‌و هۆشەنگ شێخ محەمەد ئازادبکرێن‌و دەڵێن: «ئێمە نیگەرانین لەوەی کە تائێستا رۆژنامەنووسانی کوردستان بە یاساکانی رژێمی پێشوو راپێچی دادگاکان دەکرێن، لە کاتێکدا زیاتر لە ساڵێکە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی نوێی دەرکردووە».

سکاڵاکە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (٤٣٣) بەرزکراوەتەوەو بەهۆیەوە سەرنووسەرو نووسەری بابەتەکە لەلایەن پۆلیسەوە زیندانییکراون.

بەپێی یاسای کاری رۆژنامەنووسی هەرێمی کوردستان، کەلە مانگی ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٨)دا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا، نابێت حاڵەتەکانی تەشهیرو ناوزڕاندن بەپێی یاسای سزادانی عێراقی دادگایی بکرێن.

# پەیوەندی حیزب، بوار بۆ پەیوەندی هەرێمو دەرەوە ناهێڵێتەوە

راپۆرتی؛ بەرهەم خالید



لە سەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا، سەرۆکی هەرێم جگە لەوەی چەند کەسێکی نزیک لە خۆیو پارتەکەی یاوەری بوون هیچ بەرپرسێکی باڵای حکومی سەر بەیەکێتیی لەگەڵ نەبوو، کە شەریکی حیزبەکەیەتی لە حکومەتدا، بە بڕوای چاودێرێکی سیاسیی ئەو هەنگاوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی تائێستا بەرپرسەکانی کورد خۆیان لە حیزبی بوون دەرباز نەکردووەو پەرلەمانتارێکی پێشووی هەرێمیش پێیوایە؛ «ئەو سەردانە هێندەی لە سەفەرێکی وەفدێکی پارتی دەچێت لە سەفەری سەرۆکی هەرێم ناچێت».

رۆژی (٢٢)ی مانگی رابردوو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر بانگهێشتی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بەرەو ئەو وڵاتە بەڕێکەوتو رۆژی (٢٤)ی هەمان مانگ چاوی بە ئۆباما کەوتو شاندی وەفدەکە پێکهاتبوون لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی پێشووی هەرێمی کوردستان، کە لە چەند رۆژی رابردوودا کرایە جێگری سەرۆکی پارتی، مەسرور بارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمو فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ بەبێ ئەوەی بەرپرسێکی باڵای حکومی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لەگەڵ بێت.

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی دەرباز بکات لەوەی سەرۆکی حیزبێکە، سەرەڕای ئەوەش راگەیاندنی حیزبەکەشی بە سەرۆکی کوردستان ناوی دەبەن، ئەوە لە کاتێکدایە ئەو تەنیا سەرۆکی هەرێمە، بەڵام خۆزگە ئەوە لە واقیعی سیاسیی هەرێمدا رەنگی بدایەتەوەو لەم سەردانەیدا، کە لە ئەمریکاوە دەستیپێکرد نەک هەر حیزبەکەی خۆی چەند کەسایەتییەکی سیاسیی لە حیزبەکەی خۆشیو حیزبو لایەنەکانی دیکەیش هاوسەفەری بوونایە، چ لە حکومەتو چ لە ئۆپۆزسیۆن ئەوەش گەورەتر دەبوو بۆ سەرۆک.

بانیمارانی پێیوایە؛ سەرۆکی هەرێم پێویستی بەوە هەیە زۆرتر لەوەی تا ئێستا کردویەتی بیکات، بۆ ئەوەی هەستی ئەوە بەداتە هەموو هاوڵاتیانی کوردستان کە ئەو بە بێ جیاوازیی سەرۆکی هەموو هەرێمە. عەبدولسەلام بەرواری، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کوردستانی رای وایە؛ کە ئەوە مەسەلە نییە کە زۆرینەی ئەندامانی وەفدەکە یەکێتی، بن یاخود پارتیو ئەوان وەک یەکێتیو پارتی رێکەوتنیان هەیەو حکومەتیش هی هەموو لایەکەو شاندەکەش پێکهاتووە لە چەند کەسێک، کە پێویستن بۆ ئەو سەفەرە.

دەربارەی ئاگاداری پەرلەمانی کوردستان لەوسەردانە بەرواری وتی: «مەرج نییە پەرلەمان ئاگاداری سەرۆکی هەرێم بن، بەڵام ئەرکی پەرلەمان چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، پێویستە پەرلەمان ئاگاداری ئەنجامی سەردانەکە بێت وەک ئیمزاکردنی رێکەوتننامە».

لە هەرێمی کوردستان زۆرجار بەرپرسە حیزبیو حکومییەکان بەبێ ئاشکراکردنی هیچ هۆکارێک سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکەنو ناوەڕۆکی ئەو سەردانانە ئاشکرا ناکرێن، لەکاتێکدا دەبێت لانیکەم پەرلەمان ئاگاداربێتو روونکردنەوەی پێبدرێتو لە سەردانیشدا دەبێت ئەو کەسانە بچن کە پەیوەندیان بە مەبەستی سەردانەکەوە هەیە.

د.کامەران مەنتک، پسپۆڕی سیاسییو مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە مەبەستی سەردان ئەوە روونDەکاتەوە، کە کێ لەگەڵ خۆی دەبات بەپێی ئامانجەکەی، بەڵام سەرۆکی هەرێم تەنیا کەسانی نزیک لەخۆیو ئەو کەسانەی بردووە، کە مۆرکی پارتیان پێوەیە، نەک حکومەتی هەرێم، لەبەر ئەوە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم زیاتر لە سەردانی وەفدێکی پارتی دەچێت وەک لە وەفدی حکومەتی هەرێم، د. کامەران دەڵێت: «تاکو ئێستا کەسایەتییەکانی ئێمە فێری ئەوە نەبوون وەکو بەرپرسێکی حکومیی کاربکەنو بیرکردنەوەیان بەشێوازێکی حیزبییەو تەنانەت لەچوونە دەرەوەی شاندەکانیش، لە کاتێکدا دەبێت رەنگدانەوەی ململانێی تێدا نەبێت، بەڵام لەم سەردانەدا بە ئاشکرا دیارە، کە یەکێتی کە هاوپەیمانی پارتییە پشتگوێخراوە».

پسپۆڕەکەی بواری سیاسەت بە ئەرکی پەرلەمانی دەزانێت لەسەر ئەو حاڵەتە بێتە دەنگو داوای روونکردنەوە لە سەرۆکی هەرێم بکات، تەنانەت بانگهێشتی پەرلەمانیشی بکات، «بەڵام تائێستا سەرکردەکانی ئێمە چوونە پەرلەمان بە بچوکبوونەوە دەزانن، لەکاتێکدا ئامادەبوونیان لە پەرلەمان گەورەبوونە بۆ ئەوان».

## سەرەڕای راگەیاندنەکەی سەرۆکی حکومەت

# دیوانی چاودێریی هەرێم یەکنەخراوە و سەرۆکیشی بۆ دانەنراوە

راپۆرتی؛ پشتیوان سەعدوڵڵا

سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئاماژە بەوەدەدات کەهەردوو دیوانی چاودێری دارایی یەکیانگرتووەتەوەو بەم نزیکانە پەرلەمان کەسێک بۆ سەرۆکی دیوانەکە دەستنیشاندەکات». پەرلەمانتارانو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەڵێن: ئەو دوو دیوانە تائێستا یەکیاننەگرتووەتەوەو هیچ کەسێکیش بۆ پۆستی سەرۆکی دیوان دەستنیشاننەکراوە.

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژی (٢٠١٠/١/١٩) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا یەکخستنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی راگەیاندو باسی لەوەکرد، بەمزووانە کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی دیوان یەکگرتووەکە دادەنرێت.

سەرەڕای راگەیاندنەکەی سەرۆکی حکومەت،تائێستا ئەو دوو دیوانە یەکنەخراونەتەوەو بە سەربەخۆ کاردەکەن. ئەمە لەکاتێدا ماوەی دووساڵە پەرلەمانی کوردستان یاسای دیوانی چاودێری دارایی دەرکردووە.

عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی لەیاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: من کە ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانم ئاگاداری یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی نیم، و بەپێی ئەو یاسایەش کە لەساڵی (٢٠٠٨)دا پەرلەمان دەری کردووە دەبێت سەرۆکی دیوان لە پەرلەمان بپاڵێورێتو سوێندی یاسایی بخوات، بەڵام تائێستا ئەو کارە نەکراوە.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران ، باسی لەوەکرد؛ بڕیاری یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی دەرچووە. وتی: «تەنیا ئەو ماوە کەسێک بۆ سەرۆکی دیوان دابنرێت، شێوازی دیاریکردنەکەشی ئەوەیە کە حکومەت کەسێک یان چەند کەسێک بۆ ئەو پۆستە دیاریدەکات، بەڵام بڕیاری کۆتایی بەدەست پەرلەمانەو پەرلەمان کەسێک دادەنێت».

بەپێی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) پەرلەمانی کوردستان دەبوو ئێستا لە کوردستاندا یەک دیوانی چاودێریی دارایی هەبووایە، نەک دوو دیوان، هەروەک لە مادەی دووەمی یاساکەدا هاتووە؛ «دەسەڵاتێکی چاودێریی لە هەرێمدا دادەمەزرێت بەناوی (دیوانی چاودێریی هەرێمی کوردستان - عێراق) کەسایەتییەکی مەعنەوییو سەربەخۆییو داراییو کارگێڕیی هەیە»، بەپێی مادەی پێنجەمیش «سەرۆکی دیوان بە مەرسومێک کە لە سەرۆکایەتی هەرێم دەردەچێت دادەمەزرێتو لەسەر پاڵاوتنی پەرلەمانی کوردستانو بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی».

دوای دووساڵ لە دەرچوونی تائێستا ئەو یاسایە جێبەجێنەکراوەو هاوکات پەرلەمانتاران بەپێویستی دەزانن پەرلەمان بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بکات.

د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەرکی پەرلەمانە کە دووساڵ پێش ئێستا یاسای دیوانی چاودێریی دارایی دەرکردووەو بەدواداچوون بۆ ئەو یاسایە بکات، کە بۆچی تائێستا جێبەجێنەکراوەو لە کوێدا کەموکوڕییەکانی بینی یان ئەگەر ئەو دەزگایانە یەکیاننەگرتەوە، هەڵوێستی خۆی دەرببڕێتو خەڵکی کوردستانی لێ ئاگاداربکاتەوە، چونکە ئەگەر پەرلەمان بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبسێتو چاودێریی کارەکانی حکومەت بکاتو فشار لەسەر حکومەت بکات، ئەوا ئەو دامودەزگایانە یەکدەگرنەوە.

بە بۆچوونی عومەر عەبدولڕەحمانی پەرلەمانتار؛ لەگەڵ ئەوەی یەکێک لە کارەکانی پەرلەمان یاسادەرکردنە، بەڵام کارێکی دیکەی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکانە، «پێویستە لەئێستاوە پەرلەمان لە جێبەجێنەکردنی یاسای دیوانی چاودێریو یەکنەگرتنەوەی ئەو دوو دەزگایە بپرسێتەوە».

بە بڕاوی چاودێران یەکنەخستنەوەی دەزگاکانی چاودێریی دارایی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دەیەوێت بودجەی هەرێم بەشێوەیەکی ناشەفافو تاریک خەرج بکرێت.

ئیسماعیل سەعید، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: چەند ساڵێکە کوردستان تووشی کێشەی سیاسەتی ناڕۆشنیی بودجەو دارایی بووە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەشێوەیەک کە یەکێتیو پارتی لە رابردوودا سەروەتو سامانی ئەم هەرێمەیان بۆ خۆیان تەخشانو پەخشان کردووەو ناهێڵن هیچ میکانیزمێک کە بیەوێت وردبینیی لە بودجەدا بکات دروستببێت،.

ئەحمەد وەرتێش، پێیوایە؛ یەکێک لەو ئاسەوارە خراپانەی کە کەشوهەوای دوای شەڕی ناوخۆ دروستیکرد دووئیدارەیی بوو، یەکنەگرتنەوەی هەردوو دەزگای دیوانی چاودێریی داراییو چەند دەزگایەکی دیکە یەکێکە لە ئاسەوارەکانی ئەوشەرە».

هاوکات عومەر عەبدولڕەحمان رایگەیاند «یەکنەگرتنەوەی ئەو دوو دەزگایە شتێکی خراپەو هۆکارەکەیشی لە رابردوودا یەکنەگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی بوو، چونکە ئێمە لە رابردوودا هەر بە دووئیدارەیی ژیاوین».

وەک لە مادەی چوارەم ئاماژەی پێدەکات، ئامانجی سەرەکیی دیوانی چاودێریی دارایی بریتییە لە پارێزگاریکردن لە موڵکو ماڵی گشتیی لە رێگەی پیادەکردنی چاودێریکردنێکی کاریگەرانە، بەڵام بە وتەی چاودێرانو شارەزایانی ئابووریی تائێستا دووئیدارەیی هۆکاربووە بۆئەوەی ئەو دەزگایە رۆڵی خۆی نەبینێت.

ئەیوب سماقەیی، مامۆستای ئابووریی لە زانکۆی سەلاحەدین پێی وایە تائێستا دەزگای چاودێریی دارایی نەیتوانیوە رۆڵی تەواوەتی ببینێت، چونکە «تائێستا لە کوردستاندا ئیدارەیەکی سیاسیی حکومیی نەبووەو ئیجرائات بەرامبەر گەندەڵکاران نەکراوە». وتیشی پێویستە ئەو دەزگایە کارابکرێتو کەسانێکی بێلایەنو شارەزا دابنرێن»

**«ئەرکی پەرلەمانە کە دووساڵ پێش ئێستا یاسای دیوانی چاودێریی دارایی دەرکردووەو بەدواداچوون بۆ ئەو یاسایە بکات، کە بۆچی تائێستا جێبەجێنەکراوەو لە کوێدا کەموکوڕییەکانی بینی یان ئەگەر ئەو دەزگایانە یەکیاننەگرتەوە، هەڵوێستی خۆی دەرببڕێتو خەڵکی کوردستانی لێ ئاگاداربکاتەوە»**

# داوا لە دەسەڵات دەکرێت توندوتیژیی‌و تەزویر لە هەڵبژاردن دووربخاتەوە

راپۆرتی، شارا عەبدولڕەحمان

**دەزگای هەڵبژاردنی گۆڕان: داواکارین ئەمجارە کۆمسیۆن لێپێچینەوەی باشتر بکات**

**دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو: پێویستە قەوارە سیاسییەکان لەسەر ئەو پەیمانەی خۆیان بەردەوام بن**

**دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵ: داواکاریمان پێشکەشی کۆمسیۆن کردووە، تا ڕێوشوێنی گونجاو بۆ ڕێگرتن لە خروقات بگرنەبەر**

**دەزگای هەڵبژاردنی سۆسیالیست: جەختدەکەینەوە لەسەر بە ئاشتی بەڕێوەچوون‌و نەزیهی هەڵبژاردن**

لە سەروبەندی دەستپێکردنی وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ژمارەیەک لە لیستە کوردییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، داوا دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم، هەڵەکانی رابردووی لە تەزویرکردن‌و هێرشکردنە سەریان دووبارە نەکاتەوەو بەپێویستی دەزانن دەسەڵات سوودی لەو عەیبانە وەرگرتبێت کە بەهۆی ئەو کارانەیەوە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا هاتبووە سەری.

بەپێی راگەیاندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بریارە لە ٧ی ئەم مانگەوە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ماوەی ٢٦ رۆژ دەستپێبکات‌و لیست و قەوارە سیاسییەکان دەستبکەن بە بانگەشەکردن بۆخۆیان.

ئارام شێخ محەمەد، بەڕێوەبەری دەزگای هەڵبژاردنی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە ئەو رێنماییانەی کۆمسیۆن لەبارەی رێوشوێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە دەریکردوون، جێبەجێیان بکات‌و داواکاریشین کە ئەمجارە کۆمسیۆن بتوانێت لێپێچینەوەی باشتر لەسەر ئەو حاڵەتانە بکات کە روودەدەن، چونکە پێمانوایە، کە ساختەکردن لە هەڵبژاردندا کارێک نییە تەنیا لە رۆژی هەڵبژاردندا رووبدات، بەڵکو پێشتر کاری بۆ دەکرێت‌و رۆژی هەڵبژاردن جێبەجێدەکرێت».

بۆ هەمان مەبەست بەشیر محەمەد، سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پێیوایە، بەهۆی ئەوەی کە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە، دەبێت بە رۆحێکی دیموکراسیشەوە لایەنەکان بچنە ئەو پرۆسەیەوە، وتیشی: «بەهۆی ئەوەی کە سەرۆکی قەوارەسیاسییەکان پەیماننامەی ئاکاریان ئیمزاکردووە بۆ هەڵبژاردنێکی ئارام‌و بێگەرد، پێویستە لەسەر ئەو پەیمانەی خۆیان بەردەوام بن».

لەهەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی کوردستان لیستی دەسەڵات تەزویرو توندوتیژیی لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆن ئەنجامداو بووە هۆی عەیبدارکردنی پرۆسەی سیاسیی هەرێم.

سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو، وتی: «پێمانوایە کە دەسەڵاتی کوردی، بەو هەڵانەی لە رابردوودا بەرامبەر ئێمە کردوویانە، عەیبداربوون‌و نیشانەی پرسیاری لەسەر دەسەڵات‌و پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمیشدا دروستکرد».

جگەلە داواکارییەکانیان لە دەسەڵات، لایەنەکانی بەشداری هەڵبژاردن بەپێویستیشی دەزانن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش رێنماییەکان‌و بریارەکانی خۆی جێبەجێبکات.

زانا رۆستایی، سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە کوردستان، بە رۆژنامەی وت «داواکاریمان پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵا کردووە، بۆئەوەی بتوانن رێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ رێگرتن لە خروقات، تا لەو رێگەیەوە بتوانین پاکێتیی هەڵبژاردنەکە بپارێزین».

ئارام شێخ محەمەد سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی گۆڕان بە رۆژنامەی وت: «پێویستە حکومەتی هەرێم داموەدەزگاکانی رابسپێرێت کە بێلایەنانە هەڵسوکەوت بکەن‌و مەسافەیەک دوورتر لە هەڵبژاردن بووەستن، چونکە ئەگەر توندوتیژیی رووبدات، ئەوا بەپلەی یەکەم، دەسەڵات‌و حیزبە بەشدارەکانی حکومەت لێی بەرپرسیارن».

حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان کە لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەکات، چاوەڕوانی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن‌و ئاماژە بەوەدەکەن کە خۆیان بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکردووە.

ئەحمەد محەمەد، لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی سۆسیالیست بە رۆژنامەی وت: «راستە لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیداین‌و هەوڵدەدەین بۆ سەرخستنی لیستەکە، بەڵام لە راگەیاندنەکانمانەوە تەئکیدی زیاتر لەسەر بەئاشتی بەڕێوەچوون‌و نەزیهی هەڵبژاردن دەکەین».

هەروەها فەتاح زاخۆیی لە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێیوایە، کە پاکێتی‌و دیموکراسییەتی هەڵبژاردنەکە دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەنەکان، وتیشی «پێویستە کۆمسیۆن چاودێرییەکی باشی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بکات‌و ئەو سکاڵایانەی بۆی بەرزدەکرێنەوە، بەبایەخەوە کاریان لەسەربکات‌و سزای لایەنەکان بدات لەکاتی هەر خروقاتێکدا».

# جەبار یاوەر: حیزبەکان هێزی چەکداریان نامێنێت

رۆژنامە

**لە یەکگرتنەوەی هێزەکانی فەلەک‌و فەرماندەیی لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا، هێزی حیزبەکانی دیکەش یەکدەخرێنەوە، ژمارەی پێشمەرگەش دەکرێتە (٧٦) هەزار، کە پێشتر لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق لەسەری رێکەوتبوون.**

هەرچەندە بە وتەی ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، حیزبەکانی وەک بزووتنەوەی ئیسلامیی‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو چەندساڵێکە هێزی چەکداریان نەماوە، زەحمەتکێشان‌و سۆسیالیست هەریەکەو یەک فەوجی سەر بە فەرماندەییان هەبووە، حیزبی شیوعیش ژمارەیەک هێزی هەبوو لە چوارچێوەی هێزەکانی فەلەکی پارتیدا بوون.

سوبحی مەهدی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد؛ حیزبەکەیان هێزی پێشمەرگەیان نەماوەو لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدان، داواشدەکەن ئەو پێشمەرگانە لە بیرنەکرێن کە خەباتیان کردووە.

لە بەرامبەردا جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، پێیوابوو؛ هیچ حیزبێک هێزی نەماوە وەک جاران، هێزەکانی ئەو حیزبانە لە چوارچێوەی هێزەکانی فەرماندەیی یان فەلەکدا بوون، جگە لەوانەی پاسەوانیی بارەگاکانیان دەکەن، ئەوانەش پۆلیسن‌و سەر بە وەزارەتی ناوخۆن.

### وەزارەتی پێشمەرگە دوو باڵە

لە ئێستادا تەشکیلەی وەزارەتی پێشمەرگە دوو باڵە، باڵێکی مەدەنیی‌و باڵێکی سەربازیی، باڵە مەدەنییەکەی کە ئەمینداری گشتیی هەیە، (٧) بەڕێوەبەرێتیی گشتیی‌و (٤) بەڕێوەبەرێتیی دیکەی هەیە، ئەمانە کارە مەدەنییەکانی وەزارەت لە مەسەلەی خانەنشینیی‌و یاساو دادگاو کەمئەندامەکان‌و ژمێریاریی‌و چاودێری دارایی‌و گرێبەستەکان بەڕێوەدەبەن.

باڵێکی دیکە کە پێیدەوترێت سەرۆکایەتی ئەرکان، هەموو یەکە سەربازییەکانی پێوەبەستراوە، واتە هێزەکانی فەرماندەیی‌و فەلەک کەیەکدەخرێن لە شێوازی لیوا، ئەو لیوایانەش سەر بە سەرۆکایەتی ئەرکان دەبن.

### چوار لیوا پێکدەهێنرێت

لە تێکەڵکردنەوەی یەکەکانی فەرماندەییدا، (٤) لیوا پێکدەهێنرێت، هەروەک جەبار یاوەر دەڵێت: «ئەم (٤) لیوایە وەک هەنگاوی یەکەم لە گەرمیان‌و ناوچەکانی قەرەهەنجیرو قادرکەرەم‌و هەتا دەگاتە ئاڵتون کۆپری، لەوێشەوە تا دەگاتە ئاسکی کەلەک‌و لەوێشەوە تا دەگاتە ناوچەی شەنگال، پێکدەهێنرێن، کە لە مانگی شوباتەوە لە رووی مووچەو فەرماندەیی‌و کارگێڕییەوە دەبەسترێنەوە بە وەزارەتی پێشمەرگەوە».

میلاکی هێزی پێشمەرگە کراوەتە (٧٦)هەزار کە پێشتر لەساڵی (٢٠٠٧) لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق لەسەری رێکەوتوون‌و وەک لیوا جەبار ئاماژەی پێکرد، ئەو ژمارەیەش میلاکی هەموو پێشمەرگەیە بە وەزارەت‌و هەیئەتەکانەوە، ئەو پێشمەرگانەشی کە مەرجی سەربازیی نایانگرێتەوە، یان کەمئەندامن، بەپێی یاسای خانەنشینی وەزارەتی پێشمەرگە خانەنشین دەکرێن.

لیوا جەبار یاوەر ئەوەی رەتکردەوە، کە هێزەکانی فەلەک‌و فەرماندەیی وەک خۆیان بمێننەوە، تەنیا یەکگرتنەوەکە ئەوە دەبێت کە لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا بن‌و وتی: «ئەو یەکگرتنەوەیە تەواوەتی دەبێت، بەجۆرێک لە ئامر فەوجەوە دەیگۆڕێت تا خوارەوە، واتە وایلێدێت کە ئامر فەوج‌و جێگرەکەی‌و سریەکان‌و فەسیلە بچووکەکان هەمووی بەتێکەڵاویی لەنێوان فەرماندەیی‌و فەلەکدا بن نەک فەوج یان سریەیەک، کە (٣) فەسیلەن‌و هەمووی پارتی یان یەکێتی بن».

# کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەبارەی کێشەی کوردەوە سازدەکرێت

شاڵاو فەتاح

رۆژی (٣-٤)ی ئەم مانگە لە پەرلەمانی ئەوروپا، شەشەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی (یەکێتیی ئەوروپا - تورکیا)، سەبارەت بە کێشەی کورد، دیالۆگی سیاسیی دەبەسترێت.

ئەم کۆنفرانسە بە چاودێریی‌و پشتگیریی چەندین کەسی بەناوبانگی وەک نعۆم چۆمسکی نووسەری ناوداری ئەمریکاو جیهان، شیرین عەبادی خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی، یەشار کەمالی رۆماننووسی گەورەی تورکیاو لەیلا زانای سیاسەتمەداری بەناوبانگی کوردو چەندین کەسی دیکە دەبەسترێت.

ئەم کۆنفرانسە لەدوایین رۆژی خۆیدا ئاکامی وتووێژو مشتومڕی نێوان سیاسییە تورک‌و کوردو ئەوروپی‌و پرۆفیسۆرو پسپۆڕەکان دەخاتەڕوو، دواتر ئەنجامێک دەدات بەدەستەوەو وەک راپۆرتێک دەخرێتەڕوو، کە دەکرێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا سوودی لێببینرێت.

# دۆسیەی لابردنی فەرەج حەیدەری، دانەخراوە


هەستیار قادر

سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دۆسیەی گەندەڵییەکانی فەرەج حەیدەری‌و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، دانەخراوەو ئەگەر دەنگی پێویست هەبێت، ئەوا دوای هەڵبژاردن، ئەو دۆسیەیە دەوروژێنرێتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بە رۆژنامەی راگەیاند «تا ئێستا تاوانباربوون یان پاکییەتی فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە پەرلەمان یەکلایی نەبووەتەوەو ئەو دۆسیەیە بەهۆی رێکەوتنی نێوان لیستە بەهێزەکانەوە بێدەنگکراوەو ئەگەر زۆرە دوای هەڵبژاردن بوروژێنرێتەوە».

بێدەنگکردنی ئەم دۆسیەیە لەدوای ئەوەوە دێت کە کەریم یەعقوبی، پەرلەمانتاری حیزبی فەزیلە، (١٠٠) ئیمزای پەرلەمانتارانی بۆ لێپرسینەوە لە فەرەج حەیدەری‌و چەند ئەندامێکی کۆمسیۆن کۆکردەوەو دانیشتنێکی تایبەتیش لەو بارەیەوە سازدراو چەندین تۆمەتی جیاجیای خراپی ئەداو گەندەڵییان ئاراستە کرد.

لەوبارەیەوە سەباح ساعدی، سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند «دۆسیەی گەندەڵییەکانی کۆمسیۆنی باڵاو لابردنی فەرەج حەیدەری دانەخراوەو لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە بەردەوامەو ئەگەر زۆرە لە دوای هەڵبژاردنی ٣/٧ی پەرلەمانەوە، دووبارە ئەو دۆسیەیە بوروژێنرێتەوەو ئەگەر دەنگی پێویستیش هەبێت، متمانەی لێوەردەگیرێتەوە».



# کێ دەستی حیزب لەناو زانکۆکان دەبڕێت؟

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق



قسەکانی سەرۆکی حکومەت و وەزیری خوێندنی باڵا وەکو گوفتار جوان بوون، بەڵام داوامانکرد لەرەفتاریشدا رەنگبداتەوە

دەخالەتی حیزبەکان بۆ ناو حەرەمی زانکـۆو دامـــەزراوە زانستییەکان لە هەرێمدا بۆ چەند ساڵێک درێژدەبێتەوە، بەڵام پێدەچێت حیزبەکانی (پێکهێنەری حکومەت) گەیشتبنە ئەو بڕوایەی پێویستە لەم هەلومەرجەدا لەبەردەم زانکۆکاندا بووەستن.

(٢٠١٠/١/٩) د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی زانکۆو راگر کۆلێژو سەرۆک بەشەکانی زانکۆی سلێمانی کۆبووەوەو پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی بۆ زانکۆکان دووپاتکردەوەو ئـەوەی خستە روو «کابینەی شەش ئامانجیەتی گرنگی زیاتر بە زانکۆکان بـدات»، لەبەشێک لەوتەکەیدا بەرامبەر مامۆستایانی زانـکۆ بـەرهـەم ساڵح رایگەیاند: «کـاری گرنگ دەکـەیـن بۆ سەربەخۆیی زانکۆکان‌و دەستنەخستنە ناو کاروباری زانکۆ، بەشێوەیەک رێگەنادەین هیچ کەسێک زانکۆ بۆ مەرامی سیاسیی‌و بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت، ئێوەش هەولبدەن زانکۆکان وەک دامـەزراوەی زانستی سەیربکرێن‌و تێکەڵ بە بواری دیکە نەکرێت».

د. بـەرهـەم لـەو بـارەیـەوە داوای لەمامۆستایان کرد هاوکاریی حکومەت بکەن‌و رێگەنەدەن هیچ کەسێک دەست وەربداتە ناوکارەکانی زانکۆ، هاوکات لەدانانی پۆستەکانی زانکۆش بە پێویستی زانی پشت بەئاستی زانستیی‌و شارەزایی کەسایەتییەکان ببەسترێت، نەک پێوەرێکی دیکە.

هـەڤـاڵ ئـەبـوبـەکـر مـامـۆسـتـای رۆژنامەگەریی لەزانکۆی سلێمانی وتەکانی سەرۆکی حکومەت لەو کۆبوونەوەیەدا بە داگیرساندنی گڵۆپی سەوز بۆ ناوەندە زانکۆییەکان‌و گڵۆپێکی سوور لەبەردەم هەژموونی حیزبی ناودەبات‌و پێیوایە؛ ئەگەر کەسێک یان لایەنێک بڕیاریدابێت تیژڕەو بـڕوات‌و حساب بۆ ئاماژەکانی هاتوچۆ نەکات ئەو راگەیاندنە ناتوانێت رێـی لێبگرێت، واتـە دەکەوێتە سەر جولەو رۆیشتنی ئەوانەی دەڕۆن، ئەگەر بڕیاریاندابێت لەبەردەم ئەو گڵۆپە سەوزەدا بووەستن، سەد گڵۆپی تریشی بۆ دابنرێت ناتوانن بڕۆن، لێرەوە گرنگە حیزبەکان‌و کـادیـری حیزبەکان بـۆئـەوەی بەهای حکومەتەکەیان بپارێزن رێز لەبڕیارو بەڵێنەکانی حکومەت بگرن.

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری کارگێڕی، ئاماژە بەوەدەکات؛ دەسـتـێـوەردانـی حیزبی لـەنـاوەنـدە زانستییەکان مەسەلەیەکی ئیداریی نییە، کە تەنیا بەبڕیاری کەسێک جێبەجێبکرێت‌و هەموو لایەک پێیەوە پابەندبن، بەلکو پێویستی بەکاتەو دەکرێت ئەو هەوڵانە لە ئایندەدا بە ئامانجی خۆیان بگەن.

د.فاروق عەبدوڵڵا کەریم یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری کارگێڕیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەموو ئـەو هـەوڵانـەی هەیە بۆ سەربەخۆیی زانکۆکان‌و کەمکردنەوەی دەستی حیزب، دەکرێت وەک زەمینە خۆشکەرێک لێیان بڕوانرێت بۆ ئـەوەی لە ئایندەدا ئەو نەریتەی چەند ساڵێکە رەگو ریشەی لەناو دامەزراوەکانی حکومەت‌و زانکۆکاندا داکوتاوە سنووردار بکرێت‌و بەرەو نەمان بچێت، بەڵام لەواقیعدا نەهێشتنی دەستی حیزب لەزانکۆو دامەزراوە حکومییەکان پێویستی بەکاتەو بە رۆژێک‌و دوو رۆژ تەواو نابێت».

د.ئەنوەر ئەبوبەکر کەریم، سەرۆکی بەشی یاسا لە زانکۆی سلێمانی کە یەکێک بووە لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بە رۆژنـامـەی وت: «لـەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێ خاڵی گرنگیان خستووەتە بەردەم وەزیری خوێندنی باڵا بۆ باشکردنی کاری زانکۆکان، نەهێشتنی رۆتینات، زیادکردنی دەسەڵاتی راگـرو سـەرۆکی بەشەکان، جیاوازی نەکردن لەنێوان زانکۆکان‌و گەڕانەوەی ماف‌و ئیمتازانی مامۆستایان بە بێلایەنی، قسەکانی سەرۆکی حکومەت‌و وەزیری خوێندنی باڵا وەکو گوفتار جوان بـوون، بەڵام داوامانکرد لەرەفتاریشدا رەنگبداتەوە».

بەپێی قسەکانی سەرۆکی بەشی یاسا لەو بەرنامە نوێیەی، کە وەزیری خوێندنی باڵا بەناوی (کۆرس بووک)ەوە دەیەوێت لە وەزارەتـەکـەی رەچـاوی بکات، لە زۆربەی لاپەڕەکانیدا رەچاوی هاوسەنگیی سیاسیی‌و حیزبایەتی هەرێمی تێداکراوەو (قوتابی/ خوێندکار) بەیەکەوە هاتووە، ئەمەش لەرووی دارشتنەوە هەڵەیە، بۆیە لەو کۆبوونەوەیەدا بەوەزیری راگەیاندووە یەکێک لە دەستەواژەکان بەکاربهێندرێت، یـاخـود دەسـتـەواژەیـەکـی دیکـەی بۆ بدۆزرێتەوەو حیزبایەتی لەناو نووسراوو بڕیارەکانی وەزارەتدا کاریگەریی نەبێت. هەیمەنەی حیزبی بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتدا بە جۆرێک رەنگی داوەتـەوە ناوەندەکانی خوێندنیشی توشی نەخۆشی کردووە، بەجۆرێک حیزب سەرۆکی زانکۆو عەمیدی کۆلێژەکان‌و زۆرێک لە پۆستەکانی دیکە دادەنـێـت، کە بە پێی ستانداردی خوێندنی نێودەوڵەتی ئەو پۆستانە لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی زانستی دادەنرێت، نەک وەلاو دڵسۆزی بۆ حیزب.

هـەڤـاڵ ئـەبـوبـەکـر مـامـۆسـتـای رۆژنامەگەریی لە زانکۆی سلێمانی بەرپرسیارێتی ئەو دۆخەی لە زانکۆکان هەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ حیزبەکان‌و مامۆستایانی زانکۆو دەڵێت: «هەردوو لا زەمینەی دەستوەردانی حیزب لەکاروباری زانکۆیان سازاندووە، بەشێوەیەک بەشێک لەوانەی ناو زانکۆ پێیانخۆشبووە، ئەگەر حیزب دەستی نەهێنێتە ناو زانکۆ دەستی بگرن، لەلایەکی دیکەیشەوە خودی حیزبیش ئەمەی بەسەرکەوتنێکی گەورە زانیوە، کە کۆمیتەو ناوچەو ئۆرگانی حیزبی لەناو زانکۆکان هەبێت».

لـەبـارەی ئـەو پـرسـیـارەی چۆن دەتواندرێت مامۆستایانی زانکۆ رێگە لە شەپۆلی فراوانی بەرژەوەندیی حیزبەکان لەناو زانکۆکان بگرن؟ هەڤاڵ ئاماژە بەوە دەکـات مامۆستا مووچە لە حکومەت وەردەگرێت، نەک حیزب، لەسەر سیستمی خزمەتکردنی زانکۆی کە پەرلەمانی عێراق دەریـکـردووەو پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی کردووە، ئیش‌و کاری زانستیی خۆی دەکات‌و وتی: «سەربەخۆیی زانکۆکان لەسەر ئەوە وەستاوە تاچەند سەرۆکی زانکۆو راگرو سەرۆکی بەشەکان دەتوانن ئۆتۆنۆمی خۆیان‌و زانکۆکانیان بپارێزن، چەند دەتوانن دەستدرێژی خەلکی حیزبی لەناوەوەی زانکۆ ببڕن، کایە زانستییەکان ناکەنە قوربانیی دیدو بۆچوون‌و نامەی بەرپرسێکی حیزبی، مامۆستایان دەتوانن بەحیزبە سیاسییەکان بڵێن؛ نەخێر باهەلگری بیروبۆچوونی ئێوەش بین، بەڵام بۆ جوانکردنی بیروبۆچوونی ئێوە لە دەرەوەی زانکۆکان بووەستن».

د.فاروق عەبدوڵڵا، بڕوای وایە؛ ئێستا مامۆستایان، خوێندکاران، فەرمانبەرو خـەڵـک بەشێوەیەکی گشتیی داوای جـیـاکـردنـەوەی حـیـزب لـە حکومەت دەکەن، بۆیە ئەو مامۆستایانەی هەڵگری بیروباوەڕێکی حیزبەکانیشن دەیانەوێت زانکۆکان سەربەخۆبن، ئەمەش راهاتنە لەگەڵ بارودۆخێکی نوێ‌و بۆچوونێکی دیکە لە بەڕێوەبردنی ئیدارەدا، ئەگەر هەندێ خەڵک بەرگریش بکەن لە ئایندەدا تەسلیمی واقیعەکە دەبن.

# رۆژنامەنووسانی بێسنوور: لە کوردستانی عێراق، هەڕەشەو توندوتیژیی دژی رۆژنامەنووسە سەربەخۆکان زیاددەکات

راپۆرتی: شالاو فەتاح

لـە راپـۆرتـێـکـی رێـکـخـراوی رۆژنامەنووسانی بێسنووردا کە کۆتایی مانگی رابـردوو لە ژێر ناونیشانی (لە کوردستانی عێراق، هەڕەشەو توندوتیژیی دژی رۆژنامەنووسە سەربەخۆکان زیـاددەکـات)، بـاس لـە زیـادبـوونـی توندوتیژیی دژی رۆژنامەنووسان دەکرێت لەدوای هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموزی ساڵی پارەوە.

لـە راپـۆرتـەکـەدا هـاتـووە، رۆژنامەنووسانی بێسنوور، تێبینی زیـادبـوونـی پێشێلکردنی ئـازادیـی رۆژنـامـەنـووسـی‌و بەکارهێنانی توندوتیژیی دژی رۆژنامەنووسە ئازادەکان دەکات لـەدوای هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی (٢٥)ی تەمموزی(٢٠٠٩) وەو هـەردوو پارتە سیاسییەکەی کە کۆنترۆڵی ئەم هەرێمەیان کـردووە، دەستیان لەو پێشێلکارییەدا هەیەو زۆر کەیس بەم دواییانە دروستبوون.

دوایین کەیس بریتییە لە کەیسی رۆژنامەنووسی سەربەخۆ، سەباح عەلی قارەمان کە بووە ئامانجی هەوڵێکی رفاندن لە (١٩)ی مانگی رابردوو. سەباح دەڵێت: «کاتژمێر پێنجی ئێوارەبوو بە سەیارەکەم لە رێگابووم بـەرەو ماڵـەوە لەگەڵ هاورێیەکمدا، بینیمان جێبێکی خۆڵەمێشی کە چوار چەکداری دەمامک کردوی تێدایە بەدوامانەوەن». دواتر سەباح دەڵێت، «شۆفێرەکەم ناسییەوە کە ئەندامێکی کۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کاتێک دابەزین، زانیم دەیانەوێت بمرفێنن، بەڵام سەرمانلێشێواندن‌و هەڵهاتین». سەباح کە رۆژنامەنوسێکی تەمەن (٢٨)ساڵەو لە کفری دەژی، پێیوایە کە دەیانەوێت بیکوژن، چونکە بابەت لەسەر پارتی‌و یەکێتی دەنووسێت، سەباح لە بەرامبەردا، کاردانەوەی ئەوەبوو کە تا نەمرێت ناتوانن بێدەنگی بکەن.

ئـیـحـسـانـی مـــەلا فـوئـــاد کە رۆژنامەنووسی هەفتەنامەی ئاوێنەیە، یەکێکی دیکەیە لە کەیسەکان‌و کاتێک خەریکی توێژینەوە بووە بۆ ئامادەکردنی ستۆرییەک، لەلایەن پۆلیسی کفرییەوە دەستگیرکراوە، ئیحسان کاتێک تەلەفۆنی بۆ کۆمپانیایەکی کـارەبـا کـردووە، بەڵام بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە وەڵامی نەداوەتەوە، هەربۆیە ئیحسان بە موبایل نامەی بۆ نـاردووەو پێیوتووە کە ئەو رۆژنامەنووسەو چەند پرسیارێکی هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرەکە پۆلیسی ناردووەو دەستگیریان کردووە. ئیحسان دەڵێت، وەک تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم.

قـــادر نـــادر، رۆژنـــامـــەنـــووس‌و گۆشەنووسێکی سەربەخۆیەو بۆ چەند رۆژنامەو وێبسایتێک کاردەکات. بە گوتەی خـۆی لەلایەن ئەندامانی یەکێتی-لە سوید هەڕەشەی لێکراوە لەبەر بەشداریکردنی لە کۆنفرانسێکدا لە (١٧)ی ئەم مانگەدا لە ستۆکهۆڵم، ئەو بە رۆژنامەنووسانی بێسنووری وت، سکاڵای بەرزکردووتەوە لە دژی ئەوانەی کە هەڕەشەیان لێکردووە.

لە (٢٩)ی ئۆکتۆبەری ساڵی پاردا، نەبەز گۆران سەرنووسەری گۆڤاری کـوردی زمانی جیهان، لە هەولێر هێرشی کرایە سـەر. لە بەرامبەردا ئـەنـوەر حسێن، سـەرۆکـی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، راپۆرتەکەی بە «ناواقیعی» ناوبرد. ئەنوەر دەڵێت، کێشە لەنێوان دەزگاکانی پۆلیس‌و رۆژنامەنووساندا دروستبووە، بەڵام کەس نەرفێنراوە.

ئەنوەر بوونی کێشەی لەنێوان دەســـەڵات‌و رۆژنـــامـــەنـــووســـانـــدا رەتنەکردەوە، وتی «پێشێلکاریی لەنێوان دەســـەڵات‌و رۆژنامەنووساندا هەیەو ئەمە لە هەموو دنیادا وایە، نەک تەنیا لە کوردستان»، بەڵام دلگرانیی خۆی بە دەرچوونی راپۆرتەکە بەوشێوەیە دەربـڕی‌و وتی، حەقە وردتر بێت، من دەپرسم کـام لـەو رۆژنامەنووسانە رفـێـنـراوە؟ ئەنوەر حسێن لەبارەی وەڵامی راپۆرتەکەی رۆژنامەنووسانی بێسنوورەوە رایگەیاند کە ئـەوان راپۆرتێکی گشتی دەردەکـەن لەبارەی بـــارودۆخـــی رۆژنـــامـــەنـــووســـی لە کـــوردســـتـــان‌و تێیدا هـەمـوو شتێک ڕووندەکرێتەوە.

سەبارەت بە کاردانەوەی ئاسایشی سلێمانی وەک لایەنێکی بەرپرس لە هاوڵاتییانی پارێزگاکە، پەیوەندیمانکرد بە حاکم قادر، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە، حاکم قادر دوای ئەوەی روونـیـکـردەوە کە ئـەوان هاوکاری رۆژنامەنووسان‌و بێقانوونی لە کەس قبولناکەن، سووربوو لەسەرئەوەی، «ئـەگـەر یەکێک رفـێـنـراوە با سکاڵا تۆمار بکات»، چونکە ئەوان بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکـەن. دواتر حاکم قادر پێشێلکاریی دژی رۆژنامەنووسانی بەهەموو شێوەیەک رەتـکـردەوەو بە وتەی ئەو، ئەوان بەهەموو شێوەیەک ئیدانەی کاری لەوشێوەیە دەکەن‌و وتی، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە، هیچ رۆژنامەنووسێک نەرفێنراوەو ئەوە تەنیا پڕوپاگەندەیە.

## لەوديوی رووداو



مەم بورهان قانع

# هەڵبژاردن‌و گۆڕانی سیاسی

چەند رۆژێکی تر، هەڵمەتی بانگەشە هەڵبژاردنی داهاتوی پارلەمانی عیراق دەستپێدەکاو بۆ ئەمەیش، چەندین هەزار کاندیدی لیستە جیاجیاکانی بەشداربوی ئەم هەلبژاردنە، لەرکابەریدان بۆ بردنەوەی ئەو ٣٢٥ کورسییەی بۆ پارلەمانی داهاتوی عیراق دیاریکراون.

ئەوەی ئەم هەلبژاردنەی داهاتوی پارلەمانی عیراق لەهەلبژاردنەکانی پێشوی جیادەکاتەوە، سەرباری بونی فرە لیستی لەهەرێمی کوردستان بۆ چونە بەغداد، میکانیزمی هەلبژاردنەکەیە (وەک لەیاساکەدا هاتوە؛ کە نیمچە کراوەیە)و بەتایبەتیش لایەنەکانی چاودێرانی نێودەولەتی‌و ناوخۆیە بەسەر پرۆسەکەوەو چرکردنەوەی هەولەکانە بۆ بەرگرتن لەهەر پێشێلکاریی‌و ساختەکارییەک؛ کە هەولدەدرێت لەمبارەیەوە بکرێن.

پێشبینیدەکرێت، ئەمجارە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا جیاواز لەجارەکانی تر، گوتاری خۆی سەبارەت بەچۆنێتیی قبولکردنی دەرەنجامەکانی ئەم هەلبژاردنە رابگەیەنێ‌و بەوە ئێکتیفانەکات کە تەنها بانگەشەبکات بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردنێکی پاک‌و بێگەردو عادیلانە، بەلکو ئەمجارە پێدەچێ رستەیەکی تریش لەمبارەیەوە بۆ گوتاری ئەمریکا سەبارەت بەم هەلبژاردنە زیادبکرێت (وەکچۆن چاودێرانی سیاسی بەدوری نازانن) ئەویش ئەوەیە: هەر هەلبژاردنێک کە تیایدا ناعادیلانەبێ‌و ساختەکاری‌و خەوشداربێت، ئەمریکا ئەنجامەکانی قبول ناکات.

بـەگـوێـرەی ئـەو زانیارییانەیشی دەربــارەی کۆبونەوەکەی چەند رۆژی رابردوی «کریستۆفەر هێل»ی بالیۆزی ئەمریکا لەعیراق، لەگەڵ نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزوتنەوەی گـۆڕان لەهەرێمی کوردستان، دزەیانکردوە، «هێل» ستایشی بۆچونەکانی نەوشیروان مستەفای کـردوەو کۆبونەوەکەیش ئەنجامی باشی لێکەوتوەتەوە.

بەرپرسێکی سیاسیی بالیۆزخانەی ئەمریکا لەعیراق، کە دواتـر لەنانخواردنی نێوان وەفدەکەی ئەمریکاو نەوشیروان مستەفاو وەفدی «گـۆڕان»دا بەشداربوە، ئاشکرایکردوە: ئەم کۆبونەوەیە، لەکۆبونەوەکانی تری پێشوی بەرپرسانی ئەمریکا لەگەڵ بەرپرسانی باڵای بزوتنەوەی «گـۆڕان»دا، ئیجابیتر بوەو «کریستۆفەر هـێـل»یـش، بۆچونەکانی نـەوشـیـروان مستەفای بەهێندوەرگرتوەو ئەمریکایش، وەک ئەمری واقیع، مامەلە لەگەڵ بزوتنەوەی «گـۆڕان»دا دەکات‌و بەپێویستیشی دەزانـێـت؛ ئەمجارە لەعیراقدا (بێگومان بەهەرێمی کوردستانیشەوە)، هەلبژاردنێکی بێخەوش بکرێ‌و سەنگو قورسایی هێزەکان وەک خۆیان دەربکەون‌و جارێکی تریش، ئەمریکا راستەوخۆ مامەلە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا دەکات؛ کە سەنگو قورساییان لەهاوکێشەکانی سیاسیدا هەیە.

واتە، ئەمجارە ئەمریکایش جیا لەجارەکانی تر، لەرێی «کریستۆفەر هێل»ەوە، هاتوەتە سەر هێل‌و چاودێرێکی وردی پرۆسەی ئەمجارەی هەلبژاردنی پارلەمانی عیراق دەبێت، سەرباری ئەوەی دەیان ولات‌و هێزو رێکخراوەکانی نێودەولەتیش، هاوشانی کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی عیراق، چاودێریی ئەم پرۆسە دیموکراسی‌و بەشداریکردنە سیاسییەی هاولاتیان دەکەن..

گومانی تیا نییە، ئەمجارە هەلبژاردنی پارلەمانی عیراق، گۆرانکاریی لەهاوکێشەکانی سیاسیدا دەکات (وەک هەفتەی رابردو هەر لەم گۆشەیەدا ئاماژەم پێکرد)،و ئەم گۆرانکارییانە، هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە. بۆیە، چرکردنەوەی هەر هەولێکیش بۆ بەرگرتن لەهەر ساختەکارییەک (وەکچۆن لیستەکانیش بۆ خۆیان دەبنە چاودێر بەسەر یەکترییەوەو تەنانەت کاندیدەکانی نێو تاکە لیستێکیش، چاودێردەبن بەسەر کاندیدەکانی نێو لیستەکەیان‌و خودی لیستەکەیشیان، ئەمەیش بۆ بەرگرتن لەهەر ساختەکارییەک کە بۆ بەرژەوەندیی کاندیدێکی تری نێو لیستەکەیان بێت)، بارستایی هێزو پارتەکانی کوردستان ئاشکرادەکات‌و بەمەیش هەر گۆرانکارییەک لەپۆست‌و لەچۆنێتیی بریاردانی سیاسیداو چۆنێتیی بەشداریکردنی کورد لەبریاردانی سیاسیدا لەبەغداد، لەئەگەرە نزیکە چاوەروانکراوەکان دەبن.

هەربۆیە، ئەمجارە بەدور نازانرێت لە٣/٧ی داهاتودا، کە هاوکاتە لەگەڵ سالرۆژی راپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان لەسلێمانی، ئەمجارەیش راپەرینێکی تر، لەرێی دەنگدانی هاولاتیانەوە، سلێمانی‌و هەرێمی کوردستان بەگشتی بگرێتەوە،و گۆرانکاریی لەپێگەی سیاسیی هێزەکانی کوردستاندا لەبەغداد، دروستبکات.

# کەی حکومەت موڵکەکانی لە حیزب وەردەگرێتەوە؟



راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

ئەندامێکی لیژنەی نـەزاهـە لە پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانێت بەزووترین کات لیژنەکەیان پـرۆژەیـاسـایـەک ئـامـادە بـکـات بۆ لێسەندنەوەی ئەو موڵکو کەلوپەلانەی حکومەت، کە لەلایەن هەندێک کەس‌و لایەنەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، سـکـرتـێـری یـاسـایـی ئەنجومەنی وەزیرانیش دان بـەوەدا دەنـێـت کە تەجاوەزات بۆ سەر موڵکی دەوڵـەت بوونی هەیە.

حەمە سەعید حەمەعەلی، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، جەخت لـەوە دەکـاتـەوە کە موڵک‌و سەروەت‌و سامانی حکومەت دەبێت بۆ حکومەت‌و بەرژەوەندیی گشتیی بێت‌و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەگەر لایەنێک موڵک‌و بیناو کەلوپەلی حکومەت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، کارێکی ناڕەوایەو نایاساییەو زولمەو پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت‌و بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت.

حەمە سەعید لـەبـارەی ئەرکی لیژنەکەیانەوە بۆ رۆژنامە وتی: «ئێمە لە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بە بەڵگەوە بۆمان ئاشکرابێت کە لایەنێک دەستی گرتووە بەسەر موڵک‌و بیناو کەلوپەلی حکومەتدا لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکەین».

ساڵی رابردوو ئەنجومەنی وەزیرانی عـێـراق ئـەو لایـەنـە سیاسییانەی ئـاگـادارکـردەوە کـە مـوڵـک‌و بینای حکومەتیان بەکاردەهێنا یان دەستیان بەسەردا گرتبوو، کە لە بیناکانی دەوڵەت بچنە دەرەوەو چۆڵی بکەن، یان ئەگەر پێویستیان بەو بینایانەیە کرێ بدەن بە دەوڵەت.

حەمە سەعید حەمەعەلی بەپێویستی دەزانێت لیژنەی نەزاهە پڕۆژەیاسایەک بۆ پەرلەمانی کوردستان ئامادەبکات بۆ وەرگرتنەوەی موڵک‌و ماڵی حکومەت، ئەگەر لە هەر لایەکەوە دەستی بەسەردا گیرابێت، ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەگەر موڵکێکیش کردرابێت‌و لە تاپۆ کرابێت بەناوی حیزبێک یان شەخسێکەوە، پێویستە لـە تـۆمـاری خـانـووبـەرە یەکلاییبکرێتەوەو ئەگەر موڵکی حکومەت بوو بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەن ماف.

لـەلایـەکـی دیـکـەوە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەکۆتایی ساڵی رابردوودا بڕیاریدا لیژنەیەک لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هـەرێـم بـۆ چـارەسـەرکـردنـی ئەو زیادەڕۆییانە پێکبهێنێت کە لە قەزاو ناحیەکاندا هەیەو بەشێکی زۆر لە قەزاکان تاپۆیان نییە یان بەشێکی کەمی خانووی هاوڵاتییان تاپۆکراون، لەم لیژنەیەشدا وەزارەتی دارایی ئەندامەو بەدواداچوون بۆ موڵکەکانی حکومەت دەکات کە زیادەڕۆییان کراوەتە سەر.

لیژنەکەی ئەنجومەنی وەزیـران پێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی شـــارەوانـــیو گـەشـتـوگـوزارو ئاوەدانکرنەوەو دادو پیشەسازیی‌و بازرگانی‌و دارایی‌و کشتوکاڵ، بۆئەوەی لـەمـاوەیـەکـی کـەمـدا بەشێوەیەکی مەیدانیی دیـراسـەی ئـەو دیاریدەیە بکەن‌و راپۆرتێک ئامادەبکەن‌و بیخەنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیار لەسەردانی.

بایز تاڵەبانی، وەزیـری دارایـی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی پێشتریدا بە رۆژنامەی راگەیاندبوو: «هەر موڵکێکی حکومەت کە زیـادەڕۆیـی کرابێتەسەر، ئەوە موڵکی وەزارەتی داراییە، هەر موڵکێک لە کوردستان‌و عێراقیشدا کە موڵکی حکومەت بێت لـە تـاپـۆدا بـە نـاوی وەزارەتی دارایی عێراق‌و کوردستانەوە تـۆمـارە، هـەتـا ئـەو مـوڵـکـانـەی کە پەیوەستن بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە، بەناوی وەزارەتی داراییەوەیە».

بیناو موڵکەکانی حکومەتی عێراق لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا لەدوای راپەڕینەوە کەوتنە ژێردەستی هـەردوو حیزبی حکومڕان (یەکێتی‌و پارتی)و هەندێک لە حیزب‌و لایەنەکانی دیکە، بەشێکی زۆریش لەو موڵکانە گـەڕێـنـرانـەوە بـۆ دامـەزراوەکـانـی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام هێشتا ئەو لایەنانە هەموو موڵکەکانی دەوڵـەتـیـان بـۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەگەڕاندوەتەوە.

محەمەد قـەرەداغـی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیـرانـی هەرێمی کـوردسـتـان، ئاشکرایکرد، کـە ئەو پڕۆژەیاسایەی نەزاهە کە ئەنجومەنی وەزیـران ناردوویەتی بۆ پەرلەمانی کـوردسـتـان، ئـەو کێشە موڵکیانە چـارەسـەردەکـات کـە دەسـتـیـان بەسەرداگیراوە.

قەرەداغی باس لەوەشدەکات، کە سێ جۆر موڵکی دەوڵەت هەیە، موڵکی تایبەت‌و ئەمیری‌و موڵکی دەوڵـەت. وتیشی: «لـە هەرێمی کوردستاندا بەشێک لە موڵکەکانی دەوڵەت دراوە بە هاوڵاتییان‌و فەرمانبەران‌و بەدڵنیاییەوە زیادەڕۆیش کراوەتە سەر موڵکەکانی حکومەت».

لە ئێستادا هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە بڕیارێکی لەشێوەی بـڕیـارەکـەی ئەنجومەنی وەزیـرانـی عێراق هەیە بۆ وەرگـرتـنـەوەی ئەو موڵکانەی حکومەت کـە دەستیان بەسەردا گیراوە، وەک چۆن حکومەتی عێراق لایەنە سیاسییەکانی لە پارێزگای دیالە ناچارکرد لە بیناکانی حکومەت برۆنە دەرەوە، کە لەناویشیدا حیزبە کوردییەکانیش بەرکەوتن.

# ئەمساڵیش بەغدا بودجەی پێشمەرگە خەرج ناکات

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

لـەمـاوەی چـوار سـاڵـی رابـــردوودا نەتوانراوە بودجەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بخرێتە سەر سیستمی بەرگریی عێراق، بە بۆچوونی چاودێران ئەمساڵیش ناتوانرێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

جـەبـار یـــاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی دەستوور دەبێت بودجەی پێشمەرگە بەشێک بێت لە بودجەی سیادی سیستمی بەرگریی نیشتمانیی، هەرێمی کوردستان بۆی هەیە پاسەوانی هەبێت، هێزی پێشمەرگە نابێتە بەشێک لە سوپای وەزارەتـی بەرگریی، چونکە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەبێتە بەشێک لە سیستمی بەرگریی نیشتمانیی عـێـراق، هێزی پێشمەرگە ئەرکێکی سیادی جێبەجێدەکات، ئەویش (پاسەوانیکردنی هەرێمی کوردستانە)، لە میزانییەی ئەمساڵی عێراقدا باسلەوەدەکات؛ رێکەوتن لە نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا بکرێت.

بودجەی هێزی پێشمەرگە (پاسەوانی هـەرێـم) یەکێکە لە کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغداو چەند ساڵێک هەردوولا لە گفتوگۆدابوون بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسەو تائێستا بودجەی پێشمەرگە بە هەڵواسراویی ماوەتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە بودجەی ساڵانی (٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠)ی عێراقدا بودجەی پێشمەرگە بەشێک دەبـێـت لەبودجەی سیستمی بەرگریی.

سەباح بەیتوڵڵا شـوکـری، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ حکومەتی فیدراڵیی موماتەڵە دەکـات، هەرچەند پێشووتر (٥) لیژنە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێکهێنراوە، لە بەرامبەریشدا سـەرکـردایـەتـی کـورد هـەوڵـیـداوە بۆ چارەسەرکردن‌و چەندینجار سەردانی بەغدایان کردووە».

هەروەک جەبار یاوەر باسی لەوەکرد، تائێستا حکومەتی عێراق ئەو ئیلتیزامییەی خۆی بۆ پێشمەرگە جێبەجێنەکردووە، کە خەرجی‌و پێداویستی‌و مووچەیان بۆ دابین بکات.

هاوکات سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانیی کـوردسـتـان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، ئەوە دەخاتەڕوو؛ کە لەبودجەی چوار ساڵی رابـــردووی عـێـراقـدا، دەقێکی یاسایی تایبەت بە بودجەی پێشمەرگەیان داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەش گرنگە کەی ئەم دەقە یاساییە جێبەجێ دەکرێت؟، ئەوەش بەستراوەتەوە بە هەوڵی نوێنەرانی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقدا.

بە وتـەی سـیـروان زەهـــاوی، کورد دەتوانێت لە داهاتوودا بودجەی پێشمەرگە وەکو کارتێک بەرامبەر بەغدا بەکاربهێنێت‌و وتی: «لە سیاسەتدا مەرج نییە ئەو کارەی دەیکەین ئێستا بەرهەمی هەبێت، زۆرجار دەقی یاسایی ئەمڕۆ جێبەجێناکرێت، بەڵام دواتر جێبەجێدەکرێت، چونکە دەقی یاسایی لەگەڵ واقیعی سەنگ‌و هێزی تۆیە، ئێمە کۆمەڵێک کێشەمان لەگەڵ بەغدادا هەیە، بۆ نموونە رێـژەی دانیشتووانی هەرێم لە عێراقدا، کە (١٧٪) دانـراوە، ئەگەر لە سەرژمێریدا ئێمە لەو رێژەیە کەمتربووین قـەرزاری بەغدا دەبین، ئەو کاتە ئێمە بودجەی پێشمەرگە وەکو کارتێکی بەهێز بەرامبەر بەغدا بەکاردەهێنین».

بەوتەی جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان: پێدەچێت هەڵبژاردنی (٧)ی ئـازار نەخشەی سیاسیی عێراق بگۆڕێت: «بۆیە بەڕای من چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە ئاڵۆزو قورستر دەبێت، ئەگەر ئەمساڵ نەتوانرا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەو کاتە سەرکردایەتی سیاسیی کورد رایەکی دیکەی دەبێت».

هـــەروەک ئـەمـیـنـداری وەزارەتـــی پێشمەرگە رایگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ کۆتاییهێنان بەو پرسە، بەڵام تۆپەکە لە ساحەی حکومەتی عێراقدایە، دوای هەڵبژاردنیش هـەر حکومەتێک بێتە سەر حکوم، دەبێت پابەندبێت بە یاسای بودجەوە، بودجەی هێزی پێشمەرگەش لەنێو بودجەی ٢٠١٠دایەو دەتوانین داوای ئەو بودجەیە بکەین».



## جەلال جەوهەر:

# پاشەکشێی کورد لە بەغدا، نیشانەی شکستی نوێنەرەکانیەتی

سازدانی: رۆژنامە




**جەلال جەوهەر، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە کە بەشداربوونی کورد لە هەڵبژاردنی عێراقدا بە لیستی جیاواز، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی زیاتری دەسکەوتەنەتەوەییەکان و دەڵێت «تاقیکردنەوەی کورد لە بەشداربوونی بە یەکلیستیی لە پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی لە عێراق و کوردستان، شکستی گەورەی خواردووە».**

**لەبارەی دەنگوباسی گەڕانەوەی لایەنگرانی گۆڕان بۆ ناو یەکێتی، دەڵێت «ئێستا هەر بەمەشەوە نەوەستاون، رۆژانە کادیرو ئەندامانی نزیکی دەسەڵات بەوە فریودەدەن و دەستخەڕۆیان دەکەن کە فلان و فلان دەگەڕێنەوە بۆ ناو ریزەکانی (ی.ن.ک) و زۆرجار ئەو پروپاگەندەیە، تەنانەت بۆ منیش دەکەن.**

**رۆژنامە: تێڕوانینی بزووتنەوەی گۆڕان چییە بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەتایبەت لەبواری (ناوچە جێناکۆکەکان، پێشمەرگە، بودجە، نەوت و غاز ...)؟**

* عێراق دەستوورێکی هەیە بۆ هەموو خەڵکی عێراق، بە کوردستانیشەوە کە تیایدا رێوشوێنی داناوە بۆ هەریەک لەو کێشانەی مـادەی(١٤٠) رێگایە بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کێشەدارەکان. لای ئێمە لە کۆی ئەو چوار کێشەیە، مەسەلەی کەرکوک و ناوچەکانی تر، ئەولەوییەتیان دەبێت. ئێمە هیواداریـن دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە عێراق مەسئولیەتی خۆی بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکات. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ حوکمەتی فیدراڵیدا، هەموو رێگاکانی یاداشت، دانوستاندن، رێپێوان، خۆپیشاندان و رێگای دادگای فیدراڵی دەگرینەبەر.

**رۆژنامە: زۆرکـات بزووتنەوەی گۆڕان رەخنەی ئـەوە لە دەسـەڵات دەگرێت کە ئەوەندەی لە کەرکوک خەریکی حیزبایەتی بوون، ئەوەندە بەتەنگ خزمەتکردنی خەڵکی شارەکەو گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێم نەبوون، ئایا ئەم رەخنەیە بەرێزیشتان ناگرێتەوە، بەوپێیەی ماوەیەک لێپرسراوی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی بوون لە کەرکوک؟**

* ئـەوەی روویـدا لە کەرکوک و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە، سیاسەتی حیزبەکان بـوو لـە ئاستەکانی سـەرەوە، نـەک لە ئۆرگانەکانی ناو کەرکوکدا. ئەگەر حیزبەکان خۆیان پشتگیریی لەو سیاسەتی حیزبایەتییە نەکەن، ئۆرگانێک یان کادرێک ناتوانێت کاری لەم جۆرە بکات. ئەگەر حیزبەکان خۆیان پشتگیرییان لەو سیاسەتە نەکردبایە، دەیانتوانی و دەتوانن ئەو لێپرسراوانە بگۆڕن کە پشتگیریی سیاسەتی حیزبایەتی دەکەن.

من لە کەرکوک لەکاری سیاسی و حیزبی و ئیداریدا، پشتگیریی ئەو سیاسەتەم کردووەو دەکەم کە هەموو نەتەوەو ئاین و مەزهەبێک بتوانێت هەست بە بوونی خۆی بکات و رۆڵی دیاری هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری کەرکوکدا، دەسەڵاتەکان بەپێی دەستوورو بەپێی قەبارەی نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکان دابـەش بکرێن، بەجۆرێک هەموو لایەک هەست بکات کە هاوبەشی راستەقینەیە لە دەسەڵاتەکانی کەرکوکدا. ئەگەر کاروباری کەرکوک و ناوچەکە بەشێوەیەکی عادیلانە دابـەش بکرێت، ئەو کاتە بە دڵنیاییەوە شوێن و بوار بۆ عەقلیەتی تەسکی حیزبایەتی کەمدەبێتەوە.

من لە کەرکوک لێپرسراوی سیاسی و حیزبی بـووم، نـەک ئـیدارەو دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، بۆیە ئێمە تەنها هاوبەشین لە باش و خراپی بەرپرسیارێتیی سیاسی و کاری حیزبی لەو ماوەیەدا.

سکرتێری گشتی یەکێتی خۆی هەمیشە بەرپرسیاری یەکەم بووە لە کەرکوک و لە بەغدا، بەبیانووی ئەوەی کێشەی کەرکوک کێشەیەکی هەستیارە، کارکردن لەسەر کەرکوک وەک کارکردن لەسەر عەمەلیاتی مێشک وایە، لەبەرئەوەی بەغداش پایتەخت بووە ناوەندی بڕیاری عێراقی، بۆیە پێویست بـووە کەسایەتی یەکەم لە حیزبەکان بەشداربێت.

**رۆژنـامـە: بەشداریکردنی کـورد بە پەرتەوازەیی و فرەلیستیی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا زیان بە کورد ناگەیەنێت؟**

* شۆڕش و جوڵانەوەی کوردو گەلانی دونیا، ئەوەی سەلـماندووەو ساغکردووەتەوە کە تاقیکردنەوەی یەک حیزب و یەک فیکرو یەک بەرنامە لە شۆڕشدا، تاقیکردنەوەیەکی شکستخواردووە. لەسەردەمی حوکمڕانیشدا، تاقپکردنەوەی بەشداربوون بە یەک لیست لە هەڵبژاردندا لە ماوەی (٤-٥)سالی رابردوودا تاقیکردنەوەیەک بوو لە رووی ئامانجە گشتییەکان لە ئاستی عێراق و کوردستاندا، شکستی هێنا.

تاقیکردنەوەی کوردیش لەو ماوەیەدا، لە بەشدار بوونی بە یەکلیستیی لە پەرلەمان و حوکمەتی فیدرالی لە عێراق و لە کوردستان شکستی گەورەی خوارد.

پاشەکشێی کورد لە بەغداو مانەوەی کێشەو گرفتە سەرەکییەکانی، وەک کێشەی کەرکوک، نەوت و غاز، میزانییەو پێشمەرگە بەهەڵواسراوی و بەبێ چارەسەر، تەنانەت ئاڵۆزتربوون و زەحمەتتربوونی هەندێک لەو کێشانە، نیشانەی شکستی نوێنەرەکانی کورد لە بەغداو شکستهێنانی یەکلیستییە. هۆیەکەش ئەوەیە کە لە بەغداو لە ناوچە کێشەدارەکان، ئەوەندەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان بۆ حیزب و بۆ ناوو ناوبانگی کەسایەتییەکانی ناو حیزب کاریانکردووە، زۆر زۆر لەوە کەمتر بۆ مافە دەستوورییەکانی کورد کاریانکردووەو بەڵگەش زۆرە بۆ سەلـماندنی ئەو راستییەی سـەرەوە. لـەسـەردەمـی حکومەتەکەی د.عەلاویدا، هیچ جۆرە گرفت و بەرهەڵستیەک بوونی نەبوو لە بـەردەم جێبەجێکردنی مـادەی(٥٨) لە یاسای ئیدارەی دەولەتی عێراقی کاتی و مافە دەستوورییەکانی تردا، بێخەمی و گوێ پێنەدانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا نەبێت. لەسەردەمی حکومەتەکەی د.جەعفەریدا، خودی د.جەعفەری خۆی لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ وەفدی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغداو لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە قەلاچۆلان، لەبەردەم هەموو ئەندامانی (م.س)ی (ی.ن.ک)دا رایگەیاند کە: مەسەلەی مـادەی (٥٨)و کەرکوک و کێشەکانی تر، پەیوەندی بە نوێنەرەکانی کورد خۆیانەوە هەیە لە بەغدا، چونکە تا ئەمڕۆ هیچ وەزیرێک، هیچ یەکێک لەو نوێنەرانەی کورد موتابەعەی مافە دەستوورییەکانی کوردیان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا نەکردووە.

لـەسـەردەمـی حکومەتی مالیکیشدا، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە نووسراوی رەسمی و سێجار لەسەر یەک بە ژمارە (ق/٢/١/١٠٦/١٩٤٦٨ لە ٢٠٠٧/١١/٢٥)، ژمارە (ت.ع/٦٠٥٢ لە ٢٠٠٧/١٢/٩)و ژمارە (ت.ع/س/٤٦ لە ٢٠٠٨/٢/٢)دا، داوای لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی کەرکوک، سلێمانی، نەینەوا(موصل)، دیالەو سەلاحەدین کردووە کە رای خۆیان بدەن لەسەر:

١. گێڕانەوەی قەزاکانی چەمچەماڵ، کەلار، کفری و دووز بۆ سەر کەرکوک.

٢. گێڕانەوەی ناحیەی زاب بۆ سەر پارێزگای نەینەوا (موصل).

٣. سـەرلـەنـوێ کـردنـەوەی شـوان و قەرەهەنجیر بە ناحیە.

٤. گۆڕینی ناوی ناحیەی (ام المعارک) بۆ ناحیەی قەرەحەسەن و گۆڕینی ناوی ناحیەی (الملتقی) بۆ یایچی.

هەتا ئەمڕۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، سلێمانی و نەینەوا کە ئەوسەردەمە هەرسێکیان لە دەست زۆرینەی کورددا بوون، وەڵامی ئەو سێ نووسراوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیان نەداوەتەوە! ئیتر دەبێت بۆ گلەیی لە خەڵکی تر بکەین. دیارە جگە لەم بەڵگانە، بەڵگەی تریش زۆرن.

بەداخەوە، ئەوەی تا ئەمڕۆش زاڵە بەسەر عەقڵ و بیروڕای زۆربـەی سیاسییەکانی کورددا، ئەوەیە کە کەسایەتییەکان بەر لە هەموو شتێک بەرژەوەندی و ناوو ناوبانگی خۆیان لا گرنگترە، پاشان حیزب و دواجار میللەت و وڵات بە دوایدا دێن.

> **زیانگەیاندن بە میللەت و وڵات لە ئاستی کوردستان و عێراقیشدا، لەلای بەشێکی سیاسییەکان مەسەلەیەکی ئەوتۆ نییە. گرنگ ئەوەیە ئەو جۆرە سیاسییانە زیان بەر ناوو ناوبانگی خۆیان نەکەوێت**

ئەمڕۆ زیانگەیاندن بە میللەت و وڵات لە ئاستی کوردستان و عێراقیشدا، لەلای بەشێکی سیاسییەکان مەسەلەیەکی ئەو تۆ نییە. گرنگ ئەوەیە ئەو جۆرە سیاسییانە زیان بەر ناوو ناوبانگی خۆیان نەکەوێت، بۆیە لە ناو سیاسی، رۆشنبیرو..هتد، ژمارەی ئەوانە کەمن کە لەسەر زیانگەیاندن بە میللەتی کوردو کوردستان، هەڵوێستی راسەقینەو عەمەلی وەردەگرن و لەم روەوە هەڵوێستی ئەم دوایەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان جێگای تەقدیرە.

**رۆژنامە: کێ هەڵوێستی راستەقینە دیاری دەکـات، کاتێک کە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەونە مەترسییەوە؟**

*هێشتا لە کوردستاندا بەرەیەکی سیاسیی راستەقینە دروست نەبووە کە رەنگدانەوەی پێکهاتەی سیاسیی کوردستان بێت، هەروەها تا ئێستاش لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا بڕواو متمانەی تەواو دروست نەبووە تا یەکگرتووو یەکئامانج بن.

نارِوونی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتردا لە کاروباری حوکمڕانی و سیاسیی کوردستان و عێراق و مەسەلە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان و پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەولەتییەکانی، بە هۆی زاڵبوونی راو بەرژەوەندیی تاکە کەس و تاکە حیزب، بوونەتە هۆی ئەوەی لە کوردستانی عێراقدا دەسەڵاتەکان (پەرلەمان، حکومەت و قەزا) بەشێوەیەکی موئەسەساتی دروست نەبن و بە سەربەخۆیی کارنەکەن.

ئەگەر هەڵسەنگاندێکی هەمەلایەنەی رۆڵی کورد لە بەغداو ناوچە کێشەدارەکان بکەین، کورد لە هیچ یەکێک لەم دوو ناوچەیە سەرکەوتوو نەبووە. ئەمەش لەبەر کۆمەڵێک هۆو یەکێکیش لە هۆیە هەرە سەرەکییەکان، ململانێی توندی حیزبایەتی بووە لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا. لەم دوو ناوچەیەدا کورد هەم خیتابی جیاوازی هەبووەو هەم شێوازی جیاواز لە بەڕێوەبردنی ناوچەکاندا. نموونەی زۆر دیارو نزیک، هەڵوێستی جیاوازی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بوو، لە یاسای هەڵبژاردنی عێراق لە کۆتای سالی (٢٠٠٩)دا!

**رۆژنامە: ماوەیەکە باس لە گەڕانەوەی هەندێک لەکادیرو لایەنگری گۆڕان دەکرێت بۆ ناو ریزەکانی یەکێتی، بە رای ئێوە هۆکاری ئەو گەڕانەوەیە چییە؟**

١. گـۆڕان بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەو جوڵانەوەیەکی نوێیە لە کوردستان، هێشتا خۆی کۆنەکردووەتەوە بەشێوەیەکی رێکخراوەیی تاوەکو هەم ئۆرگان و هەڵسوڕاوو ئەندامی بە تەواوی دیاربێت و هەم پەیڕەوێکی پەسەندکراوی هەبێت لەلایەن کۆنگرەوە، بۆ مەبەستی گوێڕایەڵی.

٢. لیستی گـۆڕان لـە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا نزیکەی نیو ملیۆن دەنگی بەدەستهێناو ئەوانەی دەنگیان بە گۆڕاندا، هەموویان کادیری هەڵسوڕاوو ئەندامی مولتەزمی گۆڕان نەبوون، بەڵکو زۆربەی هـەرەزۆریـان دەنـگو لایەنگری دەنگدان بوون بە گۆڕان.

٣. بـۆیـە ئـەوانـەی لـە شـاشـەی تەلەفزیۆنەکانی (ی.ن.ک)دا دەردەکەون، یان دەریاندەخەن (لەگەڵ رێزو خۆشەویستی زۆرم بۆ هەموویان)، بە دەگمەن نەبێت، ئەگەر نا لە کوچەو کۆڵان و گەڕەکەکانی خۆشیاندا ناسراونین نەک لە ئاستی سیاسیی حیزبێک، یان ناوچەیەکدا. تەنانەت مەرج نییە ئەوانەی کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەردەکەون، هەر دەنگیان بە گۆڕان دابێت! تەنانەت شەوی (٢٩-١٢/٣٠و ٣٠-١٢/٣١)، ژمـارەیـەک لە کارمەندانی راگەیاندنی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، بە هەردوو بەشەکەیەوە، (ئاسمانی و ناوخۆییەکەی) داواکـران بۆ کۆبوونەوەیەک بە ناوی راگەیاندن لەگەڵ کارگێڕی مەکتەبی سیاسیدا کە پاشان لە هەواڵەکەدا وەک دەستەیەک لە گۆڕان لە قەڵەمدران!

٤. ئامانج لەم هەڵمەتەی راگەیاندن ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی (ی.ن.ک) کە لە بارێکی مەعنەویی و دەرونیی و سیاسی و حیزبی شکستخواردودان، هەموو شتێک بکەن بۆ ئـەوەی دڵـی خۆیانی پێخۆش بکەن، چونکە خنکاو پەلاماری پوشیش دەدات بۆ رزگاربوون! ئـەوان کاردەکەن بۆ پارێزگاریکردن لە نەڕوخانی ئەوانەی کە تا ئێستا مـاون، نەک بۆ گەڕانەوەی لەدەستچووەکان. ئەوان، ئەمڕۆ پێویستیان بە هەڵمەتێکی راگەیاندنی لەم جۆرە هەیە، بۆ راگرتنی ورەی ئەوانەی لەگەڵیاندا ماون، هەر لەبەرئەوەشە کە ئەمڕۆ پەنادەبەنە بەر سیاسەتی درۆبکە، درۆبکە هەتا بڕوات پێدەکەن.

٥. تەنانەت بەمەش نەوەستاون، رۆژانە کادیرو ئەندامانی نزیکی دەسـەڵات بەوە فریودەدەن و دەستخەڕۆیان دەکەن کە فلان و فلان دەگەڕێنەوە بۆ ناو ریزەکانی (ی.ن.ک)و زۆرجار ئەو پروپاگەندەیە، تەنانەت بۆ منیش دەکەن.

من هەموو لایەک دڵنیادەکەم کە ئێمە بە بڕوای تەواوەوە کاردەکەین بۆ بزووتنەوەی گـۆڕان و ئـەم دەسـەڵاتـەی هەیە بووەتە سەرچاوەیەکی زوڵم و بێدادیی و بێزاری و بێڕێزیی و بووەتە یەکێک لە سەرچاوەکانی گەندەڵی و سـەوداکـردن بە بە مەسەلە چارەنوسازەکان و بە ژیانی هاوڵاتییەوە لە کوردستان و لە عێراقدا. من رۆژی وازهێنانم و دابڕانم لەو دەسەڵاتە، بە رۆژی رزگاریی دەزانم بۆ خۆم و بە رۆژی گەڕانەوەم دەزانم بۆ بەرەی میللەتەکەم!

# د. بورهان یاسین: نابێت لە کوردستان تەنگ بە گۆڕان هەڵبچنرێتو نانبڕاوبکرێتو لە بەغدا داوای برایەتی لێبکرێت

سازدانی: رۆژنامە



**د.بورهان یاسین مامۆستای زانکۆی لوند لە سوید، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ «رۆژنامە»، کە درێژەدان بوو بەو لێکۆلینەوەیەی دەربارەی ( باشووری کوردستان دوای (٧/٢٥) ئەرزهەژی سیاسییو ئەگەرەکان بەرووی داهاتوودا، کە لە (٢٠٠٩/١٠/١٥) بڵاویکردووەتەوە، پێی وایە کە گۆڕان نەک هەردەبێت چاوی لەوەبێت، کە پەڵبهاوێژێت بۆ ئاستی عێراقیی، بەڵکو لە ئاستی کوردستانی مەزنو ئیقلیمییو جیهانیشدا ستراتیژو ناسنامەی خۆی بخەملێنێت، ئاماژە بەوەشدەکات گۆڕان دەتوانێت بە پارتیو یەکێتی بڵێت گۆڕان نابێت لە کوردستان تەنگی پێهەڵبچنرێتو نانبڕاو بکرێتو لە بەغدا داوای برایەتی لێبکرێت.**

**رۆژنامە: بۆچی پێویستە گۆڕان بچێتە بەغداو بەشداریی هەڵبژاردنی عێراق بکات؟**

* راستە بزووتنەوەی گۆڕان دەرهاویشتەی ئەو گلەییو گازندانەیە، کە لە ماوەی (١٨) سالی رابردوودا بەهۆی دەسەڵاتو سیستمێکی گەندەڵ بەرهەمهاتبوو، ئەو دەرهاوێشتەیەش، دەرهاویشتەی دوو دەنگ بوو، دەنگێکی نێو حیزبو دەنگێکی دەرەوەی حیزب، بەڵام لە (٧/٢٥)ەوە، کە گۆڕان نزیکەی نیو ملیۆن دەنگی هێنا، وەک هێزێکی سەرکەوتووی سیاسیی هاتە باشووری کوردستان، ئەمەش رووبەڕووی بەرپرسیارێتی دیکەی دەکاتەوە، کە روو لە بەغداو سیاسەتی کوردە بەرامبەر بە عێراق، گۆڕان ئەگەر فرسەتی مانەوەی هەبێت ئەوە بەوەدەبێت، کە خۆی بە خاوەنی هەموو ئاستەکانی سیاسەت بکات.

بۆ ئەوەی ئەو دەنگدەرانە تەنیا لەسەر یەک مەسەلە بۆخۆی رانەکێشێت، بەڵکو لەسەر گشت مەسەلەکان، گۆڕان نەک هەر دەبێت چاوی لەوەبێت، کە پەلبهاوێژێت بۆ ئاستی عێراقییو لە بەغدا نوێنەرایەتی کورد بکات، بەڵکو لە ئاستی کوردستانی مەزنو ئیقلیمییو جیهانییشدا ستراتیژو ناسنامەی خۆی بخەملێنێت.

گۆڕان ناتوانێت خۆی لە باشووری کوردستان قەتیس بکات، چونکە قەتیسبوونی لە باشووری کوردستان واتای خۆدزینەوەیە لە مەسەلە نەتەوایەتییەکان، بەرامبەر بە بەغداو بەرامبەر بەو مەسەلانەی رەهەندی کوردستانی مەزنو ئیقلیمییو جیهانی دەگرنە خۆ.

**رۆژنامە : چوونی گۆڕان بۆ بەغدا، تاچەند کاریگەریی لەسەر بەهێزبوونی پێگەی لە کوردستان دەبێت؟**

* چوونی گۆڕان بۆ بەغدا تەنانەت بە ژمارەیەکی کەمتر لەوەی گۆڕان خۆی پێشبینی دەکات، بە هێزبوونی پێگەی گۆڕانە لە کوردستان، چونکە ئەو کاتە (یەکێتیی، پارتییە) سیاسەتی نەتەوەیی نییە، گۆڕان ئەگەر بچێتە بەغداو ئەو خیتابە پیادە بکات کە کورد دەبێت وەک نەتەوە نوێنەرایەتی بکرێت لە بەغدا، نەک وەک چەند حیزبێکو بەرژەوەندیی نەتەوە لەبەرچاو بگیرێت، نەک پۆست بۆ چەند حیزبێک.

مەیدانی سیاسەتکردن بۆ خۆی فراوان دەکاتو بەمەش پارتیو یەکێتی دەبێت لە ئاستێکی دیکەوە حسابی بۆ بکەن،

لێرەوە گۆڕان دەتوانێت بە پارتیو یەکێتی بڵێت؛ گۆڕان نابێت لە کوردستان راوبنرێتو تەنگی پێهەڵبچنرێت و نانبڕاو بکرێتو لە بەغداش داوای برایەتی لێبکرێت، بەڵکو فۆرمەلەیەک پێشکەش بکات، کە برایەتی راستەقینە لە کوردستانەوە دەستپێدەکاتو لە بەغدا گوزارشت لەخۆی دەکات.

بە بۆچوونی من، چوونی گۆڕان بۆ بەغدا زیاتر لە دەرفەتێک بە گۆڕان دەبەخشێت، ئەمڕۆ شەقامی کوردی جگە لە گەندەڵییو سیستمی گەندەڵ کۆمەڵێک نیگەرانیی هەیە، مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان رووبەڕووی زۆر ترسو ئەگەرە، کە ئەو ئەگەرانە پێویستە کەسانێک هەبن خۆیان بە ساحێبی بزانن.

**رۆژنامە: چۆن گۆڕان بتوانێت ئەو جولەیەی لە مەیدانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەدەستی هێنا بیباتە ئاستی عێراقیش؟**

* گەندەڵیی سیستمی سیاسیی خۆی لە سیاسەتی کورد لە بەغداش دەبینێتەوە، خاڵی زۆر گرنگیش ئەوەیە، کە کۆمەڵانی خەڵک لەوە تێبگەن کە گەندەڵیی سیستمی سیاسیی خۆی لە سیاسەتی کورد لە بەغداش دەبینێتەوە، چونکە ئەوەی لە بەغدا دەکرێت سیاسەتی دوو حیزب

ئەمە بۆخۆی گۆڕانێکی چۆنایەتی دەبێت، کە گۆڕان دەتوانێت بیخاتە چوارچێوەی سیاسەتی خۆیەوەو بتوانێت ئەو جولەیەی لە مەیدانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەدەستی هێنا بیباتە ئاستی عێراقیش.

**رۆژنامە: گۆڕان هیچ مەیلێکی هەیە بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنی کوردی، یان لایەنی عەرەبی بەشدار لە حکومەتو پەرلەمانی عێراق؟**

* پێدەچێت گۆڕان ئەو مەسەلەیەی بۆ دوای هەڵبژاردنەکان هەڵگرتبێت، کە لەوەشدا گۆڕان بە تەنها نییەو رەنگە کۆمەڵێک حیزبو لایەن هەم لەلایەنی کوردستانییو هەم عێراقی ئەو باسەیان بۆ دوای هەڵبژاردنەکانو ئاشکرا بوونی ئەنجامەکان هەڵگرتبێت، چونکە ئەو ژمارانەی کە دەردەکەون لەئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە دەبنە پێگەی دیپلۆماسیکردن لەسەر ئەو ژمارانە، هەر بۆیە خۆبەستنەوە بە هەندێک چوارچێوەوە لەئێستاوە کارێکی باش نییە، لەدوای هەڵبژاردنەکان بیری لێبکرێتەوە باشترە ئەو گفتوگۆیانەش دوو جۆر دەبن، جۆرێکیان لەگەڵ لایەنی کوردیو ئەوی دیکە لەسەر ئاستی عێراقییە.

**رۆژنامە : لەماوەی رابردودا سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کردوو لەگەڵ پارتی و یەکێتی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشیان تاووتوێکرد، پێتوایە بۆ کورد کە ئاشکرایە ئەمجارە سەنگی لەبەغدا دادەبەزێت، لەئێستاوە خۆی بخاتە ناوهەربەرەیەکەوەو کارتەکانی خۆی ئاشکرابکات، ئایا کارێکی ئەقلانیانەو دروستە؟**

* کورد لە بەغدا (یەکێتیو پارتی) وا پیشانی دەدات، کە لایەنی شیعەی لێرەدا دەکرێت یەکێتی سەربکەوێت لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ لایەنی شیعی، یان هەرلایەنێکی عەرەبو بە پێچەوانەشەوە رەنگە درزێک بکەوێتە نێو هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەی کە لەگەڵ پارتی هەیەتی، بەو واتایەی کە ئەو پەیوەندیانەی ئێستا دروست دەبن، هەڵبژاردووە، چونکە دەبینرێت زیاتر مجامەلەی لایەنی شیعی دەکەن، لێرەشدا یەکێتی لەوکاتەی خۆی لە حیزبی دەعوە نزیک دەکاتەوە پارتی تارادەیەک خۆی دوور رادەگرێت هەربۆیە وا دەبینرێت، کە لەئایندەدا ئەم جۆرە پەیوەندییانە کاریگەریی لەسەر هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی دروست بکات.

هەربۆیە راگرتنی ئەو جۆرە هاوپەیمانێتیانە کاریگەریی دەبێت بۆ دوای هەڵبژاردن، نەک لەسەر ئاستی عێراقی، بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی گۆڕان لە ئاستی کوردستانیشدا رەنگدەداتەوە، رەنگە کاریگەریی بەسەر ئەو هاوپەیمانێتیانەش هەبێت، کە پێشتر لە کوردستاندا وەک هاوپەیمانێتی ستراتیژی بەرهەمهاتوون.

**رۆژنامە: ئامانج لە بەستنی هاوپەیمانێتی پێشوەختی پارتیو یەکێتی لەگەڵ لایەنە عەرەبەکان چییە؟**

* رەنگە ئەو تێزە راست دەربکەوێت، کە پارتیو یەکێتی لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان زۆر کات وەک حیزب رەفتار دەکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی حیزبیی، ئەمەش دەکەوێتە ئەوەی کە یەکێتی بۆ نموونە، دەخوازێت هێزی خۆی پیشانی پارتی بدات، نەک لە رێگەی ئەو دەنگانەی بە دەستی دەهێنێت لە بەغدا، بەڵکو لە رێگەی هاوپەیمانێتیکردن، کە لە راستیدا ئەوە دیپلۆماسییەتی هاوپەیمانیکردنە، کە دەکرێت شیرێکی دووسەربێت، سەرێک ئامانج بپێکێت سەرێکیش خۆی بپێکێت.

**رۆژنامە: تاچەند ئومێدی ئەوە دەکرێت، کە گۆڕان خوازان بەهەمان گرۆتینی هەڵبژاردنی (٧/٢٥) بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکەن؟**

* بەبۆچوونی من گۆڕان دەنگی زیاتر دەهێنێت لەم هەڵبژاردنە، چونکە لەدوای هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) هەڵبژاردنی پێگەی بوون بە ئۆپۆزسیۆن لەلایەن گۆڕانەوە بۆ خۆی هەڵبژاردنێکی ستراتیژیی زۆر راست بوو، کە دوای (١٨) ساڵ لە نەبوونی ئۆپۆزسیۆن، خۆت بکەیتە ئۆپۆزسیۆنو ئەو قوربانیانەی لە بوون بە ئۆپۆزسیۆنت دەکەوێتەوە قبولی بکەیت، ئەوا بە بۆچوونی من؛ ئەو متمانەیەی بە گۆڕان دراوە بەهێزی دەکات، لاوازی ناکات.

**رۆژنامە: پێتوایە گۆڕان بەشداریی حکومەتی عێراقی دەکات، یان هەر وەک ئۆپۆزسیۆنیش لە بەغدا کار دەکات؟**

* زووە بزانین لەسەر ئاستی عێراق گۆڕان چ ئیختیارێکی دەبێت، ئایا ئۆپۆزسیۆن هەڵدەبژێرێت، یان بەشدار دەبێت لە حکومەتی عێراقیدا، بە بۆچوونی من بەشداریکردن لە حکومەتی عێراقیی، ناکاتە هەمان ئەوەی کە بەشداریی بکەیت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە تۆ دەستنیشانی حکومەتی هەرێمت لەو ماوە دوورو درێژە وەک حکومەتێکی گەندەڵ کردووە، خۆشت وەک گرووپێکی سنووردار بە تواناکانتەوەو بە ئامانجی گۆڕانکاریی لە کاراکتەری ئەو دەسەڵاتە دەچێتە نێو دەسەڵاتەکەوە، ئەوا خەتەری ئەوە هەیە کە خۆت تووشی ئەو ناساغییە ببیت، لەبری ئەوەی بتوانی چارەسەری بکەیت، بەڵام لە بەغدا کێشەکان کێشەی نەتەوەییە، مەسەلەی گەندەڵییش، لەسەر ئاستی هەموو عێراق دەبێتە یەکێک لە سەرئێشەکان بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی نێو پەرلەمانی عێراق، نەک تەنیا بۆ گۆڕان، ئەوەی دەبێتە کاری ئەولەویەتی گۆڕان لە بەغدا مەسەلە نەتەوەییەکانە لەگەڵ پەیوەندی هەرێمو بەغدا.

دەبێت چاوەڕوانی ئەوەبین، کە ئایا گۆڕان دەتوانێت رێگەی ئەو بەرەوپێش چوونە نێگەتیڤانە بگرێت، کە چاوەڕوان دەکرێت، یان پشگیریی لەو پێشەوەچوونە پۆزەتیڤانە بکات، کە دیسان چاوەڕوان دەکرێن دوای هەڵبژاردنەکان رووبدەن.




**رەنگە ئەو تێزە راست دەربکەوێت، کە پارتیو یەکێتی لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان زۆر کات وەک حیزب رەفتار دەکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی حیزبیی**

# بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز له‌یادی شۆڕشی ئێراندا شۆڕش ده‌كات؟

ئا: شاڵاو فه‌تاح

له‌گه‌ڵ زیادبوونی گه‌ماڕۆو فشاره‌ ده‌ره‌كییه‌كان بۆ سه‌ر ئێران، فشاره‌كانی ئێرانیش بۆ سه‌ر ئۆپۆزسیۆنی ئه‌و وڵاته‌ زیادده‌كات. له‌سێداره‌دانی چه‌ند كه‌سێك هه‌رچه‌نده‌ بووه‌ هۆی ناڕه‌زایه‌تییه‌كی زۆر، به‌ڵام به‌ چاوترساندنی ئۆپۆزسیۆن داده‌نرێت، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی داننانی مه‌هدی كه‌ڕووبی به‌ حكومه‌ته‌كه‌ی نه‌ژاددا به‌ كشانه‌وه‌یه‌كی دیكه‌ی ئۆپۆزسیۆن داده‌نرێت. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئۆپۆزسیۆنی ئه‌و وڵاته‌ په‌یمانی چه‌ندین چالاكی چڕوپڕی داوه‌، له‌نێویاندا خۆپیشاندان‌و ده‌سه‌ڵاتیش تادێت توندتر وه‌ڵامده‌داته‌وه‌.



ئێرانییه‌كان له‌چاوه‌ڕوانی گۆڕاندان

### هه‌ڕه‌شه‌كانی سه‌ر ئۆپۆزسیۆن

ڕۆژی پێنجشه‌ممه‌ی ڕابردووحكومه‌تی ئێران ڕایگه‌یاند، كه‌ دوو كه‌س له‌سێداره‌ ده‌دات به‌تۆمه‌تی هه‌وڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران. ئه‌مه‌ش به‌ یه‌كه‌م كه‌یسی له‌وشێوه‌یه‌ داده‌نرێت له‌ دژی خۆپیشانده‌رانی دژی هه‌ڵبژاردنه‌وه‌ی ئه‌حمه‌دی نه‌ژادی سه‌رۆكی ئێستای ئه‌و وڵاته‌ جێبه‌جێبكرێت.

له‌سێداره‌دانی محه‌مه‌د ڕه‌زا عه‌لی زه‌مانی‌و ئاره‌ش ڕه‌حمانپوور به‌ زیادبوونی هه‌وڵه‌كانی ڕژێمی ئێران داده‌نرێت بۆ بێده‌نگكردنی ئۆپۆزسیۆنی ئه‌و وڵاته‌ له‌ڕێی دادگاكانه‌وه‌. زه‌مانی‌و ڕه‌حمانپوور له‌سێداره‌دران، چه‌ند ساتێك پێش ئه‌وه‌ی ئێران حوكمی سێداره‌ بۆ پێنج كه‌سی دیكه‌ به‌ تۆمه‌تی ده‌ستهه‌بوون له‌ پلانی بۆمبێكه‌وه‌ بۆ تێكدانی هه‌ڵبژاردنه‌كان ده‌ربكات.

نه‌سرین ستووده‌ی پارێزه‌ری ڕه‌حمانپوور، ترسی خۆی له‌و هه‌نگاوه‌ی ئێران به‌ له‌سێداره‌دانی ڕه‌حمانپوور ده‌ربڕی‌و پێیوابوو؛ جێبه‌جێكردنی هه‌نگاوێكی له‌وشێوه‌یه‌ به‌و خێراییه‌ ته‌نیا هه‌وڵی حكومه‌تی ئێرانه‌ بۆ بێده‌نگكردنی ئۆپۆزسیۆن. كۆشكی سپی‌و ئه‌منستی ئینته‌رناشناڵ له‌سێداره‌دانه‌كه‌یان ئیدانه‌كرد.

### مه‌هدی كه‌ڕوبی ئیعتیراف به‌ نه‌ژاد ده‌كات

مه‌هدی كه‌ڕوبی، كه‌ یه‌كێكه‌ له‌ سه‌ركرده‌ دیاره‌كانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران، ئیعتیراف به‌ حكومه‌ته‌كه‌ی ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد ده‌كات، هه‌رچه‌نده‌ تائێستاش له‌ هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ به‌گومانه‌، به‌ڵام كوڕه‌كه‌ی مه‌هدی كه‌ڕوبی ده‌ڵێت: باوكی له‌دوای قبووڵكردنه‌كه‌ی خامنه‌ئی ڕێبه‌ری ئێران، ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ی قبووڵكردووه‌. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا مه‌هدی كه‌ڕوبی پێیوایه‌؛ هه‌ڵبژاردنه‌كان پڕبوون له‌ ساخته‌كاریی‌و ئه‌ویش هه‌رگیز سازش له‌سه‌ر مافی خه‌ڵك ناكات. له‌ چاوپێكه‌وتنێكدا كه‌ڕوبی ڕایگه‌یاند: ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد پێش ته‌واوكردنی خولی ئاسایی خۆی، كه‌ چوار ساڵه‌، به‌هۆی لاوازیی باری ئابووریی ئێران‌و ئۆپۆزسیۆنه‌وه‌ ده‌ستله‌كارده‌كێشێته‌وه‌. پێشتر كه‌ڕوبی خۆی له‌ به‌كارهێنانی وشه‌ی «سه‌رۆك» بۆ ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد ده‌پاراست بۆ ئه‌وه‌ی شه‌رعییه‌تی ته‌واوی نه‌داتێ، به‌ڵام به‌پێی وته‌ی كوڕه‌كه‌ی كه‌ به‌ ئاژانسی هه‌واڵی فارس نیوسی ڕاگه‌یاندووه‌، «مادام خامنه‌ئی قبووڵیكردووه‌، ئه‌وه‌ منیش پێموایه‌ سه‌رۆكه‌».

### بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز و چالاكی نوێ له‌ شوباتدا

له‌ (١١)ی شوباتی ئه‌مساڵدا، كه‌ ده‌كاته‌ (٣١)ه‌مین ساڵڕۆژی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز خۆی بۆ ئه‌نجامدانی چه‌ند خۆپیشاندانێك ئاماده‌ده‌كات، له‌مباره‌یه‌شه‌وه‌ ڕۆژنامه‌ی كریستیان ساینس مۆنیته‌ری ئه‌مریكی له‌سه‌ر زاری یه‌كێك له‌ ئه‌ندامانی مه‌نفیكراوی بزووتنه‌وه‌كه‌وه‌ ڕایگه‌یاند: خۆپیشانده‌رانی ئێران هه‌ر له‌ هه‌فته‌ی داهاتووه‌وه‌ بۆ ئه‌و ئه‌ركه‌ كۆده‌بنه‌وه‌. ئه‌ندامانی بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز بۆ كۆبوونه‌وه‌ سوودیان له‌ تێكست مه‌سج‌و ڤیدیۆ كلیپ‌و مونته‌داكانی ئینته‌رنێت وه‌رگرتووه‌ بۆ بڵاوكردنه‌وه‌ی دروشمه‌كانی بزووتنه‌وه‌ی سه‌وزو بڕیاردان له‌سه‌ر خۆپیشاندان. خۆپیشانده‌ران به‌نیازن كه‌ ڕووبه‌ڕووی كامێرای ته‌له‌فزیۆنه‌ حكومییه‌كان (به‌بۆنه‌ی یادی شۆڕشه‌وه‌) ببنه‌وه‌و شیعاره‌كانی بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز به‌رزبكه‌نه‌وه‌. مه‌ترسیی دووباره‌ دروستبوونه‌وه‌ی توندوتیژیی هه‌یه‌، ئه‌مه‌ش دوای ئه‌وه‌ی خۆپیشاندانه‌كان له‌ یادی عاشوورادا خوێناویی بوون، هه‌ندێك له‌ ئه‌ندامانی مه‌نفیكراوی ئۆپۆزسیۆن ڕایده‌گه‌یه‌نن، كه‌ حكومه‌تی دینیی تاران چه‌ند وێبسایتێكی بزووتنه‌وه‌كه‌ی داخستووه‌، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی میدیای بیانیی بۆی نییه‌ ڕووماڵی ڕووداوه‌كان بكات.

### بلێر: ئێرانی (٢٠١٠) له‌ عێراقی (٢٠٠٣) ترسناكتره‌

تۆنی بلێری سه‌رۆك وه‌زیرانی پێشووی به‌ریتانیا، له‌كاتی توێژینه‌وه‌ له‌ دژی له‌سه‌ر جه‌نگی عێراق ڕایگه‌یاند: له‌باره‌ی چه‌كی كۆمه‌ڵكوژه‌وه‌ ئێرانی ساڵی (٢٠١٠) زۆر ترسناكتره‌ له‌ عێراقی (٢٠٠٣). بلێر له‌و توێژینه‌وه‌یه‌دا په‌شیمانیی ده‌رنه‌بڕی ده‌رباره‌ی بڕیاردانی جه‌نگ له‌ دژی عێراق‌و پێیوابوو؛ زۆربه‌ی هه‌ڵه‌كان له‌ ئه‌نجامدابووه‌و ئاكامی پێشبینینه‌كردنی چه‌ند ڕووداوێكی چاوه‌ڕواننه‌كراو بووه‌. له‌باره‌ی ئێران‌و په‌یوه‌ندییه‌كانی به‌چه‌ند گرووپێی تیرۆریستییه‌وه‌ بلێر مه‌ترسیی خۆی ده‌رباره‌ی ئه‌و وڵاته‌ ده‌ربڕی‌و پێیوابوو؛ ئێران به‌هێزترین سه‌رچاوه‌ی ناسه‌قامگیریی خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاسته‌. پێشترو هه‌ریه‌كه‌ له‌ كۆمیته‌ی په‌یوه‌ندییه‌ ده‌ره‌كییه‌كان‌و كۆمیته‌ی ئاسایشی نیشتمانیی له‌ په‌رله‌مانی ئێران، داوایان له‌ وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و وڵاته‌ كردبوو كه‌ په‌یوه‌ندییه‌كانی خۆی له‌گه‌ڵ به‌ریتانیا به‌ تۆمه‌تی ده‌ستێوه‌ردان له‌ كاروباری ناوخۆی ئێران بپچڕێنێت، له‌ به‌رامبه‌ردا مه‌نوچه‌هر موته‌كی، وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئێران، ڕایگه‌یاند: له‌ دۆخی ئێستادا له‌ چه‌ندین بواردا ئێران‌و به‌ریتانیا په‌یوه‌ندییان به‌هێزه‌و به‌ هه‌ریه‌كه‌ له‌و بوارانه‌دا ده‌چنه‌وه‌و بڕیاری كۆتایی ده‌ده‌ن. ده‌سه‌ڵاتدارانی ئێران هه‌میشه‌ به‌ریتانیا تۆمه‌تبارده‌كه‌ن به‌وه‌ی ده‌ستوه‌رده‌داته‌ كاروباری ناوخۆی ئێران به‌ یارمه‌تیدانی ئۆپۆزسیۆن، ئه‌مه‌ش له‌لایه‌ن له‌نده‌نه‌وه‌ ڕه‌تده‌كرێته‌وه‌.

### ئه‌مریكا گه‌ماڕۆكانی بۆ سه‌ر ئێران زیاتر ده‌كات

سیناتۆره‌كانی ئه‌مریكا پشتگیریی پڕۆژه‌یاسایه‌ك ده‌كه‌ن كه‌ ڕێگه‌ به‌ ئۆبامای سه‌رۆكی ئه‌مریكا بدات گه‌ماڕۆكانی سه‌ر ئێران زیاتر بكات، به‌ڵام گه‌ماڕۆ نوێیه‌كان بۆ ئه‌وانه‌ن كه‌ سووته‌مه‌نی ڕه‌وانه‌ی ئێران ده‌كه‌ن. ئه‌مه‌ش به‌ بڕینی پشتگیریی مادیی ئه‌مریكا بۆ ئه‌و كۆمپانیا نائێرانییانه‌ی كه‌ سووته‌مه‌نی ده‌گوازنه‌وه‌ بۆ پڕۆژه‌كانی ئه‌و وڵاته‌. له‌باره‌ی گه‌ماڕۆكانی سه‌ر ئێرانه‌وه‌، هیلاری كلینتۆن، وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریكا، ڕایگه‌یاند: گه‌ماڕۆكان بۆ سزادانی خه‌ڵكی ئێران نییه‌، به‌ڵكو نیازیانه‌ شێوازی حكومه‌تی ئێران له‌ گه‌یشتن به‌ ته‌كنه‌لۆژیای ناوكیی بگۆڕن. ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی ڕۆژی چوارشه‌ممه‌ی هه‌فته‌ی پێشوو باراك ئۆبامای سه‌رۆكی ئه‌مریكا سه‌ركرده‌كانی ئێرانی ئاگاداركردبووه‌ له‌وه‌ی كه‌ به‌ڵێنه‌كانیان پشتگوێخستووه‌ ده‌رباره‌ی پڕۆگرامی ئه‌تۆمی وڵاته‌كه‌یان.

**زانیارییه‌كانی ئه‌م ڕاپۆرته‌ له‌م سه‌رچاوه‌یه‌ وه‌رگیراوه‌:**
http://www.guardian.co.uk/world/2010/jan/24/china-us-iran-online-warfare

# هه‌ڵبژاردن، سریلانكا به‌ره‌و دیكتاتۆریه‌تی شه‌رعی ده‌باته‌وه‌

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامه‌

سریلانكا كه‌ دوورگه‌یه‌كی ئه‌وسه‌ری باشووری ئاسیایه‌و (٣١)كم خوار هیندستانه‌و نزیكیی ئه‌م دووانه‌ش، ته‌نیا نزیكی جوگرافی نییه‌، به‌ڵكو هیچ وڵاتێك له‌دنیادا هێنده‌ی هیندستان كاریگه‌ریی بۆ سه‌ر ئه‌م وڵاته‌ نییه‌، به‌تایبه‌ت دوای ئه‌وه‌ی ڕاسته‌وخۆو ناڕاسته‌وخۆ یارمه‌تی سریلانكایدا كه‌ شۆڕشی تامیله‌كان دابمركێنێته‌وه‌. له‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ئه‌م دواییه‌ی سریلانكادا (ماهیندا ڕاجاپاكسا)، سه‌رۆكی پێشووی ئه‌و وڵاته‌، توانی دووباره‌ ببێته‌وه‌ سه‌رۆك بۆ خولی دووه‌م‌و ماوه‌ی شه‌ش ساڵی داهاتوو له‌ ڕكابه‌ره‌كه‌ی خۆی (ساراس فۆنسێكا) كه‌ ژه‌نه‌راڵێكی هاوخه‌باتی خۆی بوو دژی جه‌نگی تامیله‌كان‌و هه‌رئه‌ویش بوو پلانی كۆتایی تامیله‌كانی دانا، بباته‌وه‌، به‌ڵام بردنه‌وه‌ی ڕاجاپاكسا كۆتایی به‌كێشه‌كان نه‌هێنا، به‌ڵكو فۆنسێكا ئاماده‌نییه‌ ئیعتیراف به‌ ئه‌نجامه‌كان بكات‌و ڕاجاپاكساش له‌ هه‌وڵی به‌رده‌وامی ده‌ستگیركردنیدایه‌.

### دوو هاوڕێ، دوو سیاسیی

ژه‌نه‌راڵ‌و سه‌رۆك دوو هاوڕێی كۆنی یه‌كتربوون‌و شانبه‌شان (٢٦)ساڵ شه‌ڕی قورسی تامیله‌كانیان كردو دواجار به‌پلانی فۆنسێكا توانییان شۆڕشی تامیله‌كان دابمركێننه‌وه‌، به‌ڵام دوای كۆتاییهاتنی ئه‌و كێشه‌یه‌، دوو ڕێگه‌ی جیاوازیان گرته‌به‌رو ژه‌نه‌راڵ په‌یوه‌ندیكرد به‌ ئۆپۆزسیۆنه‌وه‌و سیاسه‌تی خۆی به‌شێوه‌یه‌ك داڕشت كه‌ له‌ سوودی هیندستان بوو، به‌پێچه‌وانه‌ی سیاسه‌تی ڕاجاپاكسا كه‌ له‌ خولی پێشوو، چاوه‌ڕوانده‌كرێت له‌م خوله‌شدا له‌خزمه‌تی چیندا بێت. هه‌ردوو كاندید هیوایه‌كی زۆریان به‌ بردنه‌وه‌ هه‌بوو له‌ هه‌ڵبژاردنه‌ سه‌رۆكایه‌تییه‌كه‌دا، دواجار ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌كان له‌ سوودی ڕاجاپاكسای سه‌رۆكی پێشوو بوو.

### مه‌ترسیی له‌سه‌ر دیموكراسییه‌ت

ڕۆژی هه‌ینی پێشوو چاودێرانی هه‌ڵبژاردن‌و ڕێكخراوه‌كانی مافی مرۆڤ، ڕه‌خنه‌یان له‌ ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌كانی سریلانكا گرت به‌ تۆمه‌تی بوونی ساخته‌كاریی‌و كپكردنی فۆنسێكاو كۆمیته‌ی مافی مرۆڤی ئاسیا له‌ هۆنگ كۆنگ، ڕه‌خنه‌ی له‌وه‌ گرت كه‌ موڵكی حكومه‌ت له‌ خزمه‌تی ڕاجاپاكسادا به‌كارهاتووه‌و له‌مباره‌یه‌وه‌ ئه‌و گرووپه‌ وتیان، كێشه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئایا سریلانكا چیدی ده‌توانێت هه‌ڵبژاردنی ئازادو دادپه‌روه‌رانه‌ ئه‌نجامبدات یان نا. ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی، هه‌مان ڕه‌خنه‌ش له‌لایه‌ن كۆمسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌كانی ئه‌و وڵاته‌وه‌، ڕۆژێك پێش هه‌ڵبژاردن ده‌ربڕا.

هه‌رچه‌نده‌ هه‌ریه‌كه‌ له‌ ئه‌مریكاو هیندستان، پیرۆزبایی خۆیان ئاڕاسته‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ كرد، به‌ڵام فۆنسێكا ڕه‌خنه‌ی له‌ ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌كان گرت‌و ڕایگه‌یاند كه‌ ملیۆنان ده‌نگی فه‌وتێنراون‌و حسابنه‌كراون. له‌به‌رامبه‌ردا، حكومه‌ت ئیدانه‌ی ئه‌وهه‌ڵوێسته‌ی كردو فۆنسێكای تۆمه‌تباركرد به‌وه‌ی پلانی هه‌بووه‌ بۆ كوشتنی سه‌رۆك‌و له‌كارخستنی حكومه‌ت له‌ كوده‌تایه‌كی سه‌ربازییدا. ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی كه‌ حكومه‌ت لێپێچینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌یه‌كی ئۆپۆزسیۆندا كردووه‌و داوای له‌ ڕۆژنامه‌وانانی ڕادیۆی سویسرا له‌و وڵاته‌ كردووه‌ كه‌ سریلانكا جێبهێڵن، دوای ئه‌وه‌ی كه‌ پرسیاری زۆر هه‌ستیاریان ده‌رباره‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كان وروژاندووه‌. گرووپه‌كانی میدیا له‌و وڵاته‌، ڕه‌خنه‌یان له‌ حكومه‌ت گرت له‌دژی كاردانه‌وه‌ی خراپی به‌رامبه‌ر ڕۆژنامه‌نووسان‌و گرووپی ڕۆژنامه‌نووسانی بێسنوور، داوای له‌ ڕاجاپاكسا كرد كه‌ كۆتایی به‌ ده‌ستگیركردنی ڕۆژنامه‌نووسان بهێنێت. ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی كه‌ كۆمیته‌ی پاراستنی ڕۆژنامه‌نووسانی نیویۆرك، سریلانكای تۆمه‌تباركرد به‌ بوونی مێژوویه‌كی درێژ له‌ ده‌ستدرێژییكردنه‌ سه‌ر ڕۆژنامه‌نووسان‌و داوای له‌ سه‌رۆكی ئه‌و وڵاته‌ش كرد كه‌ ئه‌و شاڵاوه‌ ڕابگرێت.

### ده‌ستگیركردنی سه‌ركرده‌كانی ئۆپۆزسیۆن

له‌دوای هه‌ڵبژاردنیش، پۆلیس ده‌وری بینای فۆنسێكایان داو ڕۆژی هه‌ینی پێشووش پازده‌ كه‌سیان له‌ ستافه‌كه‌ی ناوبراو ده‌ستگیركردو ده‌ستیانگرت به‌سه‌ركۆمپیوته‌ره‌كانی ئۆفیسه‌كه‌یاندا، به‌ تۆمه‌تی پلاندانان بۆ ڕووخاندنی حكومه‌ت‌و به‌رپرسێكی حكومیش ئه‌و هه‌ڵمه‌ته‌ی پشتڕاستكرده‌وه‌، به‌ڵام ئاماده‌نه‌بوو درێژه‌ی هه‌ڵمه‌ته‌كه‌ باسبكات. هه‌رچه‌نده‌ پۆلیس بۆ ماوه‌ی پێنج سه‌عات به‌دوای ژه‌نه‌راڵدا گه‌ڕابوون، به‌ڵام نه‌یانتوانیبوو له‌و بینایه‌دا بیدۆزنه‌وه‌. فۆنسێكاش دوای ئه‌وه‌ی كه‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی دۆڕاند، داوای له‌ (٨٠)ئه‌ندامی هێزه‌كانی ئاسایش كرد كه‌ بیپارێزن، چونكه‌ له‌لایه‌ن حكومه‌ته‌وه‌ مه‌ترسی له‌سه‌ره‌و ڕاشیگه‌یاند كه‌ «ناوی له‌ لیستی ئه‌و كه‌سانه‌دایه‌ كه‌ نابێت وڵات جێبهێڵن»، ئه‌م بانگه‌شه‌یه‌ له‌لایه‌ن حكومه‌ته‌وه‌ ڕه‌تكرایه‌وه‌. فۆنسێكا، سووربوونی خۆی له‌سه‌ر ڕكابه‌ریكردنی ڕاجاپاكسا له‌ هه‌ڵبژاردنه‌ گشتییه‌كه‌ی ئه‌و وڵاته‌دا بۆ په‌رله‌مان دووپاتكرده‌وه‌.

### تامیله‌كان، قوربانییه‌كانی دوێنێ‌و ئه‌مڕۆ

هه‌رچه‌نده‌ هه‌ردوو سه‌ركرده‌ پێكه‌وه‌، جه‌نگی دژی تامیله‌كانیان كردو به‌رده‌وامیش بوون تا ڕووخاندنی شۆڕشه‌كه‌یان، به‌ڵام ده‌نگی ئه‌وان گرنگ بوو بۆ یه‌كلاكردنه‌وه‌ی ئه‌نجامه‌كان. تامیله‌كان كه‌ (١٢,٦٪)ی ئه‌و وڵاته‌ن، جگه‌ له‌ تامیله‌هیندییه‌كان كه‌ زیاد له‌ (٥٪)ی ئه‌و وڵاته‌ پێكده‌هێنن، نه‌یانتوانی كاریگه‌رییه‌كی ئه‌وتۆیان له‌سه‌ر ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌كان هه‌بێت، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر دوو هۆ. زۆرینه‌ی تامیله‌كان هه‌ردوو سه‌ركرده‌یان وه‌ك یه‌ك سه‌یرده‌كرد كه‌ جیاوازییه‌كیان نییه‌و سوودیان بۆ تامیل نییه‌، هه‌ندێك له‌ تامیله‌كان ده‌ترسان ڕوو له‌ سندووقه‌كانی ده‌نگدان بكه‌ن، به‌ڵام ئه‌وانه‌ی چوونه‌ به‌رده‌م سندووقه‌كانی ده‌نگدان، زۆرینه‌یان ده‌نگیان له‌دژی ڕاجاپاكسای سه‌رۆكی پێشوو دا.




## كشانه‌وه‌ی ئه‌مریكا

ڕۆژی (٢٥)ی شوباتی (٢٠٠٩) ڕووناكبیری عێراقی ئه‌یاد جه‌ماله‌دین، كه‌ كه‌سێكی عه‌لمانییه‌و ئه‌ندامی په‌رله‌مانیشه‌، به‌شداریكرد له‌ ئاهه‌نگی نانخواردن له‌ واشنتۆن، كه‌ له‌لایه‌ن په‌یمانگای ئه‌نته‌رپرایزه‌وه‌ ئاماده‌كرابوو، به‌تایبه‌تی مایكڵ ڕۆبن. له‌ وتاره‌كه‌یدا جه‌ماله‌دین وتی: «دره‌ختێكی دیموكراسیی له‌ عێراق چێنراوه‌، به‌ڵام هێشتا ڕه‌گه‌كانی له‌ زه‌ویدا نه‌چه‌سپیوه‌.»

ئه‌و ڕاستده‌كات، له‌كاتێكدا پرۆسه‌ی دیموكراسیی له‌ عێراقدا له‌ گه‌شه‌كردندایه‌، به‌ڵام چه‌ندین كۆسپ‌و ته‌حه‌دی ڕووبه‌ڕووی ده‌بێته‌وه‌ كه‌ ناهێڵن ڕه‌گی ئه‌و دره‌خته‌ له‌ زه‌ویدا بچه‌سپێت. دیموكراسی خۆی ده‌سته‌واژه‌یه‌كی نوێیه‌ بۆ عێراقییه‌كان، زۆربه‌ی پارته‌ گه‌وره‌ سیاسییه‌كانی عێراق له‌ كوردستانه‌وه‌ بۆ به‌سره‌ دیموكراتیی نین، له‌ولاشه‌وه‌ دراوسێ نادیموكراته‌كانی وه‌ك سووریاو ئێران له‌ هه‌وڵی تێكدانی سه‌قامگیریی عێراقن.

جه‌نگی عێراق له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌ندێك له‌ هۆكاره‌كانی بۆ بوونی چه‌كی كۆمه‌ڵكوژ بوو، به‌ڵام هۆكاری دیكه‌ بریتیبوو له‌وه‌ی كه‌ عێراق بتوانێت سیسته‌مێكی مۆدێرن‌و دیموكراسی بنیادبنێت له‌م هه‌رێمه‌دا، جه‌نگه‌كه‌ پڕ قوربانیی بوو، هه‌روه‌ها خه‌رجییه‌كی زیاد له‌ سنووری تێچوو، ئه‌وه‌ی لێره‌دا ده‌بێت بووترێت، پرۆسه‌ی دیموكراسیی له‌ عێراق به‌ستراوه‌ به‌ بوونی هێزه‌كانی ئه‌مریكا له‌سه‌ر خاكی ئه‌و وڵاته‌.

زۆربه‌ی پارته‌ گه‌وره‌ عێراقییه‌كان هێشتا تێنه‌گه‌یشتوون له‌ گۆڕینی ده‌سه‌ڵات به‌شێوه‌یه‌كی ئاشتییانه‌، كه‌ ئه‌مه‌ش پایه‌یه‌كی سه‌ره‌كیی دیموكراسییه‌. به‌ بێ بوونی هێزێكی بێلایه‌ن گرووپه‌ عێراقییه‌كان سوننه‌و شیعه‌و كورد، كه‌ خاوه‌نی میلیشیان ناتوانن پابه‌ندبن به‌ پرۆسه‌ی دیموكراسییه‌وه‌، كێشه‌كانی شیعه‌ سوننه‌ كورد عه‌ره‌ب مێژوویین‌و له‌ ئیسلام كۆنترن، ئه‌م كێشانه‌ش له‌ژێر كاریگه‌ریی وڵاتانی دراوسێدان. كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی ئه‌مریكا زه‌ره‌ره‌ بۆ به‌رژه‌وه‌ندییه‌ درێژخایه‌نه‌كانی ئه‌مریكاو ئازارێكی وه‌ك ڤێتنامی لێده‌كه‌وێته‌وه‌.

هه‌روه‌ها به‌پێی ڕێكه‌وتنی سۆفا، ده‌بێت ئه‌مریكا له‌كۆتایی (٢٠١١) بكشێته‌وه‌، كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانیش له‌مكاته‌دا به‌فیڕۆدانی قوربانییه‌كانی عێراقییه‌كان‌و ئه‌مركییه‌كانه‌. عێراق وڵاتێكی گرنگه‌و ناوچه‌یه‌كه‌ سه‌رچاوه‌ی وزه‌و تیرۆریزمه‌. به‌هێزبوونی دیموكراسیی له‌ عێراق، به‌هێزبوونی دیموكراسیی له‌ خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست‌و كوردستانی لێده‌كه‌وێته‌وه‌، ئه‌گه‌ر پرۆسه‌ی دیموكراسیی شكستبهێنێت، ئه‌وا دره‌خته‌كه‌ وشك ده‌بێت‌و ئه‌نجامی ئازاراویی به‌جێده‌هێڵێت له‌ ناوچه‌كه‌و ته‌نانه‌ت بۆ خه‌ڵكی كوردستانیش.

ئه‌مریكا له‌ نۆڤه‌مبه‌ری (٢٠١١) عێراق جێده‌هێڵێت، ئه‌و شته‌ی ته‌نیا بمێنێته‌وه‌ بریتییه‌ له‌ ڕێكه‌وتنی عێراق‌و ئه‌مریكا بۆئه‌وه‌ی داوا له‌ ئه‌مریكا بكات بنكه‌ی سه‌ربازیی بكاته‌وه‌ له‌دوای كشانه‌وه‌، ئه‌گه‌ر كاریگه‌ریی ئه‌مریكا به‌شێوه‌یه‌كی زۆر پێویستیش نه‌بێت، ئه‌وا ده‌بێت به‌شێوه‌یه‌كی كه‌م هه‌ر بمێنێته‌وه‌. ئۆپۆزسیۆنی كوردی پێویسته‌ بیر له‌ سه‌رده‌می دوای كشانه‌وه‌ی ئه‌مریكا بكاته‌وه‌، له‌پاڵ هه‌موو كارێكی ڕیفۆرمیی، ئۆپۆزسیۆنی كوردی ده‌بێت كه‌مپه‌ینیش بۆ مانه‌وه‌و دروستبوونی بنكه‌ی سه‌ربازیی ئه‌مریكا له‌ عێراق دروستبكات.

**ڕوونكردنه‌وه‌**

داوای لێبووردن له‌ هاوكارمان (بۆتان ئامێدی)و خوێنه‌ران ده‌كه‌ین بۆ ئه‌و هه‌ڵه‌یه‌ی له‌ ژماره‌ی پێشووداو له‌ گۆشه‌كه‌یدا ڕوویدا، به‌هۆی هه‌ڵه‌ی چاپه‌وه‌ مانای ڕسته‌یه‌كی گۆشه‌كه‌ی گۆڕابوو به‌ "داوه‌تنامه‌یه‌كی فه‌رمیی له‌ سه‌رۆك كه‌نه‌دییه‌وه‌ پێگه‌یشتبوو"، ڕاستی ڕسته‌كه‌ به‌مشێوه‌یه‌ "ئه‌گه‌ر داوه‌تنامه‌یه‌كی ڕه‌سمیی پێبگه‌یشتایه‌".

# دەستەی لێپرسینەوەو دادوەریی... پێکهاتەو ئەجێندا

راپۆرتی هەستیار قادر

بێبەشکردنی چەند پاڵێوراو و لیستێک لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادوەرییەوە لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، تیشکی تێبینییەکانی خستووەتە سەر ئەو دەستەیەو پێکهاتەو ئامانجەکانی، لەلایەک ئەمریکاو سوننەکان بە قەڵەمڕەوی ئێران لە عێراق وەسفی دەکەن‌و لەلایەکی دیکەشەوە شیعەکان بە دەستەیەکی یاساییو گرنگییەکی هەنووکەیی لەقەڵەمدەدەن بۆ دووبارەنەبوونەوەی مێژووی حوکمی بەعس لە عێراقدا.

## دەستەکە چۆن پێکهات؟

لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە (٩)ی نیسانی (٢٠٠٣)داو پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکم، کە ئەنجومەنێکی کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق بوو بە سەرپەرشتی ئەمریکا، یەکەم بڕیاری پۆڵ برێمەری سەرۆکی ئەوکاتەی ئەنجومەنەکە لە (١٦)ی هەمان مانگدا بریتی بوو لە ریشەکێشکردنی بەعس لە پێگەکانی دەسەڵاتی ئیدارییو سیاسیی عێراقداو لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەشدا دەستەی ریشەکێشکردنی بەعس بە سەرۆکایەتی ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی، دامەزرێنراو جگە لە کورد، نوێنەری زۆربەی لایەنە سەرەکییەکانی نێو ئەنجومەنی ئەوکاتەی حوکمی تێیدا بەشداربوو.

دەستەکە لە شەش بەڕێوەبەرێتیی پێکدێت، ئەوانیش (یاسایی، زانیاری، پەروەردەو رۆشنبیریی، دیوان، بەدواداچوون‌و جێبەجێکردن)ن.

## دەستەی باڵای نیشتمانی لە ریشەکێشکردنەوە بۆ لێپرسینەوە

یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی ژمارە (١٠)ی سالی (٢٠٠٨)ی پەرلەمان خالی کۆتایی دەستەی ریشەکێشکردنی بەعسی دیاریکرد، بەشێوەیەک کە یاساکە ناوی دەستەکەی لە ریشەکێشکردنی بەعسەوە گۆڕی بۆ لێپرسینەوەو دادپەروەریی، گۆڕینی ناوی دەستەکە لە رووی سیاسییەوە چەندین ئاماژەی جیاجیای تێدایە، بەوپێیەی بوونی دەستەیەک بەناوی ریشەکێشکردنی بەعس لە «رەگەوە» بەلای سوننەکانی پەرلەمانەوە قبووڵ نەدەکرا، کە باگراوندێکی بەعسییان هەیەو پێشتر لە ئەنجومەنی حوکمدا وەک پێویست بوونیان نەبووە، گواستنەوەی ئەو وشەیە لە سنوورێکی دیاریکراوەوە (بەعس) بۆ سنوورێکی بەرفراوانتری (سەرجەم تاوانەکان) بۆ سوننەکان سەرکەوتن بوو، سەرەڕای ئەو تێبینییانەی کە تائێستاش لەسەر یاساکە و خودی دەستەکە هەیانە.

هەرچەندە بەپێی مادەی (٢)ی یاساکە ناوی دەستەی ریشەکێشکردنی بەعس گۆڕدرا بۆ لێپرسینەوەو دادپەروەریی، بەڵام ناوەرۆکەکەی لە رووی کەسەکانەوە وەک خۆی مایەوە، بەوپێیەی یاساکە ئاماژە بە هەڵبژاردنەوەی دەستەیەکی نوێ دەکات لەلایەن پەرلەمانەوە، بەڵام ئەم هەنگاوە بەشکستی لیستە گەورەکان کۆتاییهات، کاتێک نەیانتوانی دەنگی پێویست بۆ پاڵێوراوەکانیان کۆبکەنەوەو بەپێی یاساکەش تا دەستەی نوێ هەڵدەبژێردرێت، دەستە کۆنەکە کاری خۆی دەکات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەیی وەک هەموو دەستەو یەکە ئیداریی‌و سیاسییەکانی دیکەی عێراق بە مەبدەئی تەوافوق بەسەر (٣٠) لیستی کوردو شیعەو سوننەدا دابەشکراون‌و لەکۆی ئەو (٧) ئەندامەی، بڕیارە هەیکەلی دەستەی نوێی لێپرسینەوەو دادپەروەریی پێکبهێنن، سیانیان شیعە دەبن‌و چوارەکەی دیکەش دووبەدوو بۆ کوردو سوننە دەبێت‌و هەر لە ئێستاوە شیعە سەرۆک‌و کوردیش جێگرەکەی قۆرغکردووە.

## دەستەکە چۆن کاردەکات؟

دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی بە پشتبەستن بە یاسای دەستەی باڵای نیشتمانی لێپرسینەوەو دادپەروەریی، (٩) لیست‌و قەوارەی سیاسیی‌و (٥١١) پاڵێوراوی لە لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی عێراق دوورخستەوە، پرۆسەی وردبینیکردنی ناوی پاڵێوراوان بە بەشداریی سێ ئەندامی لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی پەرلەمان ئەنجامدرا، کە تەنیا یەک پەرلەمانتاری کوردی تێدابوو، بۆ تاووتوێکردنی داوای دوورخراوەکانیش دەستەیەکی تێکهەڵچوونەوە لە (٧) دادوەر پێکهێنرا، بەپێی یاسای دەستەی باڵای نیشتمانی لیپرسینەوەو دادپەروەریی سەرجەم ئەوکەسانەی پلەی تایبەتی بەڕێوەبەری گشتیی‌و بەرەو سەرەوەیان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا هەیەو پێشتر لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسدا لە پلەی (عضو فرقة) بەرەو سەرەوەیان هەبوو، خانەنشین دەکرێن‌و رێیان پێنادرێت جارێکی دیکە بگەڕێنەوە یان بەردەوامبن لە کارکردن لە هەرسێ دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارو پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و ئەنجومەنی قەزاو وەزارەتەکان‌و دەزگا ئەمنییەکان.

دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی بە دەستەیەکی سەربەخۆ لە قەڵەم دەدرێت لە رووی ئیدارییەوە، کە لەژێر فەرمانی هیچ وەزارەتێکدا نییەو تەنیا لەژێر سەرپەرشتیی‌و لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی پەرلەمانی عێراقدایە.

## گومانی ئەمریکاو سوننەکان

ئەگەرچی پێکهێنانی دەستەکە بە بڕیاری برێمەر بووە بۆ کۆتاییهێنان بە ئاسەواری حیزبی بەعس لە عێراقدا، بەڵام دوورخستنەوەی چەند کەسایەتییەکی سوننی بەلای ئەمریکییەکانەوە گومانی لەسەر دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی دروستکرد، تا ئەو هێندەی ژەنەراڵ پیترایۆس، سەرکردەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە ئاسیاو باکووری ئەفریقا، دەستەی لێپرسنەوەو دادپەروەریی بە پاشکەوتەی فەیلەقی قودسی ئێرانی لەقەڵەمدا، بەدوایدا لە ژمارەی رۆژی (٢٧)ی رۆژنامەی شەرقولئەوسەتدا عەلی لامی، سەرۆکی جێبەجێکاری دەستەکە، بە توندیی رەتیکردەوە.

هاوکات سەردانی جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ عێراق‌و کۆبوونەوەکەی لەگەڵ بەرپرسانی عێراق ئاماژەیەکی دیکە بوو بۆ گرنگیی ئەو بابەتە بەلای کۆشکی سپییەوە تا هاوسەنگیی هێز لە عێراقدا بە قازانجی ئێران دا نەشکێتەوە، بەوپێیەی شیعەکان بەرگریکاری سەرەکین لە دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی، ئەم گومانەی ئەمریکا لە پشت ئەو نارەزاییەوە بوو کە لایەنە سوننییەکان بەتایبەت تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمار، ئاراستەی دەستەکەی کرد، بەوپێیەی لیستەکەی لە یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی بێبەشکرد، کە ئەویش سالح موتلەگی سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی بوو، بۆ ئەو مەبەستەش چەندینجار لە رێگەی لێدوانە رۆژنامەوانیەکانییەوە رەخنەی لەشەرعییەتی دەستەکە گرت‌و داواشیکرد ئەو دۆسیەیە لە رێگەی ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی عێراقەوە، یەکلاییبکرێتەوە.

# پەرلەمانی عێراق، چی بەجێهێشت؟

راپۆرتی: بەهادین یوسف

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠) لەرۆژی (١/٢٦) پەردەی لەسەر شانۆی چوارساڵ کارکردنی پرکێشمەکێشم‌و ململانێ دادایەوەو بەشێکی دیکەی کێشەو مەسەلە هەڵپەسێردراوەکانی بەجێهێشت بۆ خولی داهاتوو.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (٢٠٠٥/١٢/١٥)داهەڵبژاردنی سەرتاسەریی بۆکراو لە (٢٧٥) ئەندام پێکهاتووە، یەکەم دانیشتنی لە (٢٠٠٦/٣/١٦) ئەنجامداو (٢٤ لیژنەی هەمیشەیی‌و ٢ لیژنەی کاتیی پێکهێنا)و لەماوەی کارکردنیدا نزیکەی (٢٠٠)یاسای پەسەندکردووەو زیاتر لە (١٢٧)پڕۆژەیاساو بڕیارو هەموارکردنەوەی یاساکانی پێشووش لە لیژنەکاندا گفتوگۆیان لەسەرکراوە، یان لەبەردەستی لیژنەکانداو بەشێکی زۆریشیان بەهۆی رێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکانەوە راستەوخۆ گفتوگۆکردن لەسەری دواخراوە بۆ خولی داهاتوو، کە چاوەڕواندەکرێت لە ٢٠١٠/٣/٧و لەهەڵبژاردنێکی سەرتاسەریدا (٣٧٥) ئەندامی نوێ بۆ ئەنجومەنەکە هەڵبژێردرێت.

یاسای نەوت‌و غازو بەڵگەنامەی چاکسازیی سیاسیی‌و یاسای حیزبەکان‌و راپرسی لەسەر رێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراق‌و ئەمریکاو یاسای پاراستنی رۆژنامەنووسان، گرنگترین ئەو یاسایانە بوون کە چاوەڕواندەکرا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دواخولی دانیشتنەکانیداو بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی کارکردنی پەسەندی بکردنایە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی بەشێکی پەرلەمانتاران‌و کاتکوشتن بەئامانجی سەپاندنی مەرجەکانیان، پەسەندکردنی ئەو یاسایانە دواکەوت بۆ خولی داهاتوو.

گرنگترین یاسا هەڵپەسێردراوەکان کە ئەنجومەنی نوێنەران حەواڵەی خولی داهاتووی کردوون، بە «ستراتیژیی» ناودەبرێن، بریتین لە یاساکانی (نەوت‌و غاز، هەموارکردنەوەی دەستوور، یاسای حیزبەکان، یاسای وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگریی‌و وەرزش‌و لاوان‌و دەستەی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانیی، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی‌و یاسای پاراستنی رۆژنامەنووسان).

هەروەها گرنگترین ئەو پڕۆژەیاسایانەشی کە لەلایەن لیژنەکانەوە تەواوکراون‌و ئامادەن بۆ پەسەندکردن‌و رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران کرابوون، تا بەر لە تەواوبوونی ماوەی کارەکانیان پەسەندبکرێن، بریتیبوون لە پڕۆژەیاساکانی (رەتکردنەوەی بڕیاری مەجلیسی قیادە سەورەی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٣)، یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بێکارەکان‌و یاسای دابەشکردنی زەوی بەسەر هاوڵاتییان‌و پێدانی پێشینەی خانووبەرەو یاسای کردنی بەسرە بە پایەتەختی ئابووریی عێراق‌و هەموارکردنەوەی دووەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٢٧ی ساڵی (٢٠٠٦)و هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەتی کۆچ‌و کۆچبەران‌و هەموارکردنەوەی یاسای لێخۆشبوونی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٨)و یاسای رێکخستنی رێکارییەکانی پاڵاوتنی سەرۆک کۆمارو رێکارییەکانی دیاریکردنی جێگرێک یان زیاتر بۆ سەرۆک کۆمار).

لە دواخولی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا کە بۆ ماوەی یەک مانگ درێژکرایەوە بە ئامانجی پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)، کێشەی سەرەکی دانیشتنەکان، ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران بوو لە هۆڵی کۆبوونەوەکاندا، کە بووە هۆی دواخستنی پەسەندکردنی چەندین پڕۆژەیاسا، سەرەڕای ئەوەش ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ پەسەندکردنی بودجەشدا، توانی نزیکەی (٢٠)یاساو هەموارکردنەوەی یاسا پەسەندبکات.

سەرەڕای پەسەندکردنی ئەو (٢٠٠) یاسایە، لە ماوەی نزیکەی (٤)ساڵ کارکردنیدا، کەچی دەیان پڕۆژەیاساش بە پەسەندنەکراویی بۆ خولی داهاتوو بەجێهێڵراون، لەوانە (پڕۆژەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی ئاو، بەکرێدانی زەوی کشتوکاڵیی، یاسای زانکۆو کۆلێژەئەهلییەکان، پڕۆژەی تایبەت بە ئامادەنەبوونی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، هەموارکردنی یاسای ئاڵای عێراق، یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ ئاوادانکردنەوەو پەرەپێدان، یاسای مادەهۆشبەرەکان، یاسای دادگای دەستووریی باڵا، یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ، یاسای بانکی بازرگانیی عێراقی، یاسای مانەوەی کەسانی بێگانە، یاسای بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابووریی، هەمواری یەکەمی دەزگای شەهیدان، یاسای چەک، رێگرتن لە کۆکردنەوەی دوو کاری حکومی لە یەک کاتدا، یاسای دەرماڵەو مووچەی سەرۆک کۆمار، یاسای رێگرتن لە یارییە ئاگرینەکانی تایبەت بە منداڵان، پەسەندکردنی رێککەوتنامەی لێکگەیشتن‌و هاوکاریی لە بوارەکانی پاڵپشتی چاکسازیی لە بوارەکانی کشتوکاڵ لە نێوان عێراق‌و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا).

بەگوێرەی رای چاودێرانی سیاسیی، لە خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، گۆڕانی گەورە بەسەر باڵانسی هێزەکان‌و نەخشەی سیاسیدا دێت‌و قەوارەو گرووپی نوێ دەچنە نێو ئەنجومەنەوە، ئەمەش وادەکات کە پەسەندکردنی ئەو پڕۆژەیاسایانەو بەتایبەتی یاسا ستراتیژییەکان ئاڵۆزتربێت‌و رێکەوتنەکانی خولی رابردووی نێوان هێزو گرووپە سیاسییەکان گۆڕانی گەورەی تێبکەوێت‌و رێکەوتننامەو هاوپەیمانێتی نوێ بێتە ئاراوە.



# ئەنجومەنی وەزیران بە یاساکانی بەعس بەڕێوەدەبرێت

رۆژنامە

تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە یاسا کۆنەی سەردەمی بەعس کاردەکات‌و یاسایەکی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئاراستەی پەرلەمان نەکردووە.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، نەبوونی یاسایەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی وەزیران بە کەموکورتی لەقەڵەمدەدات‌و دەڵێت: «پێویستبوو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق یاسایەکی هەبێت، تا ئێستا ئەنجومەن پڕۆژەیاسایەکی بۆ ئەو مەبەستە رەوانەی پەرلەمان نەکردووە».

جگەلەوەی کە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، یاسای سەردەمی بەعس پەیڕەودەکات، پەیڕەوی ناوخۆشی نییە، لەمبارەیەوە سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، نەبوونی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیرانی بە کەموکوڕیی وەسفکردو ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە حکومەت یاسایەکی هەبێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا هەیە کە دەسەڵاتەکان ئاشکرا نین‌و چەندین دەسەڵات هەن‌و تەنیا سەرۆک وەزیر بەڕێوەیان دەبات‌و هیچ یاسایەک نییە ئەو دەسەڵاتانە دیاریی بکات.

وەزارەتەکانی بەرگریی‌و ناوخۆ وەک دوو دەزگای هەستیار، تا ئێستا یاسایان بۆ دەرنەکراوە، تا ئێستا ئەو یاسایانە لەو وەزارەتانە پەیڕەودەکرێن کە هی سەردەمی بەعسە یان لە ساڵی (١٩٢١)ەوە دەرچوون‌و مەرکەزییەت دەسەپێنن‌و دژی لامەرکەزییەتن، ئەمەش کێشەیەکی یاسایی لە حکومەتدا دروستکردووە.

سیروان زەهاوی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراقیش روونیکردەوە، کە تا ئێستا چەندین لایەن لە نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەن کە دژی لامەرکەزییەتن‌و نایانەوێت یاسای نوێ دەربچێت کە لامەرکەزییەت بچەسپێنێت.

سەبارەت بە نەبوونی یاسایەک لە پەرلەمانی عێراقیش بۆ وەزارەتەکانی بەرگریی‌و ناوخۆو ئەنجومەنی وەزیران، د.سەعدی پێیوابوو، کە هۆکاری سەرەکی نەبوونی یاسایەکی نوێ بۆ ئەو وەزارەتە هەستیارانە وایکردووە حکومەت بە یاسای بەعس بەڕێوەببرێت، وتیشی: «بە پلەی یەکەم سەرۆک وەزیران لێی بەرپرسە، چونکە دەیەوێت بە تاکڕەوییانە کاربکات‌و هیچ بەستنەوەیەکی یاسایی نەبێت کە دەستبەستی بکات لەو بڕیارانەی کە دەیاندات، ئەمەش وایکردووە کە بیر لە گەڵاڵەکردنی پڕۆژەیاسایەک‌و پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ نەکراوەتەوە بۆ ئەنجومەن‌و ئەو وەزارەتانەش کە بەرپرسن لە پاراستنی ئەمنییەتی هاوڵاتییان کە بە یاساکانی بەعس کاردەکەن».

## عومەر هەورامی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی: واباشترە پێدانی بودجە

# لەسەر بنەمای دەنگی بەدەستهاتوو بێت، نەک کورسی

**عومەر سدیق هەورامی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیو ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئاساییە قەوارە سیاسییەکان وەک حیزبەکان بودجە لە حکومەت وەربگرن، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەوانیش خۆیان رێکبخەن، بە جۆرێک لەگەڵ پێدانی بودجە پێیان، لەگەڵ یاسای دامەزراندنی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان ناکۆکی نەبێت.**

**رۆژنامە: دوو پرۆژەی تایبەت بە فراکسیۆنی بودجەی حیزبەکان لەلایەن فراکسیۆنیکوردستانیوفراکسیۆنیگۆڕانەوە پێشکەش کراون، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ پرۆژەکان هەیە؟**

* ئەو پرۆژەیاسایەی لەلایەن (١٠) پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانو ئەو پرۆژە بڕیارەی لەلایەن (١٠)پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانییەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراونو خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، مەبەست لێیان پاڵپشتیکردنە لە پرۆسەی دیموکراسیو بەردەوامیدانە بە فرەحیزبی لە کوردستاندا. بەشێک لەبەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا دەکەوێتە ئەستۆی حیزبەکانو لە زۆر شوێندا حیزبەکان بزوێنەری ئەو پرۆسەیەن. لەسەر ئەو بنەمایە، بە باشی دەزانم کە لەو قۆناغەی ئێستادا حیزبە سیاسییەکان پاڵپشتی مادیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن، ئەمە بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی دیموکراسیو فرەحیزبی لە کوردستاندا.

**رۆژنامە: توانای ئەوە هەیە کە هەر دوو پرۆژەکە تێهەڵکێش بکرێن؟ یان لەئێستادا پێویستە کە هەر دوو پرۆژەکە جێبەجێبکرێن؟**

* لە داهاتوودا هەر دوو پرۆژەکە، لە دوای گفتوگۆو رێککەوتنی فراکسیۆنەکانو دوای ئەوەی ئیتفاقێکی سیاسیش کرا لەنێوانیاندا، دەکرێن بە یەکێک. لە هەر دوو پرۆژەکەدا چەند خاڵێکی هاوبەش هەن، بۆ نمونە لە هەر دوو پرۆژەکەدا کورسی کراوەتە پێوەر بۆ دیاریکردنی بڕی بەخشش یان پاڵپشتی مادیی حیزبەکان، بەڵام ئەوەی جیاوازی لەنێوانیاندا دروست دەکات، ئەوەیە کە پرۆژەکەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی کوردستانی تەنها پاڵپشتیو بەخششی حیزبە سیاسییەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان، قەوارەی سیاسیش دەگرێتەوە. برادەرانی فراکسیۆنی گۆڕان پاساوێکیان بۆ ئەوە هەیە کە دەڵێن، هەر قەوارەیەکی سیاسی کە بەشداربوو لە هەڵبژاردندا، دواتر هەقی خۆی هەیە مومارەسەی سیاسی بکاتو پاڵپشتیو بەخششی مادیی لە حکومەت وەربگرێت. ئەمە خاڵی ناکۆکییە، هەرچەندە گفتوگۆی لەسەر کراوەو گفتوگۆی زیاتریشی لەسەر دەکرێتوپێشبینیدەکەم کە لە داهاتوودا، هەردوولا دەگەنە دارشتنەوەیەک کە ناکۆکی لەسەر نابێت.

**رۆژنامە: بە بۆچوونی ئێوە، دیاریکردنی کورسی وەک پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی بودجە، پێوەرێکی تەندروستە؟**

* وا باشترە، دەستنیشانکردنی پاڵپشتی مادییو بەخششی حیزبەکان لەسەر بنەمای کورسییەکانی پەرلەمان نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکان بێت. لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان: بۆ ئەوەی یەکسانی لەنێوان دەنگی هاوڵاتییەک کە بۆ (١٠٠)کورسییەکە دەنگی داوە، لەگەڵ دەنگی هاوڵاتییەک کە بۆ (١١)کورسی کۆتا دەنگی داوە جێبەجێبکرێت. هەندێک لە کورسییەکانی کۆتا چەند هەزار دەنگێکی ویستووە، لەکاتێکدا کورسیی هەرێمی زیاتر لە (١٧)هەزار دەنگی ویستووە، کەواتە ئەگەر کورسی بکرێتە پێوەر، نایەکسانی لەنێوان دەنگی هاوڵاتییاندا دروست دەکەین، بەڵام ئەگەر دەنگ بکەین بە پێوەر، یەکسانی دروست دەبێت. دووەمیان: ئەگەر دەنگ بکرێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی بەخششو پاڵپشتی دارایی حیزبو قەوارە سیاسییەکان، ئاسانتر دەتوانین بەخشش بۆ هەندێک لەو حیزبە سیاسییانەی لە دەرەوەی پەرلەمانیشن فەراهەم بکەین، چونکە لەو قۆناغەدا وا پێویست دەکات کە پاڵپشتی دارایی بۆ هەندێک لەو حیزبانە هەبێت، لەپێناو پاڵپشتیکردنی فرەحیزبی لە کوردستاندا. دەکرێت بڕگەیەکی وا لەناو پرۆژەکەدا زیاد بکەین کە هەر حیزبێک، هەزار دەنگی هێنا، بڕی بەخششی ئەوەندەی بۆ دیاری بکرێت، بەڵام ئەگەر لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، هەمان دەنگی هێنایەوە، بەخششەکەی لێببڕێت، چونکە هیچ نەچووەتە پێشەوەو زیادی نەکردووەو مانەوەی ئەو حیزبە پێویست ناکات، بەڵام ئەگەر ژمارەی کورسییەکان بکەینە پێوەر، زەحمەت دەبێت بەخششو پاڵپشتی بۆ ئەوحیزبانە دابین بکەین کە لە دەرەوەی پەرلەمانن.

**رۆژنامە: لەگەڵ ئەوەدان کە قەوارەی سیاسی بودجە وەربگرێت؟**

* بەڵێ، بەڵام بە مەرج، چونکە قەوارەی سیاسیش هەر هی هەرێمی کوردستانە، بەڵام چۆن حیزبێکی سیاسی پەیڕەوو پرۆگرامی هەیە، روئیای خۆی خستووەتەڕوو، شێوازی ئیشکردنی روونو ئاشکرایە، دەبێت بەهەمانشێوە قەوارەی سیاسیش فۆرمێکی لەو شێوەیە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئایندەدا (نەخوازەڵا) تووشی کێشەیەک بوو، بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

**رۆژنامە: یاسای دامەزراندنی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان، ناکۆک نییە لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە ئێستا لە ئارادان؟**

* نەخێر، ئەو پرۆژەیەی پەرلەمانتارانی کوردستانی ئامادەیان کردووە، رێک لەو یاسایەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەوەی پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، ئەو پرۆژەیەیە کە بەڕێزان لە فراکسیۆنی گۆڕان پێشکەشیان کردووە، چونکە لە یاساکەدا باس لە قەوارەی سیاسی نەکراوە، بەڵام وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، دەکرێت قەوارە سیاسییەکان پاڵپشتی دارایی وەربگرن، بەڵام بە مەرج، بۆ نمونە لە ماوەی ساڵێکدا، ئەوانیش بەو فۆرمەی خۆیان دەیانەوێت هەیکەلی خۆیان دەستنیشان بکەنو لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دەرنەچن.

**رۆژنامە: بەپێی یاسای دامەزراندنی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان، ئەگەر هەر حیزبێک لە دامەزراندنییەوە بودجەیەکی پێبدرێت، ئەوە زەمینە بۆ ئەوە خۆشناکات کە بەیانی هەر کۆمەڵە خەڵکێک حیزبێک دروست بکەن بۆ وەرگرتنی بودجەکە، بەبێ ئەوەی ئامانجێکی سیاسییان هەبێت؟**

* نەخێر، ئالیەتێک دیاری دەکرێت کە ژمارەی دەنگەکانە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، پاش ئەوە ئێمە دەتوانین بە بڕگەیەک ئەوە زیاد بکەین کە ئەگەر حیزبێک، بۆ نمونە کەمتر لە دوو هەزار دەنگی هێنا، پاڵپشتی دارایی نابێت، ئەگەر تەماشای ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی رابردوو بکەین، هەڵکشانو داکشانی زۆر لە دەنگی حیزبەکاندا روویداوە، حیزب هەبوو پێشتر ئەندامی پەرلەمانی هەبوو، بەڵام لەو هەڵبژاردنەدا نەیتوانیوە سێ هەزار دەنگ بەدەست بهێنێت، کەواتە لەسەر بنەمای دەنگهێنان مامەڵە لەگەڵ حیزبەکان دەکرێت.

**رۆژنامە: هەندێک پێیانوایە، ئەگەر یاسایەکیش دەربچێت بەمەبەستی دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان، بەسەر پارتیو یەکێتیدا جێبەجێ ناکرێت، ئێوە قسەیەکتان لەسەر ئەوە هەیە؟**

* ئەگەر ئەو یاسایە پەسەند بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە، دەبێت پارتیو یەکێتی یەکەم لایەن بن کە جێبەجێی بکەن، چونکە تۆ بتەوێتو نەتەوێت، زۆرینەی پەرلەمانتاران سەر بە فراکسیۆنی کوردستانین، واتە فراکسیۆنی ئەو دوو حیزبەن، چۆن دەبێت ئەوان خۆیان یاسایەک تێپەڕێننو پاشان هەر خۆیان جێبەجێی نەکەن. لەو باوەڕەدام پارتیو یەکێتی، نەک تەنها بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، بەڵکو پەیوەست بوون بە زۆر یاسای دیکەو بە زۆر یاسای دیکەش پەیوەست دەبن، ئەوە گومانی تێدا نییە.

**رۆژنامە: پێتوایە، کەی ئەو پرۆژەیاسایە پەسەند دەکرێت؟**

* پرۆژەکە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو لەلایەن لیژنەکانەوە راپۆرتی لەسەر ئامادەکراوە، پێشبینیشدەکەم کە پێش کۆتایی (٢٠١٠)، پرۆژەیاساکە تێپەڕێنرێت.



# ـــەی حیزبەکان پارەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت

دەکرێت.

ئەوەی پەیوەندی بە یاسای دامەزراندنی حیزبەکانەوە هەبێت، ئەگەر پێویستی بە هەموارکردنەوە هەبێتو ئەو هەموارکردنەوەیە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت، زۆر ئاساییە هەموار بکرێتەوە. بەتایبەت کە ئەو یاسایە پێش (١٧) ساڵ پەسەندکراوەو مۆرکی ئەو سەردەمەی پێوە دیارە.

**رۆژنامە: پرۆژەکەیگۆڕانوپرۆژەکەی کوردستانی لەچیدا جیاوازن؟**

* ئەوەی کوردستانی پرۆژە بڕیارێک بوو بۆ بەخششی بودجە بۆ حیزبەکان، بەڵام ئەوەی ئێمە قەوارەی سیاسیش دەگرێتەوە.

**رۆژنامە: بۆچی ئێوە قەوارەی سیاسیتان زیادکرد؟ ئایا کاتێک قەوارەیەکی سیاسیی بودجە لە حکومەت وەردەگرێت، چاودێری دارایی چۆن دەتوانێت چاودێریی خەرجکردنی ئەو بودجەیە بکات؟**

* بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکەت ئێمە پێمانوایە؛ قەوارەی سیاسیی کاتێک بەشداریی لە هەڵبژاردن دەکات کەواتە مۆڵەتی وەرگرتووەو شەرعیەتی هەیە، بەو شەرعیەتەی وەریگرتووە دەکرێت بخرێتە ئەو خانەیەوە، بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەشت لەو پرۆژەیەی ئێمە پێشکەشمان کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە؛ کە ئەو بودجەیەی هەر حیزبو قەوارەیەکی سیاسیی وەریدەگرێت لەژێر چاودێریی دیوانی چاودێری داراییدا دەبێت. واتە بۆ ئەو حاڵەتە میکانیزمێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی بودجەکە بخرێتە ژێر چاودێریی ئەو دیوانەوە.

**رۆژنامە: ئەو بودجەیەی ئێستا حیزبەکان وەریدەگرن لەسەر چ بنەمایەک رێژەکەی دیاریکراوە؟**

* بودجەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان کراوە، بەڵام پارتیو یەکێتی کە هەیمەنەیان لەسەر دەسەڵات هەیە، رۆڵیان لە دیاریکردنی رێژەی بودجەی حیزبەکان هەبووە، پێموایە ناعەدالەتییەکی زۆر لە بودجەی حیزبەکاندا هەیەو پێوەرەکەی روون نییە.

**رۆژنامە: پێتوایە کۆی حیزبەکان بە پارتی یەکێتییەوە بکەونە ژێر باری ئەو یاسایە؟**

* بەڵێ، چونکە گوشارەکان زۆرن، گوشاری رای گشتییو ئۆپۆزسیۆنو راگەیاندنەکانو... هەموو ئەوانە رۆڵیان هەیە بۆ ئەوەی حیزبەکان پابەندبن بەو یاسایەوە.

**رۆژنامە: پێتوایە دوای کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان ئەو پرۆژەیاسایە پەسەند بکرێت؟**

* لەرووی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە دەبێت پرۆژەکە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.

**رۆژنامە: ئەی ئەگەر نەخرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، یان درەنگ خرا ئێوە هەڵوێستتان چی دەبێت؟**

* پێویستە هەموو ئەو رێگە یاساییانە بگرینەبەر بۆ ئەوەی پرۆژەکە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، هەوڵدەدەین رای گشتیی تێبگەیەنین کە ئەو شێوازە کارکردنە لە خزمەت پێشخستنی پرۆژەی سیاسییو کاری پەرلەمانیدا نییە.

**رۆژنامە: بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە دەبێت مێژووی حیزبەکان لەپێدانی بودجەی حیزبەکاندا رەچاو بکرێت، ئێوە چۆن خوێندنەوەیەکتان لەوبارەیەوە هەیە؟**

* پاداشت بۆ هەموو حیزبو قەوارەیەکی سیاسیی جەماوەر بڕیاری لەسەر دەدات. هەر حیزبو قەوارەیەکی سیاسیی کە دەچێتە هەڵبژاردنەوە جەماوەر یان دەنگدەران بودجەکەی دیاری دەکەن، ئەگەر جەماوەر دەنگ بە حیزبێک بدات ئەو دەنگدانە پێوەرە بۆ پێدانی بودجە، نەک ئەوەی مێژووی حیزبەکان، چونکە ئەوە قۆرخکردنی دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە، لەلایەکی دیکەوە مێژووی خەباتو تێکۆشانی گەلەکەمانو هەموو ئەو دەستکەوتانەی ئێمە لە سایەیاندا دەژین، بەرهەمی خەباتی جەماوەرو گەلەو موڵکی حیزبەکان نییە.

**رۆژنامە: پرۆژەیاسای دیاریکردنی بودجەی حیزبو قەوارە سیاسییەکان، چی لە ژیانی سیاسییو حیزبایەتی لە کوردستان دەگۆڕێت؟**

* ئەو پارە زۆرەی ئێستا بەناوی بودجەی حیزبەوە دەبرێت، یان تەخشانو پەخشان دەکرێت بە یاسا رێکدەخرێتو بەشێکی زۆری پارەی حکومەتیش دەگەڕێتەوە بۆ ناو بودجەی گشتیی.

**پاداشت بۆ هەموو حیزبو قەوارەیەکی سیاسیی جەماوەر بڕیاری لەسەر دەدات. هەر حیزبو قەوارەیەکی سیاسیی کە دەچێتە هەڵبژاردنەوە جەماوەر یان دەنگدەران بودجەکەی دیاری دەکەن**

# دۆسیەی بودجـــــەی حیزبەکان

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، کۆی گشتیی ئەو پارەیەی حیزبەکانی کوردستان بەناوی بودجەی حیزبییەوە بەشێوەی مانگانە لە حکومەتی وەردەگرن، زیاتر لە (٨٦,٣٢٩,٠٠٠٠٠) هەشتاو شەش ملیار و سێسەد و بیستو نۆ ملیۆن دیناری عێراقی دەبێتو بە کۆی ئەو پارەیەدا دەردەکەوێت کە (٨٢,٩٥٠,٠٠٠٠٠) هەشتاودوو ملیارو نۆسەدو پەنجا ملیۆن دینار بۆ پارتیو یەکێتیو بری (٣,٣٧٩,٠٠٠٠٠) سێ ملیارو سێسەد و حەفتاونۆ ملیۆن دینار بۆ کۆی حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەچێت.

ئەمە لەکاتێکدایە کە لە پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی(٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا کە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد، (٩٠)ملیار دینار بۆ هاوکاریی حیزبو ڕێکخراوەکان تەرخان بکرێتو بە بەراوردی ئەو ڕێژەیە، دەردەکەوێت کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، حیزبەکانی کوردستان ساڵانە زیاتر لە (١٠٣٥٩٤٨٠٠٠٠٠) (یەک ترلیۆنو سیوپێنج ملیارو نۆسەدو چلو هەشت ملیۆن) دیناریان لە بودجەی هەرێم بردووە کە دەکاتە نزیکەی (١٢)ئەوەندەی ئەو بودجەیەی کە بۆ ساڵی(٢٠١٠) بۆیان پێشنیازکراوە

ئامادەکردنی دۆسییە: ڕێبین فەتاح

## غەفور مەخموریی: بودجەی حیزبەکان بە میزاجی شەخسی دەدرێت

**غەفور مەخموریی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانو ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تائێستا حیزبەکان بە میزاجی شەخسیی بودجەیان پێدەدرێت. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات؛ حیزب هەیە بەس ناوەو بودجەی پێدەدرێتو پێیوایە؛ ناعەدالەتییەکی ئێجگار زۆر لەبودجەی حیزبەکاندا هەیە.**

**ڕۆژنامە: ئێوە هەم سکرتێری حیزبێکو هەم ئەندامی پێشووی پەرلەمانن، دەتوانن پێمان بڵێن تا ئێستا حیزبەکان لەسەر چ بنەمایەک بودجەیان وەرگرتووە؟**

* ئەو بودجەیەی ئێستا بە حیزبەکان دەدرێت بە میزاجی شەخسی دیاریکراوە، هیچ ڕێنماییو پێوەرێکی یاسایی نییە بۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان، پێشتر لە خولی دووەمی پەرلەماندا هەوڵماندا لەژێر ڕۆشنایی یاسای دامەزراندنی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بە یاسایەک بودجەی حیزبەکان ڕێکبخەین، بەپێی ئەو یاسایەش دەبێت پەرلەمان ڕێنمایی دەربکات. لە خولی ڕابردوودا دووجار ئیمزای پەرلەمانتارانمان بۆ ئەو مەبەستە کۆکردەوە، جارێک (٥٦) پەرلەمانتارو جاری دووەم (٥٧) پەرلەمانتار یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردو ڕێکارەکانیشمان بۆ پێدانی بودجە دیاریکرد. ئێمە سێ خاڵمان بۆ پێدانی بودجە دەستنیشانکرد. یەکەم: ئەو حیزبو لایەنە سیاسییانەی لە پەرلەمانن، بەگوێرەی کورسی بودجە وەربگرن. دووەم: ئەو حیزبانەی نەگەیشتوونەتە پەرلەمان بودجەیان پێبدرێت. سێیەم: ئەو حیزبانەی تازە مۆڵەت وەردەگــرن بودجەیەکیان پێبدرێت تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو.

**ڕۆژنامە: دەتوانن بیسلەمێنن بودجەی حیزبەکان لەسەر بنەمای میزاجی شەخسییە؟**

* بەڵێ، شتەکە زۆر ڕوونو ئاشکرایە، حیزب هەیە یەک کورسی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بـودجـەی (١٠-١٢) حیزبی وەک ئێمە وەردەگرێت، ئێمە پێشتر لە پەرلەمان یـەک کورسیمان هەبوو، بودجەکەمان (٥٠) ملیۆن دینار بوو، حیزبی دیکە هەبوو یەک کورسی هەبوو، کەچی بودجەی (٤٠٠) ملیۆن دینار بوو.

**ڕۆژنامە: بۆچی ئەو پڕۆژەیە لە خولی ڕابردوودا پەراوێزخرا؟**

* لە وڵاتی ئێمەدا حیزب بەسەر هەموو شتێکدا زاڵـە، بەشێوەیەک لە شێوەکان سێبەری حیزب کەوتبووە سەر پەرلەمان، پەرلەمان زۆر بە شـەرمـەوە مامەڵەی لەگەڵ حکومەت دەکرد. کاتی خۆی کە ئێمە پڕۆژەکەمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کـرد، سەرۆکایەتی ڕەوانـەی حکومەتی کرد، بە پاساوی ئەوەی پڕۆژەکە پەیوەندیی بە لایەنی داراییەوە هەیەو دەبێت حکومەتیش ڕای لەسەر هەبێت، بەڵام حکومەت هەر وەڵامیشی نەدایەوە.

بۆ جـاری دووەم بە شەخسی خۆم داوام کـردەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان وتیان ئەگەر ئەمجارە توانیتان ئیمزای (٥٦) پەرلەمانتار کۆبکەنەوە، ئێمە دەیکەین بە بڕیارو حکومەتیش دەبێت جێبەجێی بکات، ئێمە (٥٧) ئیمزامان کۆکردەوەو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردوە، بەداخەوە خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کـرا، بەڵام پەسەند نەکرا.

**ڕۆژنامە: پاساوەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەوەی پڕۆژەکە پەیوەندیی بە لایەنی داراییەوە هەیە بەجێ بوو یان هۆکارێکی سیاسیی لە پشتەوە بوو؟**

* بە دڵنیاییەوە هۆکاری سیاسیی لە پشتەوەیە، ئەو حیزبانەی دەسەڵات دەیەوێت دەستەمۆیان بکات کۆمەکیان دەکـات. یەکێتیو پارتیش بودجەیەکیان بۆ خۆیان دیاریکردووە، کە ئێستاش بە تەواویی دیار نییە چەندەو چۆن خەرجدەکرێت، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە.

**ڕۆژنامە: لەسەرەتادا وتت جیاوازیی لە بودجەی حیزبەکان هەیە، ئەمە مامەڵەکردنە بەگوێرەی قەبارەی حیزبەکان یان ناعەدالەتییە؟**

* ناعەدالەتییە، ناعەدالەتییەکی وا کەس تێیناگات، حیزب هەیە لە پەرلەمان کورسییەکی نەبووە، بەڵام بودجەکەی دوو یان سێ ئەوەندەی حیزبەکەی ئێمە بووە. حیزب هەیە بودجەکەی ناگاتە دیوەخانانەی سـەرۆک عەشیرەتێک، ناعەدالەتییەکە بەوشێوەیەیە.

**ڕۆژنـامـە: ئەی بە بۆچوونی ئێوە چی بکرێت؟**

* پێویستە ڕێـژەیـەک لە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ بودجەی حیزبەکان تەرخانبکرێت، نیوەی ئـەو ڕێـژەیـەی تەرخانکراوە بدرێت بە حیزبەکانی ناو پەرلەمانو نیوەکەی دیکەی بە حیزبەکانی دەرەوەی پەرلەمان بدرێت.

**ڕۆژنامە: چۆن بتوانرێت ئەو بودجەیەی بە حیزب دەدرێت بە کۆمەڵێک خەڵک نەدرێت، کە تەنیا لەپێناو وەرگرتنی بودجەدا حیزب دادەمەزرێنن؟**

* لە یاسای مۆڵەتپێدانی حیزبەکاندا کۆمەڵێک ڕێـکـار هـەیـە، مەرجەکانی دامەزراندنی حیزب هەیە، هەر حیزبێک ئەو مەرجانەی تێدا بێتو بتوانێت درێژە بە کارو خەباتی خۆی بدات، جەماوەری خۆی هەبێت، مافی خۆیەتی بودجە وەربگرێت، بەڵام ئەگەر چەند کەسێک قوتبکەیتەوەو حیزبی کارتۆنییان بۆ دروست بکەیت، کەس لەگەڵ ئەوەدا نییە، من حاڵەتە تەندروستەکەت بۆ باسدەکەم.



**ڕۆژنامە: ئێستا دەبێت چی بکرێت؟**

* پێویستە بە یاسایەک بودجەی حیزبەکان ڕێکبخرێت، بـەڵام نەک بەو پـڕۆژەیـاسـایـەی ئێستا کـاری لەسەر دەکرێت.

**ڕۆژنامە: پێتوایە پڕۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان پەسەندبکرێت؟**

* ئەگەر بەوشێوەیە بڕوات باوەڕناکەم جێـی ڕەزامــەنـدیـی حـیـزبو لایـەنـە سیاسییەکانی کوردستان بێت.

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە دەیەوێت مێژووی حیزبەکان لە دیاریکردنی بڕی بودجەکەیان حسابی بۆ بکرێت، ئێوە لەگەڵ ئەوەدان؟**

* دەبـێـت ڕەچـاوی کـارو خەباتی حیزبەکان بکرێتو بکرێت بە پێوەریش.

## کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان: بە دیاریکردنی بودجـــ



**کاردۆ محەمەد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان پێویستییەکی قۆناغی ئەمڕۆیە، کە ژیانی سیاسییو حیزبایەتی بەرەو پێشەوە دەبات، بۆچوونی خۆیشی دەخاتەڕوو بەوەی؛ کە حیزبەکان بە پارتیو یەکێتییەوە بەهۆی فشاری جەماوەرو ئۆپۆزسیۆنەوە دەکەونە ژێر باری جێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە.**

**ڕۆژنـــامـــە: فراکسیۆنەکەتان پـڕۆژەیـاسـایـەکـی بـۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان ئامادە کردووە، ئایا لە بنەڕەتدا ڕەوایـە حیزب بودجە لە حکومەت وەربگرێت؟**

* هەرێمی کوردستان پێویستی بە گەشەپێدانی سیاسیی هەیە، حیزبو قەوارەی سیاسیی ڕایەڵەیەکی گرنگی بەیەکەوەبەستنی دەسەڵاتو جەماوەرە، لەبەرئەوە پێویستە بەشێک لە بودجەی حکومەت بۆ حیزبو قەوارە سیاسییەکان بەپێی یاسا تەرخان بکرێت، چونکە ئەوە دەبێتە پاڵپشتییەک بۆ بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەی سیاسییو حیزبایەتی لە کوردستاندا.

**ڕۆژنـــامـــە: بـۆچـی لــەو دوو پڕۆژەیاسایەی، کە فراکسیۆنی گۆڕانو فراکسیۆنی کوردستانی ئامادەیان کردووە لەناو کۆی هەڵبژاردنەکاندا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کراوەتە پێوەر بۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان؟**

* لەبەرئەوەی پەرلەمان یەکێکە لە دامەزراوە سەرەکییەکان، کە نوێنەرایەتی میللەت دەکاتو لەوێدا سەنگی حیزبو قـەوارە سیاسییەکان دەردەکـەوێـت، هەڵبژاردنەکانی دیکە لۆکاڵینو ئەوەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمان قورساییان نییە.

**ڕۆژنامە: هەر حیزبو قەوارەیەک لـە هـەڵـبـژاردنـەکـانـدا هـەمـان ئەو دەنگە ناهێنێتەوە، کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا هێناویەتی، یان دەنگەکانی هەڵدەکشێن یان دادەکشێن، کەواتە ئەگەر کورسییەکانی پەرلەمان ببنە پێوەر بۆ پێدانی بودجە، چۆن چارەسەری ئەو کێشەیە دەکرێت؟**

* کێشەیەک دروســت نابێت، چونکە ئەو پێوەرەی دیاری دەکرێت ژمارەی کورسییەکانە، کەواتە لە هەر هەڵبژاردنێکدا ئـەو حیزبو قـەوارە سیاسییە چەند کـورسـی بهێنێت، بودجەی ئەوەندە کورسییە وەردەگرێت، ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ژمارەی کورسییەکانی ئەو حیزبو قەوارەیە زیـادبـوون ئـەوە بودجەکەشی زیاتر دەبێتو بەپێچەوانەوە ئەوە بودجەکەی بەپێی کەمبوونەوەی کورسییەکانی کەم دەکرێتەوە.

**ڕۆژنامە: ئەو حیزبەی بەشداریی هەڵبژاردن دەکاتو ناتوانێت کورسییەک بەدەستبهێنێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟**

* ئەگەر حیزب یان قەوارەیەکی سیاسیی بتوانێت نیوەی دەنگەکانی کورسییەک بەدەستبهێنێت بڕێکی دیاریکراو بودجە وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر کەمتر لە نیوەی دەنگی پێویست بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک بەدەست نەهێنێت، ئەوە بودجە وەرناگرێت.

**ڕۆژنـــامـــە: بـەڵام ئـەوە پێویستی بە هەموارکردنەوەی یاسای مۆڵەتی دامـەزرانـدنـی حـیـزبو ڕێـکـخـراوە سیاسییەکان نییە، چونکە بەپێی ئەو یاسایە هـەر حیزبێک دادەمـەزرێـت پێویستە حکومەت بودجەیەکی بۆ تەرخان بکات؟**

* فراکسیۆنی کوردستانی پڕۆژە بڕیارێکی بەخششی حیزبەکانی ئامادە کردووە، بەڵام ئێمە پڕۆژەیاسایەکمان بۆ پشتیوانی دارایـی حیزبو قەوارە سیاسییەکان ئامادە کـردووە. کاتێک ئەو پڕۆژەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو ڕەوانەی لیژنەکانی ناو پەرلەمان کرا، تێبینی ئەوەیان کرد خاڵی هاوبەش لەنێوان پڕۆژەکاندا هەیە، ئێمە توانیمان لەئەنجامی گفتوگۆکردن لەنێو خۆماندا بگەینە ئەوەی، کە ئامانج لەو پڕۆژانە لەبەرئەوەی هاوکاریی مادییە لە حیزبو قـەوارەی سیاسیی، بۆیە کرایە یەک پـڕۆژەو بۆ گفتوگۆکردن پێشکەش

# بودجەیەک لە «بوم و لێڵ»ییدا

# عەدنان عوسمان: بودجەکە پڕ لە کەموکوڕییەو جیاوازیی گەورەی لەگەڵ پاردا نییە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**سەرباری ئەوەی پرۆژەی بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم (٤)مانگ دوای وادەکەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە رەوانەی پەرلەمان کرا، ئەوەش بووەتە هۆی دواکەوتنی بەشێکی زۆری کاری وەزارەتەکان، بەڵام ئێستا هەوڵ هەیە بۆ زووتێپەڕاندنی بودجە، ئەندامێکی پەرلەمانیش ئەوە بە بانگەشەی هەڵبژاردن دەزانێت‌و پێیوایە، بودجە پڕکەموکووڕییەو ئەو هەڵایەی بۆشی دەکرێت، بە کەم سەیرکردنی کاری کابینەکانی پێشووە.**

عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، رایگەیاند، کە هەوڵێک هەیە بۆ پەلەکردن لە تێپەڕاندنی بودجە لە پەرلەمان، لەکاتێکدا کە ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان بەپێی یاسا (٤)مانگ دواکەوتووە، کە خۆی دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا بنێردرێتە پەرلەمان، «کەواتە بودجە لەکاتی خۆیدا نەگەیشتووەو ئێستاش کە هەوڵدەدرێت پەلەی لێبکرێت، دەویسترێت بە مەبەستی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت‌و ریکلامێک بێت بۆ هەڵبژاردن‌و کاری لەسەر بکەن، بۆ ئەو مەبەستە».

عەدنان پێیوایە، کە خودی ئیعلانکردنی لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتەوە بەو شێوەیە کە خەڵک دادەمەزرێنن‌و بودجە زیاددەکەن، بەشێک بوو لە بانگەشەی هەڵبژاردن.

لای خۆیەوە فەیسەڵ عەلی، جێگری سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بەوە دەکات، کە بەراورد بە ساڵانی رابردوو، بودجەی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٠)پێشتر رەوانەی پەرلەمان کراوە، بەڵام پێیوایە کە هەر لە وادەکەی خۆی دواکەوتووە.

فەیسەڵ وتیشی «لەم ماوەیەدا حکومەت سەرقاڵی تێکەڵکردنەوەی ئەو وەزارەتانە بووە کە یەکیانگرتووەتەوەو هەوڵیشی داوە بڵاوی بکاتەوەو تا رادەیەک شەفاف بێت، بۆئەوەی تێبینی لەسەر بدرێت»، بەڵام روونیدەکاتەوە کە هەر دواکەوتنێک لە بودجە کاریگەریی لەسەر پرۆژە سەرمایەگوزارییەکان دەبێت‌و وادەی جێبەجێکردنیان دوادەخات، بەوپێیەی لە بودجەی ئەمساڵدا بەشێکی زۆری بودجەی سەرمایەگوزاریی (٢٠١٠)تەرخانکراوە بۆ تەواوکردنی پرۆژە سەرمایەگوزارییەکانی (٢٠٠٩)، وتیشی: «ئەمە بۆخۆی یەکێکە لەو گرفتانەی کە ئەو پرۆژانە لە وادەی خۆیاندا تەواو نابن‌و دواتریش بڕی تێچووی پرۆژەکە زیاددەکات کە لە دەرئەنجامدا زیاتر لەسەر حکومەت دەکەوێت».

لەگەڵ ئەوەی پرۆژەی بودجە درەنگ نێردراوەتە پەرلەمان، باس لە شەفافبوونی دەکرێت‌و تێبینی دەکرێت کە هەوڵدانێک هەیە بۆ بەپەلە تێپەڕاندنی بودجە لەلایەن پەرلەمانەوە، بەڵام پسپۆڕان بەپێویستی دەزانن کە پەرلەمان تەواو لە چۆنێتی بودجەکە وردبێتەوە.

فەیسەڵ عەلی، باس لەوە دەکات کە ئەگەر پەلەش لە پەرلەمان بکرێت، هەر خۆی خاوەن بڕیارە نەک حکومەت، «ئەو دەتوانێت لە پرۆژەکە وردبێتەوە، بەڵام کێشەی ناو پەرلەمان هەیە کە کەسی شارەزا لە بواری دارایی‌و ئابووریی کەمە، ئەوەش ئاستەنگە بەرامبەر ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆژەی بودجە دەکات، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە پەرلەمان دەستەی راوێژکاری ئابووریی نییە کە بودجەکەی بداتێ‌و وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ خاوەن رایەکی تایبەت بێت‌و بتوانێت ئەگەر پەلەپەلی تێدا کرابێت، پەرلەمان کەموکورتییەکانی رێکبخاتەوەو هاوکار بێت‌و پرۆژەکە بەشێوەیەکی باشتر دابرێژرێت، بۆئەوەی زۆرترین سوودی هەبێت بۆ ئابووریی کوردستان».

بەڵام ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستان لەبارەی بوونی شەفافیەتی بودجەکەوە، دەڵێت «ئەوەی باسدەکرێت‌و گوێت لێی دەبێت، شەرم داتدەگرێت، چونکە بودجە لە هەموو وڵاتێکدا دەبێت بەوشێوەیە بێت، ئەوە یان ئیهانەکردن‌و بێڕێزیکردنە بەرامبەر کابینەکانی پێشترو پەرلەمانی پێشتر، یان تێنەگەیشتنە لە ئسلوبی ناردنی بودجە، چونکە لەهەموو دنیادا بودجە لەلایەن حکومەتەوە ئامادەدەکرێت‌و دەنێردرێتە پەرلەمان‌و لەوێ گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، شەفافی لەوەدایە کە پێش دانانی یاساکە، گفتوگۆیان لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ بکردایە، کۆنفرانسیان بۆ ساز بکردایەو لیژنەیان بۆ ئامادە بکردایە».

فەیسەڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرۆژەی بودجە پێویستی بە دیراسەو توێژینەوە هەیەو پەرلەمان دەتوانێت بە قسەی حکومەت نەکات‌و لیژنەکانی لەگەڵ وەزارەتەکان کۆببنەوەو لە پرۆژەکان وردببنەوە، «کەواتە گرنگە ئەو پارەیە لە بەرژەوەندیی کۆی خەڵکدا بێت‌و هەنگاوێک بەرەو چارەسەری ئەو کێشە ئابوورییانەی کوردستان بچێتە پێشەوە، ئەوەش بە موئەسەساتی دەبێت‌و پەرلەمان دەتوانێت خۆی کاری تێدا بکات، چونکە پێموایە لیستەکانی پەرلەمان کاردەکەن بۆئەوەی لەو رێیەوە بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن».

هەرچەندە ئەو بودجەیەی ساڵانە دەدرێتە کوردستان، بودجەیەکی کەم نییە کە بۆ ساڵی (٢٠١٠) زیاتر لە (١١) ترلیۆن‌و (٤٣٣) ملیارو (١٧٦) ملیۆن دینارە، کە ئەوەش بودجەیەکی کەم نییە، بەڵام نەتوانراوە وەک پێویست سوودی لێببینرێت‌و پرۆژەی سەرەکی‌و ستراتیژیی پێ ئەنجام بدرێت، جگە لەوەی تێبینی دەکرێت کە گۆڕانکارییەکی زۆری تێدا نەکرابێت.

فەیسەڵ بڕوای وایە، کە ئەو بودجەیەی بۆ کوردستان تەرخانکراوە، رەنگە بەشی پڕکردنەوەی داواکاریی یەکێک لە وەزارەتەکان نەکات کە کێشەو کەموکووڕییان زۆرە، «بەڵام دەبێت حکومەت هاوسەنگی بکات لەناو ئەو وەزارەتانەداو قۆناغ بە قۆناغ کێشەکانیان چارەسەربکرێت».

وتیشی: «ئایا ئەو بودجەیەی بۆ وەزارەتەکان تەرخاندەکرێت، دەتوانن لەماوەی ئەمساڵدا کە ئەو پرۆژانەی خۆیان پێشنیازیان کردووەو بودجەی بۆ تەرخاندەکرێت، جێبەجێی بکەن، ئەوە ئەرکی پەرلەمانە بە وردی چاودێریی پلان‌و کارەکانی حکومەت بکات‌و لە کەموکووڕییەکان بکۆڵێتەوە».

لای خۆشیەوە عەدنان عوسمان، وتی «لیژنەکان سەرقاڵی ئامادەکردنی راپۆرتن‌و دواتر ئەندام پەرلەمانەکان گفتوگۆی لەسەر دەکەن، بۆیە ئەوەی لەلایەن حکومەت‌و راگەیاندنەکانی دەسەڵاتەوە دەکرێت، کە مرۆڤ گوێی لێدەبێت شەرمدەکات کە ئاستی هەندێک لایەن ئەوەندە دابەزیوەو بەوشێوەیە لەسەر مەسەلەیەکی وا قسە دەکات کە خۆی مەسەلەیەکی سادەیەو پێویستی بەو هاتوهاوارە نییە».

ئەو نەیویست وردەکاریی‌و تێبینییەکانیان بڵێت لەسەر بودجەی (٢٠١٠)، بەڵام وتی «پێمانوایە بودجەکە پڕ لە کەموکووڕییەو بودجەیەکی بێمانای بێکەڵکەو هیچ جیاوازییەکی نییە، وەک ساڵانی رابردووەو هیچ گۆڕانێکی گەورەی تێدا نییەو ئەوەش کە ئەوان دەیکەن، مەسخەرەیەو هیچی دیکە نییە، چونکە زۆربەی بودجەکە بۆ مووچەی خۆیانەو بڕێکی کەم دانراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەو بونیادنان، ئەو هاتوهاوارەی دەشیکەن، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەو دەیانەوێت نەختێک دەستکەوتیان هەبێت‌و پەلەکردن لە بەرێکردنیشی، جێی شەرمەزارییەو پێویستە سەیری عێراق بکەین، چونکە نابێت بودجە کە بەشێکە لە مومتەلەکاتی ژیان‌و داهاتی خەڵکی، بەوشێوەیە ئیستیغلال بکرێت‌و ریکلامی بۆ بکرێت».

# حکومەت قەیرانی نیشتەجێبوون بە کۆمپانیاکان دەسپێرێت

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بۆ هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون ١٠٪ لە شارەکان‌و ١٥٪ لە قەزاو ناحیەکان‌و ٢٠٪ لە گوندەکان بەبێ وەرگرتنەوە بدات بە هاوڵاتییان، بەڵام وەبەرهێنەرێک ئاشکرایدەکات کە ئەو بڕیارە نوێیەی حکومەت، دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بەرەو ساردبوونەوە دەبات‌و هیچ کۆمپانیایەک ناتوانێت شوقە یان خانوو دروست بکات‌و لەجیاتی حکومەت بۆ ١٠ ساڵ بەقەرز بیدات بە هاوڵاتییان**

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: «حکومەتی هەرێم بڕیاریدا لە رێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکەوە قەیرانی نیشتەجێبوون لە کوردستان چارەسەر بکات‌و بۆ ماوەی پێنج ساڵی ئایندەش پێویستمان بە (١٠٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە».

موحەڕەم روونیشیکردەوە، کە لەمەودوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کڕینی هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون لەلایەن هاوڵاتییانەوە لەنێو سەنتەری شارەکان بە رێژەی (١٠٪)و لە قەزاو ناحیەکان بە رێژەی (١٥٪)و لە گوندەکانیش بە رێژەی (٢٠٪) پێشەکی کڕینی هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون لەبری هاوڵاتییان بە کۆمپانیاکان دەدات، بێئەوەی هیچ بڕێک لەو پارەیە وەربگرێتەوە.

هەر بەپێی بڕیارە نوێیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەت بڕی (٣٠٠) ملیۆن دۆلار دەخاتە سندوقی نیشتەجێبوونەوە، کە نزیکەی (١٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ پرۆژە نیشتەجێبوونەکانی کۆنەو ئەوەی دیکەشی بۆ داهاتوو، بەشێوەیەک کە حکومەت لە شارەکاندا تەنیا ١٠٪ی پارەی هەر یەکەیەک دەدات‌و پارەکەی دیکەی پرۆژەکە دەبێت وەبەرهێنەرانی نیشتەجێبوون بە قەرزی (١٠) ساڵ بیدەن بەهاوڵاتییان.

لەبەرامبەردا وەبەرهێنەرێکی یەکەی نیشتەجێبوون ئاشکرایدەکات، کە ئەو بڕیارە نوێیەی حکومەت لەبارەی یەکەکانی نیشتەجێبوونەوە «ئەرکەکانی وەبەرهێنەر قورسدەکات‌و ئەرکەکانی حکومەت کەمدەکات».

ئەو وەبەرهێنەرە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بۆ رۆژنامە وتی: «هیچ وەبەرهێنەرێک ناتوانێت پارە لە یەکەی نیشتەجێبووندا بۆ ١٠ ساڵ بدات بەهاوڵاتییان، کە پێشتر ئەمە ئەرکی سندوقی نیشتەجێبوون بوو، بەڵام ئێستا حکومەت دەیخاتە ملی وەبەرهێنەر».

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بەدەست قەیرانی نیشتەجێبوونەوە دەناڵێنێت‌و ئەو پرۆژانەش کە لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە دروستکراون نەبوونەتە هۆی کۆتاییهێنان بەم قەیرانەو هاوڵاتییانی کەمدەرامەت سوودمەند نەبوون لەم پرۆژانە.

کاروان ساڵح ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن‌و هاوچەرخکردنی لادێکان، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەو کارئاسانی‌و ئیمتیازانەی بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون دراوە بە هاوڵاتییان، لە ئاست گەورەیی ئەو قەیرانەدا نییەو حکومەتی هەرێم کەمتەرخەمە لە ئاست دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت.

ئەو پەرلەمانتارەی لیستی گۆڕان ئاماژەی بەوەکرد؛ جۆرێک لە نادادپەروەریی هەیە لە پرۆژەکانی نیشتەجێبووندا‌و بۆ رۆژنامە وتی: «وەبەرهێنەران سوودمەندن لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، نەک هاوڵاتییان، جگە لەوەی ئەو پرۆژانە زۆر بەدەگمەن گوندەکانی گرتووەتەوەو هاوڵاتییانی لادێکان وەک هاوڵاتی پلە دوو سەیرکراون».

بەپێی بڕیارە نوێیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بانکەکان هیچ بڕە پارەیەکی زیادە لە هاوڵاتییان وەرناگرن‌و لەبەرامبەردا ئەو پارەیەی کە پێشتر وەک سوود لە هاوڵاتییان دەسەندرا، حکومەت دەیدات‌و لە وەرگرتنی شوقەشدا هاوڵاتییان هیچ بڕە پارەیەکی پێشەکی نادەن، تەنیا بە قیست پارە دەدەن‌و نرخی هەر شوقەیەکیش نابێت لە (٤٨) ملیۆن دینار زیاتر بێت.

بە بڕوای کاروان ساڵح ئەحمەد؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر کەمتەرخەم بووە لەوەی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو هاوڵاتییانە دابینبکات کە ئاستی بژێوییان نزمە. وتیشی: «بەشێک لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوونیش لەبەر خراپیان وەبەرهێنەرەکە بە ناتەواویی بەجێیهێشتووە، ئەمەش پێماندەڵێت کە لە کوردستان پلاندانان‌و وەبەرهێنان چووەتە قازانجی حیزبەوە».

لەلایەکی دیکەشەوە وەبەرهێنەران نیگەرانن لەو بڕیارە نوێیەی کە حکومەت دەریکردووەو یەکێک لە وەبەرهێنەرەکانی یەکەی نیشتەجێبوون دەڵێت: بەهۆی ئەم بڕیارە نوێیەوە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون سارد دەبێتەوەو هیچ کۆمپانیایەک ناتوانێت بانکێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پارەی دروستکردنی کەمپێکی نیشتەجێبوونی لێوەرگرێت‌و بۆ (١٠) ساڵ بە قەرز بیدات بە هاوڵاتییان.



# (٨٠)پاڵاوگەی نەوت بە بێ مۆڵەت، لە هەرێمدا کاردەکەن

راپۆرتی: رۆژنامە

**نەوتی خۆماڵیی هەرێم، لە رێگەی (٣-٤) پاڵاوگەی رەسمییو (٨٠)پاڵاوگەی بێمۆڵەتەوە پاکدەکرێتەوەو بە نرخی بازرگانیی دەخرێتەوە بازارەکانی هەرێمەوە. پەرلەمانتارێکیش پێیوایە، ئەمە ئەوپەڕی نەبوونی شەفافییەتو گەندەڵییە کە رەنگە بە ئاگاداری چەند بەرپرسێک بکرێت.**



لە ئێستادا، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە بەرهەمی ئەو کێڵگە نەوتییانەی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی سامانەسرووشتییەکان لە رێگەی چەند پاڵاوگەیەکی خۆماڵیی پاکردنەوەی نەوتەوە، سوود لە نەوتی خۆماڵی وەردەگرێت کە ٥٠٪ی بەرهەمەکانیان نەوتی رەشەو ئەوی دەمێنێتەوە (نەوتی سپی، گازۆیل، نەفتا)یەو هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیزاینی ئەو پاڵاوگانە.

لەو پاڵاوگە رێگە پێدراوانەش، پاڵاوگەی (کار) لە ناوچەی کەڵەکی سەر بە پارێزگای هەولێر کە یەکەم پاڵاوگەیە، دەستبەکار بووە لە هەرێمو دەتوانێت رۆژانە (٢٠) هەزار بەرمیل نەوت پاکبکاتەوە.

نەبەز رەئوف، بەڕێوەبەری کارگێڕیی پاڵاوگەکە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە، باسی لەوەکرد، کەلە(٢٠٠٩/٧/١٨)وەدەستبەکارنو نەوتی خۆرمەڵە پاکدەکەنەوەو لە توانای پاڵاوگەکەیاندا هەیە، رۆژانە (٢٠)هەزار بەرمیل ساف بکاتو چاوەڕواندەکرێت ساڵێکی دیکە توانای پاڵاوگەکە زیادبکات بۆ (٧٥)هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

ئەم پاڵاوگانە بە گرێبەستی رەسمیی لەگەڵ وەزارەتی سامانەسرووشتییەکان، بە وەبەرهێنان بۆ ماوەی (٢٥)ساڵ ئەم پرۆژەیەیان وەرگرتووە، بە وتەی بەڕێوەبەری کارگێڕیی پاڵاوگەی کار، لە بەرامبەر پاکردنەوەی ئەو نەوتەدا لە بری پارە، بڕێک نەوت وەردەگرن.

لە سنووری سلێمانیش، پاڵاوگەیەک لە بازیان هەیە کە سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراق بوو، ئێستا کۆمپانیای نۆکان کرییەتییەوەو ئەگەر بکەوێتە کار، رەنگە بتوانێت، رۆژانە (٢٠)هەزار بەرمیل نەوت پاکبکاتەوە.

هاوکات، پاڵاوگەی بچووکتریش هەن کە تواناکانیان کەمترە، وەک پاڵاوگەی (کات) لە شارۆچکەی دوکان، کە رۆژانە توانای پاکردنەوەی (١٢)هەزار بەرمیل نەوتی هەیە.

رەسول نوری، بەڕێوەبەری پاڵاوگەی کات لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو کە پاڵاوگەکەیان نەوتی تەقتەق پاکدەکاتەوەو وەک قۆناغی یەکەم توانای پاککردنەوەی (١٢)هەزار بەرمیل نەوتی هەیە لە رۆژێکدا، بۆ بەنزینی موحەسەنو گاز لەگەڵ نەوتی سپیو نەوتی رەش، کاریش بۆ ئەوە دەکەن کە لە ئایندەدا تواناکەی بۆ (٣٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد بکەن.

حکومەت بە نرخی بازرگانیی نەوتی خاو دەداتە پاڵاوگەکان، هەربۆیە وەک بەڕێوەبەری پاڵاوگەی کات ئاماژەی پێدا، لەبەرئەوەی ئەو نەوتە خاوە بە نرخی بازرگانیی لە حکومەت وەریدەگرن، نەوتە پاککراوەکەش بە نرخی بازرگانیی بە حکومەت دەفرۆشنەوە.

بە بۆچوونی چاودێرانی ئابووریی، ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دابەزینی نرخی سوتەمەنی نابێت لە هەرێم، لە کاتێکدا نەوتەکە خۆماڵییەو پاڵاوگەکەش خۆماڵییە، بەڵام نرخەکەی جیهانییە.

د.بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو گاز لە پەرلەمانی عێراق بە پێویستی زانی، لە رێگەی حکومەتەوە پاڵاوگەی کەرتی تایبەت هەبێت، بەڵام دەبێت ئەو نەوتە خاوەی حکومەت دەیداتە پاڵاوگەکان بە نرخێکی گونجاو بێتو ئەوانیش دوای پاککردنەوەی بە نرخێکی گونجاو بیدەنەوە بە حکومەت.

لەگەڵ بوونی (٣-٤)پاڵاوگەی رەسمیی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، نزیکەی (٨٠)پاڵاوگەی بێمۆڵەتیش لە کوردستان بوونیان هەیە، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێم ئاگاداری کارکردنی ئەو پاڵاوگانەو ئەو نەوتە خاوە نییە لەکوێوە دەیهێننو بە کێی دەفرۆشنەوە دوای پاککردنەوەی.

بە بڕوای د.بایەزید، کردنەوەی پاڵاوگە بەبێ ئاگاداری حکومەتو بەنهێنیی، کارێکی نایاساییەو دەبێتە هۆی بە هەدەربردنی سەروەتو سامانی حکومەت کە وەک ئەندامەکەی لیژنەی نەوتو گازی پەرلەمان وتی: «ئەوە بەکارهێنانی ماڵی خەڵکو دەوڵەتە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی، کە ئەمەش ئەوپەڕی نەبوونی شەفافییەتو گەندەڵییە کە رەنگە بە ئاگاداری چەند بەرپرسێک بکرێت».

بەپێی نووسراوی رەسمیی، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کە ئاراستەی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سرووشتییەکان کراوە، ئێستا لە کوردستان (٨٠) پاڵاوگەی نەوت هەن، کە بەوتەی وەزیری سامانە سرووشتییەکان کە لەو نووسراوەدا هاتووە، ئەو ٨٠ پاڵاوگەیە بێمۆڵەتن، بەڵام پەرلەمانتارانی لیژنەکە پێیانوایە، کە دەبێت بزانرێت ئەو پاڵاوگایانە بودجەکانیان بۆ کوێ دەڕوات، چونکە ئەگەر وەزارەتی سامانەسرووشتییەکان ئاگاداری ئەو نەوتە نەبێت کە بە نایاسایی دێتە هەرێمو لە نزیکەی (٨٠)پاڵاوگەی بێمۆڵەت لە هەرێمی کوردستان تەسفیە دەکرێتو دەخرێتە بازارەوە، پێویستە حکومەت رێوشوێنی یاسایی بەرامبەریان بگرێتەبەر.

هەر بەمەبەستی لێپرسینەوە لە وەزیری سامانەسرووشتییەکان دەربارەی ئەم بێئاگاییەی، پەرلەمانتارانی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سرووشتیەکان لەگەڵ لیژنەی دارایی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکانن لە واشنتۆن، تا داوای لێبکەن لە بەردەم پەرلەماندا ئامادە بێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتاران.

# کورد لە مەترسییەکانی بودجەی (٢٠١٠)ی عێراق دوورکەوتەوە

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

**نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیانوایە؛ پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی عێراق بە قازانجی هەرێمی کوردستان شکاوەتەوەو هەموو ئەو بڕگانە لە یاساکەدا لابراون، کە دەبوونە هۆی کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی (٢٠١٠)ی عێراقدا.**

دوای مشتومڕێکی زۆر، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پرۆژە بودجەی (٢٠١٠)ی عێراقی پەسەندکرد، کە بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی بودجەی ئەمساڵ لە ساڵانی رابردوو داڕێژراوترەو کەمترین کاتی ویستووە بۆ تاووتوێکردنی.

ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەبارەی پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی عێراقەوە رایگەیاند: «بە پەسەندکردنی بودجەی فیدڕاڵیی، مشتومڕێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناو پەرلەمانی عێراقیش کۆتایی بە وەرزی یاسادانانی خۆی هێنا».

پێشترو لە چەند بڕگەو مادەیەکدا ناکۆکیی لەنێوان لیستەکانی پەرلەماندا لەسەر بودجە هەستی پێدەکرا، بەتایبەت بڕگەکەی شەهرستانی، کە زیانی گەورەی بە هەرێمی کوردستان دەگەیاند، بەڵام دوای پەسەندکردنی پەرلەمانتارێکی کورد دەڵێت: «ئەوەی لە بودجەی ئەمساڵدا ویستمان رێگریی لێ بکەین، بۆمان جێبەجێکرا».

لایەنی کوردی لە پەرلەمانی عێراق دژایەتی مادەیەکیان دەکرد کە حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق پێشنیازی کردبوو، تیایدا هاتبوو، ئەو هەرێمو پارێزگایانەی نەوت هەناردەی دەرەوە دەکەن، ئەگەر هەناردەکردنەکەیان رابگرنو لە ئەنجامی ئەو راگرتنەوە زیان بەر بودجەی گشتیی عێراق بکەوێت، دەبێت قەرەبووی ئەو زیانە بکەنەوە.

د. ئیسماعیل شکور، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەبارەی مادەکەی شەهرستانییەوە بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو مادەیە لە یاساکەدا لابرا».

لەلایەکی دیکەوە، لە پرۆژەیاسای بودجەدا وادانرابوو، کە ئەگەر لە سەرژمێریدا رێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە رێژەی (١٧٪)ی عێراق کەمتربوو، ئەوکاتە لە بودجەدا تەسفیەی حسابی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام بە وتەی ئیسماعیل شکور؛ ئەو مادەیەش گۆڕاوە، بۆئەوەی ئەگەر هەرێم لە (١٧٪) کەمتربێت یان زیاتربێت تەسفیەی حساب لە بودجەدا بکرێت.

د. ئیسماعیل شکور باسی لەوەشکرد، کە ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی دەیانویست بودجەی پرۆژە ستراتیژییەکان لەگەڵ بودجە سیادییەکاندا بێتو ئینجا پشکی ١٧٪ی هەرێم دابنرێت، بەڵام ئەوە قبووڵنەکراو ئەگەر قبووڵبکرایە، دەبوایە ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتی پلاندانان وەک پرۆژەی ستراتیژیی دیاریدەکات، ئەنجومەنی وەزیران وەک پرۆژەی ستراتیژیی پەسەندی بکات، پاشان بچێتە ئەنجومەنی نوێنەرانو دەنگی لەسەر بدرێت.

لەبارەی بودجەی هێزی پێشمەرگەوە، کە پێشتر لە پرۆژەی بودجەدا هاتبوو؛ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا رێکبکەوێت لەسەر بودجەی پێشمەرگە، بەڵام ئەو بڕگەیە گۆڕانی بەسەرداهاتو کرا بە ئەرک بەسەر سەرۆک وەزیرانەوە، کە پابەندبێت بەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێکبکەوێت لەسەر بودجەی هێزی پێشمەرگە.

پەسەندکردنی بودجە تەنیا یەکلاییکردنەوەی بەشێک لەو کێشانە نەبوو کە هەموو ساڵێک لەنێوان هەرێمو ناوەندا لەکاتی پەسەندکرنی بودجەدا سەریهەڵدەدا، بەڵکو تیایدا بودجەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقو سوودی کۆمەڵایەتیش کەمکرایەوە.

هومام حەمودی، ئەندامی فراکسیۆنی ئیئتیلاف لە پەرلەمانی عێراق، رایگەیاند: لەنێو یاسای بودجەی عێراقدا مووچەی بەرپرسان (١٠٪) کەمکراوەتەوە، ئەگەرچی هیواداربووین رێژەیەکی زۆرتر کەمبکرایەتەوە، جگە لەوەش بودجەی سوودی کۆمەڵایەتی «منافع الاجتماعی» کەمکراوەتەوە بەرێژەی (٧٠٪)، لەکاتێکدا وامان دەخواست هەر نەهێڵرێتو ئەو پارەیە بەتەواویی بۆ نەخۆشەکانی شێرپەنجە خەرجبکرێت.

لەم بارەیەوە دکتۆر ئیسماعیل شکور دەڵێت: «ئەو بودجەیەی کە لە سوودی کۆمەڵایەتی بڕدراوە، (١٧٪)ی بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم دەبێتو ئەو بودجەیەش کە لە سێ سەرۆکایەتییەکە بڕدراوە ١٧٪ی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی هەرێمی کوردستان تەرخاندەکرێت.

هەر لە پەسەندکردنی بودجەدا پێشنیازێکی دیکەی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی رەتکرایەوە، کە داوایکردبوو یەک ترلیۆن دینار بۆ پشتگیریکردن لە جوتیاران تەرخانبکرێت، بەڵام ئیسماعیل شکور ئەمە بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەزانێتو ئاماژەبەوەدەکات؛ حکومەت بۆخۆی (١) ترلیۆنو (٢٠٠) ملیار دیناری بۆ پشتگیریی کشتوکاڵ تەرخانکردووە.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو پێشنیازەشی قبووڵکرد، کە لە پرۆژە بودجەدا هاتبوو، کە ئەو شارانەی نەوتیان لێ بەرهەمدەهێندرێت یان نەوتیان لێ دەپاڵێورێت بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک یەک دۆلار بۆ ئەو شارە دەبێت، هەروەها ئەو شارانەی غازی لێ بەرهەمدەهێندرێت، بۆ هەر (١٥٠) مەتر سێجا غاز یەک دۆلار بۆ ئەو شارە دەبێت.

د. ئیسماعیل شکور لەمبارەیەوە وتی: «ئەمە باشترین خزمەتە بۆ شاری کەرکوکو هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر رۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستان بەرهەمبهێنرێت، لەبەرامبەردا رۆژانە (١٠٠) هەزار دۆلار بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، کە ساڵانە دەکاتە زیاتر لە (٤) ملیۆن دۆلار».

لەلایەکی دیکەوە، بڕگەیەکی دیکەی پرۆژەیاسای بودجە تایبەت بوو بە دانانی بودجە بۆ (١١٥) هەزار پێگەو شوێنی کار کە وەزارەتی پلاندانانی عێراق داوایکردبوو خەڵکی بۆ دابمەزرێنرێت، بەڵام لایەنە سیاسییەکان مەترسیی ئەوەیان دەکرد، کە ئەم کارە وەک پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت.

هومام حەمودی لەبارەی ئەم دامەزراندنەوە وتی: «رێوشوێنی تایبەتمان بۆ دەستنیشانکردووە، بۆئەوەی لەو بوارەدا سوودی لێوەرنەگیرێتو بەر لە هەڵبژاردن بەشێوەیەکی نایاسایی خەڵک دابمەزرێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش کارەکان بە مەڵبەندی راژە سپێردراوە».

لای خۆشیەوە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق راگرتنی دامەزراندنی (١١٥) هەزار پێگەو شوێنی کار کە وەزارەتی پلاندانانی عێراق داوایکردبوو، بە کارێکی نادروست دەزانێتو حیزبی دەعوەی ئیسلامیش لە هەوڵی ئەوەدان ئەم بڕگەیەی یاسای بوودجەی عێراق لە سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبووەشێننەوە.

# پەرلەمان لە کێشەی (١٢) زیندانی دەکۆڵێتەوە

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**زیندانییەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی سلێمانی لە سکاڵانامەیەکدا داوای هاوکاری لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن‌و لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانیش بەدواداچوون بۆ کێشەی ئەو (١٢)زیندانییەی بەڕێوەبەرێتییەکە دەکات کە سێ ساڵە بەر لێبووردنی گشتیی کەوتوون، بەڵام تائێستا ئازادنەکراون.**

## سکاڵای زیندانییەکان

ژمارەیەک زیندانیی لە بەڕێوەبەرێتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی سلێمانی لەسکاڵایەکیاندا کە تایبەت بۆ ڕۆژنامەیان ناردووە، ئاماژە بە ڕەوشی خراپی گوزەرانیان دەکەن لەزینداندا‌و داوای هاوکاریی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن.

لە بەشێکی سکاڵانامەکەیاندا، ئەو زیندانییانە نووسیویانە «بەدەر لەوەی کە هەریەکەمان بەنەهامەتییەک گیراوین، لەچواردیواردا بەندکراوین کە ناونراوە چاکسازیی کۆمەڵایەتیی، بەڵام بەداخەوە، ئەمە چاکسازیی کۆمەڵایەتیی نییە، چونکە تێیدا سوکایەتی بە کەرامەتی خۆمان‌و کەسوکارمان دەکرێت کە دێن بۆلامان، دەمێک قایشی پانتۆڵیان لێدەسێنن یان پشتێنەکانیان لێدەکەنەوە، گوایە نەوەکا شتی خراپیان بۆ هێنابێتین، ئەمە جگەلەوەی ئەو پارەیەی کە بۆمان دێنن لێیان دەسێنن‌و ناهێڵن زۆربەی خواردنەکانمان بۆ بێتە ژورەوە کە ئەوانیش کەباب، یاپراغ، کفتەو شفتەن‌و گوایە شتیان تێدا هەڵدەگیرێت».

سەبارەت بە ڕەخنەو گلەیی ئەو زیندانییانە، لوقمان یاروەیس بەڕێوەبەری چاکسازیی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد «بەپێی یاسای چاکسازیی عێراقی کە تەبەنی کراوە بۆ کوردستانیش، خواردنی پێچراوە بۆ زیندانییەکان بەهەموو جۆرێک قەدەغەیە، چونکە پێدەچێت شتی تێدا هەڵبگیرێت». لەبارەی لێسەندنی پارەشەوە، وتی «هیچ زیندانییەک بۆی نییە لە (٢٥)هەزار دینار زیاتری پێبێت‌و ئەو پارەیەی کەسوکاریان بۆیان دێنن، لای ئێمە لە بەشی ژمێریاریی هەڵدەگیرێت‌و ڕۆژانە بەوەسڵ دەتوانن لێی دەربکەن، هەتا تەواو دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ڕەنگە ئەو پارەیەی بۆئەوە بێت، هەوڵی ڕاکردنی پێبدات‌و لەدەرەوە پارەکەی پێببێت».

لە سکاڵانامەکەیاندا نووسیویانە «ئەوە حاڵی ئەفسەرەکەی خۆیانە، ئەی چۆن تەعویزی کەرامەتی ئێمە دەدەنەوە کە هەمووشتێکیان لێ قەدەغە کردووین بەناوی ئەوەی، نەوەکا کەلوپەلی قەدەغەکراومان بۆ بێت، لەکاتێکدا ئەفسەرەکەی خۆیان شتەکان دێنێتە ناوەوە».

لەوبارەیەشەوە بەڕێوەبەری چاکسازیی کۆمەڵایەتیی سلێمانی بە ڕۆژنامەی وت «چاوپۆشی لەکاری ئەو ئەفسەرە نەکراوە، بەڵکو لەلای پۆلیس شکاتی لێکراوەو ئێستا کێشەکەی لەدادگایە بۆ یەکلاییکردنەوە، چونکە ئەمە بەڕێوەبەرێتیی چاکسازییە، چاکسازیش بەهەموو لایەک دەکرێت بە زیندانییەکان‌و کارمەندەکانیشەوە».

## ئەو زیندانییانەی لێبووردنی گشتییان هەیەو ئازادناکرێن

لەساڵی (٢٠٠٧)دا بە لێبووردنێکی گشتی کە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق دەریکرد، ژمارەیەک زیندانی ئازادکران، بەڵام (١٢)کەس لەو زیندانییانە «هەڵەی تەکنیکی‌و ئیدارییەوە»، فایلەکانیان بەردەستی ئەو لیژنەیە نەکەوت کە بۆ لێبووردنەکە پێکهێنرابوو، بەو هۆیەشەوە ئازادنەکراون‌و کێشەکەیان هەتا ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە.

لەچەند ڕۆژی ڕابردووشداو لەسەردانی چەند پەرلەمانتارێکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستاندا، زیندانییەکان دووبارە سکاڵاکانیان بەرزکردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان.

پەیمان عیزەدین، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەم زیندانییانە چەندین هەوڵیانداوەو سکاڵاکانیان گەیشتووەتە پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم‌و ئەنجومەنی دادوەری، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبووە، هەربۆیە دووبارە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمدا قسەمان کردەوەو کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریدا کردووە، ئەنجامی بەدواداچوونەکەشمان ئەوەی لێکەوتەوە کە هەفتەی داهاتوو لیژنەیەکی نوێ بۆ ئەو مەسەلەیە پێکبێت‌و وەڵامی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان بدەنەوە کە ئایا لێبووردن ئەو زیندانییانە دەگرێتەوە، یان نا».




## ئەفسەرێک کەلوپەلی قەدەغەکراو دەبات بۆ زیندانییەکان

لەلایەکی دیکەوە لە سەرەتای مانگی ڕابردوودا، ئەفسەرێکی ئێشکگر لە بەڕێوەبەرێتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی بە ژمارەیەک کەلوپەلی قەدەغەکراوەوە گیرا کە مەبەست لێی فرۆشتنەوەی بوو بە زیندانییەکان، کەلوپەلەکانیش خۆیان لە (دوو ئامێری دیڤیدی‌و ژمارەیەک فیلمی سێکسی‌و حەبی قەدەغەکراو)دا دەبینییەوە، بەو هۆیەوە زیندانییەکان

## ئەو زیندانییانەی (١٠)ساڵە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە

بەپێی ئاماری ساڵی ڕابردووی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە (١٣٤)کەس سزای لەسێدارەدانیان لەبەندیخانەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆ دەرچووە کە (٦٨)یان لە بەندیخانەکانی سلێمانی‌و (٢٦) یان لە بەندیخانەکانی هەولێرو (٤٠)یان لە بەندیخانەکانی دهۆکن‌و لەنێویشیاندا (٧)ژن هەن کە سەرجەمیان بە تاوانی کوشتن‌و تیرۆرو چەندین کێشەی تر سزادراون کە ژمارەیەکیان (١٠)ساڵ پێش ئێستا ئەو سزایەیان بۆ دەرچووە، بەڵام تائێستا بەبێ هیچ یاسایەک یان بڕیارێک حوکمەکانیان وەستێنراوەو جێبەجێ نەکراوە، ناشزانرێت ئەو ساڵانەی ڕابردوویان لەپای چی بۆ هەژماردەکرێت.

پەیمان عیزەدین، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، لەوبارەیەوە وتی «یاداشتێکمان ئامادەکردووەو تێیدا داوامانکردووە کە چارەنووسی ئەو زیندانییانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، بەلایەکدا بخرێت، چونکە پێمان وایە، کەسێک کە (١٠)ساڵ بەندکردنی چەشتبێت، ئیتر حیکمەتی لەسێدارەدانەکەی چییەو یاداشتەکەشمان بەو لایەنەدایە کە حوکمی لەسێدارەدان سنووردداربکرێت».

بەپێی مادەی (١١)ی یاسای ژمارە(٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٣)ی لەکارخستنی مادەگەلێک لەیاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی ئسوڵی محاکەمە سزاییەکانی عێراق، سزای لەناوبردن (الاعدام) لە هەرێمی کوردستان ڕاگیرا، دواتر بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو دەسەڵات درا بە سەرۆکی هەرێم کە حوکمی سزای لەسێدارەدان پەسەندبکات، یان کەمی بکاتەوە، دواتریش یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠٠٦) یاسای کارپێکردنەوە بە سزاکە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش، لەو کاتەوە هیچ یاسایەک یان بڕیارێک لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرنەچووە بۆ وەستاندنی سزای لەسێدارەدان‌و جێبەجێ کردنی حوکمی ئەو کەسانەی کە بەو سزایە حوکمدراون‌و جێبەجێنەکردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

# تاوانی شەرەف، کاندیدەکان لە هەڵبژاردن دووردەخاتەوە

ئەلەند مەحوی

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، (٣٠) پاڵێوراوی دیکەی لە بەشداریکردنی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بەهۆی تۆمەتباربوونیان بە ئەنجامدانی تاوانی شەرەف دوورخستەوە، ڕاوێژکارێکی یاساییش بەپێویستی دەزانێت مەرجەکانی قبووڵکردنی کاندیدی هەڵبژاردنەکان چەند تاوانێکی دیکەی وەک کوشتن بگرێتەوە.

ئوسامە عەبدول مەجید عانی، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاشکرایکرد، کە (٣٠) پاڵێوراوی دیکە لە هەڵبژاردن دورخراونەتەوە، بەهۆی ئەوەی ناویان لە تۆمارەکانی وەزارەتی ناوخۆدا هەیەو تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانی شەرەف، قەوارە سیاسییەکانیشیان لە بوونی ئەو ناوانە ئاگادارکردووەتەوەو پێویستە کاندیدی دیکە بۆ جێگرەوەیان بۆ خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکان دەستنیشان بکەن.

ئوسامە عانی، ئاشکراشیکرد؛ «لەئێستادا وەزارەتی ناوخۆ سەرقاڵی وردبینیکردن‌و لێکۆڵینەوەیە لەناوی پاڵێوراوان‌و بەرەو تەواوبوون دەچێت.

بەپێی یاسای سزادانی عێراقیی، تاوانی شەرەف پێکهاتووە لە ئیختیلاس‌و ڕەشوەو تەزویرو ئیغتیساب‌و تەحەروش، بەڵام تاوانی کوشتن ناگرێتەوە، یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقیش هیچ مەرجێکی بۆ ڕاگرتنی ئەو کاندیدانە دانەناوە کە تاوانی کوشتنیان ئەنجامدابێت.

کارزان فازیل، پارێزەری ڕاوێژکار، بەپێویستی دەزانێت مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ ئەندامی پەرلەمان گۆڕانکاریی تێدابکرێت‌و هەندێک تاوانی دیکەش بگرێتەوە. ڕوونیشیکردەوە، کە بە دیاریکراویی پێویستە مادەی (٤٠٦) لە یاسای سزادانی عێراقیی بگرێتەوە.

کارزان فازیل بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەکارێکی نادروستی دەزانم کەسێک ئەندامی پەرلەمانی عێراق بێت‌و ژنێکی کوشتبێت، بۆیە دەتوانرێت چەند جۆر تاوانی دیکە بخرێتە ناو تاوانی شەرەفەوە، تا یاسای هەڵبژاردنەکان بیگرێتەوە».

جگە لە تۆمەتباربوون بە تاوانی شەرەف، یاسای هەڵبژاردنەکان مەرجی (بەعسی نەبوونیشی) بۆ کاندیدەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق داناوە، لەم ڕووەشەوە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە ڕەسمیی (٤٥٨) پاڵێوراوو (٩) قەوارەی سیاسیی دورخستبووەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، کە بڕیارە (٧)ی ئازاری ئەمساڵ لە سەرتاسەری عێراق بەڕێوەبچێت.

# بارزانی، پشتیوانی لە ئیدارەیەکی سەربەخۆ دەکات بۆ ناوچەی پشدەرو بتوێن

# ئیدارەی سەربەخۆی قەزاکان، پارێزگاکان بچوکدەکاتەوە

ڕاپۆرتی، دلێر عەبدولخالق

**مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای مانگێک لە سەردانەکەی بۆ ناوچەکە، بەڵێنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بە ناوچەی بتوێن‌و پشدەر دەدات، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش هەوڵدان بۆ بە ئیدارەکردنی چەند قەزایەکی پارێزگاکەی وەک هەوڵێک بەئاراستەی کەمکردنەوەی ڕووبەری جوغرافیی‌و نفوسی پارێزگاکەی ناودەبات، هاوکاتیش ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان پێیوایە؛ کاری ئەو ئیدارانە پێویستی بەچوارچێوەیەکی یاسایی هەیە.**

لەکۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ دانیشتووانی قەزای ڕانیەو پشدەر، چەند داواکارییەکیان ئاراستەکرد، لەوانە: «بە پارێزگاکردنی ڕانیەو دامەزراندنی زانکۆی ڕاپەڕین» بوو، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرپرسە باڵاکانی حیزب‌و حکومەت هەموو ساڵێک‌و لەیادی ڕاپەڕینی ناوچەکەدا بەڵێنی بەپارێزگاکردنی سنوورەکەیان ڕاگەیاندووە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامـە، دوای گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێم لە بتوێن‌و پشدەر نامەیەکی ئاراستەی هەریەک لە د.بەرهەم ساڵح‌و ئازاد بـەرواری سـەرۆک‌و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کـردووە، کە لە بەشێکیدا هاتووە: «پشتیوانی لەوەدەکەم مامەڵەی ئیدارەیەکی سەربەخۆ لەگەڵ ناوچەی بتوێن‌و پشدەر بکرێت، هەروەها زانکۆیەکیش بۆ ناوچەکە بکرێتەوە»، ئەگەرچی ئەم بڕیارە جێگەی دڵخۆشیی خەڵکی ناوچەکەیەو لەدوای ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان دووەم ئیدارەی سەربەخۆ دەبێت‌و بڕیاریشە هەڵەبجەش لەئایندەیەکی نزیکدا وەک ئیدارەی سەربەخۆ ڕابگەیەندرێت، بەڵام نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئیدارەی سەربەخۆی ناوچەکان یەکێک لەلەمپەرە بەهێزەکانی بەردەم کارکردنی ئەو ئیدارەیەیە، چونکە بەپێی دەستووری عێراقیی‌و ڕەشنووسی دەستووری هەرێمیش ڕێکخستنی سیستمی ئیداریی لەعێراقدا خۆی لە پارێزگا، قەزا، ناحیە، گوندەکان دەبینێتەوەو لەهیچ شوێنێک باسی «ئیدارەی سەربەخۆ»و ئەرک‌و دەسەڵاتەکانی نەکراوە.

حاجی ئیبراهیم نوێنەری سەرۆکی هەرێم لەناوچەی ڕاپەڕین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر سەردانەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمدا، شاندێکی سەرۆکایەتی هەرێم سەردانی ناوچەکەمان کـردو مـژدەی ئیدارەیەکی سەربەخۆو دامەزراندنی زانکۆی ناوچەکەمان ڕاگەیاند، هاوکاتیش وەک جێبەجێکردنی بەشێک لە بەڵێنەکانی سەرۆکی هەرێم بە بەهای (یەک ملیۆن‌و پێنج سەد هەزار) دۆلار بۆ قەزاو ناحیەو گوندەکان چەند پرۆژەیەک‌و دابینکردنی چەند پێداویستیەکمان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکراکرد».

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات، بڕیاری بەئیدارەکردنی چەند قەزایەکی پارێزگای سلێمانی، ئەگەر بەدیوێکدا بۆ خزمەتی خەڵکی ناوچەکەو کەمکردنی ڕۆتیناتی ئیداریی بێت، بەدیوەکەی دیکەیدا لە مەرامی سیاسیی بەدوور نییە.

کـاوە عەبدوڵڵا سـەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە ڕۆژنامەی وت: «ناوچەی ڕاپەڕین مافی خۆیانە داوای خزمەتگوزاریی زیاترو دابینکردنی بودجەی زیاتر بکەن، بەڵام ئەو داواکارییانە لەچوارچێوەی پارێزگای سلێمانیدا بێت، نەک بە لەتکردنی ئیدارەی سلێمانی، چونکە ئەگەر بەوشێوەیە بێت کار لەسەر بچووککردنەوەی شوێنی جوغرافیی‌و دەنگی پارێزگای سلێمانی دەکرێت».

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بـڕوای وایـە، بڕیاری دابڕینی ئیدارەیەکی سەربەخۆ لەپارێزگایەک بێئەوەی ڕاوێژ بە پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگار بکرێت، هێندە ئاسان نییە، هاوکاتیش «ئەزموونی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان لـەڕووی باشکردنی ئـەدای دامـــەزراوە خزمەتگوزارییەکان‌و کەمکردنەوەی نـاڕەزایـەتـی هاوڵاتییان سەرکەوتوو نەبووە».

لە بەرامبەردا، عەلی حەمەد بەگ قایمقامی ڕانیە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین بەئامانجی کەمکردنەوەی قەبارەی پارێزگای سلێمانی بێت‌و وتی: «سلێمانی یەکێکە لە پارێزگا گەورەکانی عێراق‌و بە پارێزگای دایکی دەزانـیـن، بـەڵام بەهۆی فراوانبوونی سنووری جوغرافی سنوورەکە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان‌و داواکردن بۆ نەمانی ڕۆتین‌و کارئاسانیی هاوڵاتییان، ئەم داوایەمان بەرزکردووەتەوە، بەدیوێکی دیکەیشدا هەر ناوچەیەک دەکرێتە پارێزگا، یان ئیدارەی سەربەخۆ کۆمەڵێک پرۆژەو دەسەڵات بەدوای خۆیدا دەهێنێت‌و بودجەی سیادیشی بۆ تەرخاندەکرێت، ئەمەش بۆ بووژاندنەوەی ناوچەکەی گرنگە».

پسپۆڕێکی بواری ئیدارەو بەڕێوەبردن دەســتــەواژەی «ئـیـدارەی سەربەخۆ» بە ڕێکخستنێکی نوێی ژیانی کارگێڕیی ناودەبات‌و بڕوای وایە؛ ئەم ئیدارە سەربەخۆیانە لەلایەک بۆ چالاککردنی دامەزراوەکانی حکومەتەو لەلایەکی دیکەیش دۆزینەوەی پۆستێکە بۆ کەسێک.

ڕەفیق ساڵح پسپۆڕی ئیدارەو بەڕێوەبردن پێیوایە؛ بەهۆی ئەو هەلومەرجە نوێیەی لە هەرێمدا هاتووەتە گۆڕێ، ئێستا لەهەموو کات زیاتر دەسەڵاتی هەرێم ئیش لەسەر ئەوەدەکات گوێ لە داواکاریی‌و گلەیی‌و گازندەی خەڵک بگرێت‌و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، هەربۆیە بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆ ئەگەرچی لەڕووی ئیدارییەوە نازانێت چییە! بەڵام دواجار بۆ خزمەتکردن‌و ڕازیکردنی خەڵکە.

ئـەو پسپۆڕە وتیشی: «لەگەڵئەوەی هەندێک ناوچە فراوانبوون‌و هەقە چاویان پێدابخشێنرێتەوەو پارێزگای نـوێ زیاد بکرێت، بەڵام بۆ ئێستا لەبری ئەوەی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان یان ڕانیە پێکبێت، پێویستبوو جێگری پارێزگاری سلێمانی لەو ناوچانە بێت‌و دەسەڵاتی دامەزراوەکانی زیاد بکرێت، چونکە هەر ناوچەیەک کە دەکرێتە ئیدارەی سەربەخۆ دەچێتە دەرەوەی پارێزگای سلێمانی، لەهەمانکاتیش ئەندامەکانیان لەهەمان ئەنجومەن دادەنیشن».

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئەوە ڕووندەکاتەوە، بەپێی دەستووری عێراقی، هەرێم دەسەڵاتی زیادکردنی هیچ پارێزگایەکی نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەتوانێت بۆ ڕێکخستنی کاری ئیداریی دەسەڵاتی زیاتر بە ناوچەیەک ببەخشێت‌و دەکرێت ئەمەش لەچوارچێوەیەکی یاساییدا ڕێکبخرێت.

گـۆران ئـازاد ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان وتی: «ئێمە هەرێمێکی فیدراڵین‌و سەر بە حکومەتی عێراقین، هەرێم فراوانبووە، کەواتە ناتوانین پارێزگایەک زیاد بکەین، بەڵکو ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی‌و حکومەتی مەرکەزیی عێراقدایە، بەڵام ئاساییە هەرێم چۆن سنووری ئیدارەی خـۆی ڕێـکـدەخـات، ڕەنگە بۆ باشکردنی کارو نەهێشتنی ڕۆتینیانی ئیداریی‌و دارایی دەسەڵاتێکی زیاتر بە ناوچەیەک لەناوچەکان بـدات، نـەک بـۆئـەوەی پۆست بۆ یەکێک بدۆزێتەوە».

گـۆران ئـازاد ئەوەشی ڕاگەیاند: «لە دەستووری عێراقیدا بەهیچ شێوەیەک باس لە ئـیـدارەی سەربەخۆ ناکات، بۆئەوەی گرفتیش لەبەردەم ئەو جۆرە ئیدارە دروست نەبێت، پێمباشە حکومەتی هـەرێـم بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هەیکەلە ئیدارییەکان، پرۆژەیاسایەک پێشکەش بە پەرلەمان بکات، لە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئـەوە بکەین ئەو ناوچانە دەسەڵاتیان لەڕووی ئیداریی‌و داراییەوە چییەو ئەو هەوڵە تاچەند خزمەت بە هاوڵاتییان‌و باشکردنی کاری ئیداریی دەکات».

# گەورەترین کێشەی بادینان، کەمیی کارەبایە

ڕاپۆرتی:
ئارام شێخ وەسانی، هێمن محەمەد

**بەپێی ڕاپرسییەکی پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان کە لەسەر کێشە سەرەکییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیدابوو، کێشەی یەکەمی خەڵکی پارێزگای دهۆک کێشەی نەبوونی کارەبایە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دهۆک کارەبای ناوخۆیی نییەو تەنیا پشت بەو کارەبایە دەبەستێت کە لە تورکیاوە ڕاکێشراوە.**


خەڵکی دهۆک ڕووناکیشیان لە دەرەوە بۆدێت

نەبوونی کارەبای ناوخۆیی لە سنووری پارێزگای دهۆک وایکردووە، کە کێشەی بەردەوامیی ئەو ناوچەیە کێشەی کارەبا بێت، تائێستاش پارێزگای دهۆک بۆ کارەبا پشت بەو بڕە کارەبایە دەبەستێت، کە بەپێی گرێبەستێکی حکومەتی هەرێم‌و تورکیا لە تورکیاوە دەگاتە دهۆک، ئەم بڕە کارەبایە کە (١٤٠) مێگایەو تەنیا بەشی ژمارەیەکی کەم لە هاوڵاتییان دەکات، بەردەوام لەگەڵ هەبوونی کێشە لەگەڵ تورکیا دەکەوێتـە مەترسییەوە، بەتایبەتی کێشە سیاسییەکان، بەم هۆیەشەوە ئەو بڕە کارەبایەش بۆ خەڵک‌و فەرمانگەو شوێنە گشتییەکان هیچ گەرەنتییەکی نییە.

ئەندازیار سەفەر تەیب بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای دهۆک، بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە ئێستاداو لەماوەی چەند ساڵی ڕابـردووشـدا یەکەم کێشەی سەرەکی پارێزگای دهۆک، کێشەی کارەبا بووە، ئێمە تائێستا پشت بەو بڕە کارەبایە دەبەستین، کە بەپێی گرێبەستێک لە تورکیاوە دێـت، ئەم بڕەش زۆرکەمە بەتایبەت کە وەرزی زستانە بەکارهێنانی کارەبا لەئاستێکی بەرزدایە، ئێمە توانیومانە نزیکەی (پێنج سەعات) کارەبای گشتیی بدەین بە هاوڵاتییان».

بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای دهـۆک، کە نزیکەی (یـەک ملیۆن) کەس دەبێت، لانیکەم ئەو پارێزگایە پێویستی بە (٤٠٠) مێگاوات کارەبا هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت کارەبا نەبێتە کێشەی سەرەکیی هاوڵاتییان، بەڵام تائێستا ڕێژەی کارەبای بەرهەمهاتوو لەم پارێزگایەدا نەگەیشتووەتە نیوەی ڕێژەی پێویستیش.

ئەگەرچی تائێستا کێشەی کارەبا بەگشتیی کێشەی هەرسێ پارێزگاکەیەو تائێستا نەتوانراوە ئەو کێشەیە بەتەواوی چارەسەر بکرێت، لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمدا چەند هەنگاوێک نراوەو هەندێک وێستگەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا دروست بکرێن، بەتایبەت لە پارێزگای هەولێر، هەروەها لە پارێزگای دهۆکیش چەند هەوڵێک درا، بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، تائێستا پارێزگای دهۆک نەبووەتە خاوەنی هیچ یەکەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا.

ئەو پرۆژانەی لە کابینەی پێنجەمدا بەردی بناغەیان بۆ دانراوە، پێکهاتوون لە هەریەک لە پرۆژەی (٥٠٠) مێگاواتی لە سێمل لە ناوچەی کواشێ، کە دەبوایە لە ناوەڕاستی ساڵی پار ئەو پرۆژەیە کۆتایی بهاتایە، بەڵام پرۆژەکە دواکەوت، هەروەها پرۆژەیەکی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا کە بڕەکەی (١٥٠) مێگاواتە لە باعەدرێ، ئەویش لەژێر کاردایە، هەروەها پرۆژەیەکی هایدرۆئاویی لەناحیەی دێـرەلـوک، کە بڕی کارەباکەی (٣٠) مێگاواتە لەژێر کارکردندایە.

سەفەر تەیب بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای دهۆک بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەپێی ئەو خشتەیەی کە کۆمپانیا بە ئێمەی داوە، لەنیوەی دووەمی ئەمساڵدا پرۆژەی کارەبای کواشێ، کە بڕەکەی (٥٠٠) مێگاواتە تـەواو دەبـێـت، بەمەش دهـۆک کێشەی کارەبای نامێنێـت، هەروەها پرۆژەی (٣٠) مێگاواتی لە دێرەلوک، کە هایدرۆپاوەرەو پرۆژەی (١٥٠) مێگاواتی لە باعەدرێ لەژێر جێبەجێکردندان، بەتەواوبوونی ئەو پرۆژانە کێشەی کارەبا لەسنووری پارێزگاکە تەواو چارەسەر دەبێـت».

هەروەها بۆ بارودۆخی خراپی ئێستا کە سنووری پارێزگاکە تیایدایە پرۆژەیەک جێبەجێکراوە، ئەویش گواستنەوەی کارەبا لە تۆڕی کارەبای کوردستان بۆ دهۆک لە ڕێگای ئاکرێ‌و خەبات، کە بە وتەی بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای دهۆک ئەو پرۆژەیە کاریگەرییەکی باشی دەبێت، پرۆژەکەش تەواو بووە.

ئەندازیار سەفەر تەیب وتی: «پرۆژەی گواستنەوەی کارەبا لە هەولێرەوە بۆ دهۆک ماوەیەکی باشە دەستپێکردووەو ئێستا تەواو بووە، پێشبینیی دەکەین لەڕێگەی ئەو هێڵەوە نزیکەی (١٠٠) مێگا کارەبا بدرێت بە دهۆک، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر باشە».

# نائارامیی، چەمچەماڵ تووڕەدەکات

**ڕاپۆرتی: بەهادین‌و پشتیوان**

**لەکاتی کۆبوونەوەی بەرپرسانی حیزبیی لەگەڵ کەمپەینی داکۆکیی لە ئارامیی چەمچەماڵ، حاڵەتێکی کوشتن ڕوودەدات‌و بەو حاڵەتەوە لەماوەی مانگی ڕابردوودا (٥) حاڵەتی کوشتن لە سنووری شارەکە ڕوویانداوە، ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆشنبیرانی شارەکەش دەزگا ئەمنییەکان‌و حکومەت بە کەمتەرخەم دەزانن.**

ژمارەیەک ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی چەمچەماڵ ڕۆژی (٢٠١٠/١/٢٧) کەمپەینی داکۆکیی لە ئارامیی‌و ئاسایشی چەمچەماڵیان ڕاگەیاندو لە بەیاننامەیەکدا کە ئاراستەی ئیدارەی شارەکەو ئاسایشی گشتیی‌و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانیان کردووە، ئاشکرای دەکەن کە ماوەیەکە لەبری خزمەت‌و بووژانەوەی شارەکە، دیاردەی تەقەکردن‌و کوشتن ڕووی لە زیادبوونەو ئەمەش دانیشتووانی شارەکەی نیگەرانکردووە.

ئاماژە بەوەشدەکەن بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە ژیانی هەر تاکێکی سنوورەکە لە مەترسیدایەو ئەنجامدەرانیشی دەستگیرناکرێن، هەروەک داوا لە وەزیرانی دادو ناوخۆ دەکەن بە زووترین کات بەدەنگیانەوە بچن‌و سنوورێک بۆ ئەو ڕووداوانە دابنێن، ئەگەرنا خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن‌و هەر کاردانەوەیەکیش لە خۆپیشاندانەکە بکەوێتەوە دەسەڵات بەرپرسەو «جام کە پڕبوو لێی دەڕژێت».

لەتیف فاتیح، ئەندامی کەمپەینی داکۆکیی لە ئارامیی‌و ئاسایشی چەمچەماڵ، حکومەت بەکەمتەرخەم دەزانێت لەئاست زۆربوونی توندوتیژیی‌و چارەسەرنەکردنی دۆخەکەداو نیگەرانیی خۆی نیشاندەدات‌و دەڵێت: «بارێکی ناجێگیر هەیە دەبێت چارەسەربکرێت، کێشەکە لەگەڵ ئەوەدا نییە مەفرەزەی پۆلیس‌و ئاسایش بگەڕێن، کێشەکە ئەوەیە خەڵک دەکوژرێت‌و بکوژەکە دەستگیرناکرێت، ئەمەش نائارامییەکی زۆری دروستکردووە».

وتیشی «ئەگەر دەسەڵات بەدەنگمانەوە نایەت هەموو ڕێگا مەدەنییەکان بە خۆپیشاندانیشەوە دەگرینەبەر، بەڵام لەمەودای بانگەشەی هەڵبژاردن لەبەر ئیحترامی بارودۆخەکەو پاراستنی ئارامیی سنوورەکە، ڕەنگە خۆپیشاندان نەکەین، بەڵام بەردەوام دەبین تا چارەسەرکردنی تەواوی بارودۆخەکە».

دوێنێ دووشەممە ژمارەیەک لە ئەندامانی کەمپەینی داکۆکی لە ئارامی چەمچەماڵ لە هەولێر لەگەڵ وەزیری ناوخۆدا کۆبوونەوەو لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری ناوخۆ بەڵێنیدا بەدواداچوون بۆ کێشەکانی چەمچەماڵ بکرێت‌و سەرجەم داواکراوان‌و تۆمەتباران بدرێنە دادگاو بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان‌و نووسینگەی نەهێشتنی تاوان‌و داواکاریی گشتی لە چەمچەماڵ بکرێتەوە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی چەمچەماڵیش لەماوەی (٢٠٠٩/١١/٣٠-٧/١)، (٣٦٤) کێشە لە سنوورەکەدا تۆمارکراون، (١٢) حاڵەتی کوشتن‌و (١٣) بریندارکردن هەبووەو (٣٨) کێشەی ژنان‌و (٧) حاڵەتی سووتان هەبووە، بەپێی ئامارە نافەرمییەکانیش تەنیا لەمانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا (٥) حاڵەتی کوشتن تۆمارکراون.

لە کۆبوونەوەیەکی بەرپرسانی حکومی‌و ئەمنیی لەگەڵ کەمپەینی داکۆکیی لە ئارامیی چەمچەماڵ، دادوەر عومەر ساڵح، سەرۆکی دادگای بەرایی چەمچەماڵ، ئەوەی نەشاردەوە کە کەسانی حیزبیی‌و حکومیی دەست لە کاروباری دادگا وەردەدەن، هەروەک کەمپەینەکە داوا لە بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ دەکەن، کە ڕوونکردنەوە بدات سەبارەت بەوەی کەمپەینەکەی بەوە تۆمەتبارکردبوو کە دەستیان لە پشتە، لەبەرامبەردا عەمید دارا وتی: «مەبەستی ئەوەبووە کە خەڵکانی دەرەوەی شارەکە دەستیان وەرداوەتە کاری کەمپەینەکەوە».

ڕۆژنامەنووس بارام سوبحی، کە یەکێکە لە ئەندامانی کەمپەینەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەموومان درک بە خراپبوونی باری ئەمنیی‌و کەمتەرخەمیی دەزگا حکومییەکان دەکەین‌و «ماوەیەکە بارودۆخی ئەمنیی زۆر خراپبووەو توندوتیژیی زیادیکردووەو دەزگا ئەمنییەکانیش ڕۆڵی کاریگەریان نەبووە لە ڕێگەگرتن‌و کەمبوونەوەی ئەو دیاردانە».

# «کیمیایی» لەسەر کیمیاباران لەسێدارە نەدرا

**ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال**

**دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، دانیشتووانی هەڵەبجەو کوردەکان ئەو خەونەیان نەهاتەدی کە سەردەمانێکە چاوەڕێی دەکەن، چونکە عەلی حەسەن مەجید، کە بە «عەلی کیمیایی» ناوی دەرکردبوو لەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەسێدارە نەدرا، لەسێدارەدانیشی بووە هۆی داخستنی کەیسی کانی عاشقان، کە «کیمیایی» تاکە تاوانبار بوو تێیدا.**

## نایەکسانیی دەرهەق بە دووتاوانی گەورە

دووشەممەی ڕابردوو بەشێکی بەرچاوی کوردەکان‌و دانیشتووانی هەڵەبجە خۆشحاڵبوون بە ڕاگەیاندنی لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید، تاوانباری سەرەکیی کیمیابارانی هەڵەبجە لە (١٩٨٨/٣/١٦)، کە زیاتر لە (٥) هەزار هاوڵاتی تێیدا بوونە قوربانیی، بەڵام ئەوەی نیگەرانیکردن ئەو «تاوانبارە» لەسەر ئەو کارەساتە لەسێدارە نەدرا، بەوپێیەی بڕیاری تەمیزکردنەوەی داواکە لەلایەن دادگاوە تائێستاش دەرنەچووە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە لەسێدارەدانی کیمیایی بووە هۆکاری داخستن‌و ساغنەبوونەوەی دۆسیەی گەڕەکی کانی عاشقانی هەڵەبجە، کە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی عەلی حەسەن مەجید، لە (١٩٨٧/٥/١٣)دا زیاتر لە (٤٠) هاوڵاتی تێدا شەهیدکرا، کە دژی ڕاگواستنی دێهاتەکانی سنوورەکەیان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.

بەکر حەمە سدیق، پارێزەر لە دۆسیەی کانی عاشقان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە لەبارەی داخستنی دۆسیەکەوە وتی: «بەپێی قانوونی ئسوڵیی محاکەماتی جەزائیی، ئەگەر تۆمەتبار لەهەر قۆناغێکی لێکۆڵینەوەدا یان دادگاییکردندا بمرێت لەو قۆناغەدا ئیجرائاتی سزایی لەسەر ئەو کەسە دەوەستێت، بەڵام داواکاران‌و ئەو کەسانەی بەهۆی تاوانبارەکەوە تووشی زیان بوون، دەتوانن داوای قەرەبووکردنەوە بکەن».

وەک بەکر سدیق باسیکرد، ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بووە لە بنەڕەتدا داواکردنی قەرەبووکردنەوە بووە، چونکە «دەمانزانی عەلی حەسەن مەجید لەسێدارە دەدرێت، بەوپێیەی پێشتر زیاتر لە (٥) سزای لەسێدارەدانی موسەدەقی هەبوو، جگە لەوەش لەسێدارەدانەکە لە ڕووە مەدەنییەکەوە کاریگەریی نییە»، بەڵام نەیشاردەوە کە لە ڕووی تاوانکارییەوە کاریگەریی هەبووە، هۆکاری داخستنی کەیسەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە تەنیا عەلی حەسەن مەجید تۆمەتبارە کە گیرابێت، بە مردنی ئەویش کەیسەکە دادەخرێت.

وتیشی: «ئێمە حەزمان دەکرد چاوەڕێی بڕیاری تەمیزیی‌و کۆتایی دۆسیەی کانی عاشقان بکرایە، بەڵام مەسەلەی تەنفیزکردنی لەسێدارەدانەکە بەدەست دادگا نییە، بەڵکو بڕیارێکی تەنفیزییەو کات‌و شوێنەکەی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دیاریدەکرێت».

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە، وەک نوێنەری کەسوکاری قوربانییەکان پێیوایە؛ لەسەرەتاوە تا دەرئەنجامی بڕیاری دادگا ناعەدالەتیی هەبووە بەرامبەر ئەو زوڵمەی لە خەڵکی هەڵەبجە کراوە لەسەر هەردوو تاوانی کیمیاباران‌و کانی عاشقان.

ڕەخنەی ئەوەش دەگرێت کە سەدام لەسەر قەزیەی دوجەیل لەسێدارەدرا، بەڵام بەپێی ژمارەو ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردو هەڵەبجەکراوە، «نەک بۆ لەسێدارەدانی کیمیایی چاوەڕوانی تەمیزکردنەوە نەکرا، بەڵکو تاوانەکە ئەوەندە بچووککرایەوە ئەو تاوانە گەورەیەیان خستەژێر پرسیارەوە، بەشێوەیەک کە تەنیا کەسێک بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکراو پێش بڕیاری تەمیزکردنەوەکە لەسێدارەیان دا، جگە لەوەی حوکمی ئەوانی دیکەش ئەوەندە زۆر نەبوو بەراورد بەو تاوانە گەورەیە، ئەوەش جیاوازییەکەیە».

لوقمان پێیوایە؛ دەستی سیاسیی ڕێڕەوەکانی دادگای تێکداوەو هەر ئەو دەستەش لەپشت خێرا جێبەجێکردنەکەوەیە، بەوپێیەی تەنیا کەیسی کانی عاشقان لە کەیسی دوجەیل گەورەتربوو، کە توانرا گەورەترین دیکتاتۆری لەسەر لەسێدارە بدرێت، بەڵام کەیسی کانی عاشقان بەوشێوەیە داخرا. وتیشی: «بەرنامەیەکی سیاسیی تۆکمە هەبووە بۆئەوەی ئەو کەیسانەی کیمیاباران‌و کانی عاشقان بەو ئاقارەدا ببرێن، کە ئەو خواست‌و قوربانییانەی هەبووە پێشێلبکرێن».

لای خۆشیەوە پارێزەرەکە باسی لەوەکرد، کە پێشتر داوایانکردووە چاوەڕێی بڕیاری تەمیزو دۆسیەی کانی عاشقان بکرێت‌و «سەرۆک وەزیرانیش بەڵێنی دابوو، بەڵام لەو شتانەدا مولتەزیم نین بەو بەڵێنانەوە».

## کەمکردنەوەی گەورەیی تاوانەکان

ئەوەی هەڵەبجەییەکان‌و نوێنەرەکانیانی نیگەرانکرد، چاوەڕێی تەمیزکردنەوەی بڕیاری لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی نەکرا لەسەر تاوانی هەڵەبجە، جگە لەوەی هیچ کوردێک بەشداریی لە ڕێوڕەسمی لەسێدارەدانەکە نەکرد، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەسەر تاوانی هەڵەبجە لەسێدارە نەدراوەو کاریگەریی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی قورسایی‌و گەورەیی تاوانی کیمیاباران‌و کانی عاشقان.

بەکر حەمە سدیق دەڵێت: «گرنگ ئەوەیە لە کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، مانەوەشی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە کەیسەکە نەدەکرد، چونکە کەیسەکە کۆتایی هاتبوو، تەنیا شتێکی گرنگیش کە ماوە، قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان‌و ناساندنی تاوانەکەیە بە جینۆساید».

بەڵام لوقمان لەو بڕوایەدایە لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید پێش تەمیزی کیمیاباران‌و کۆتایی کەیسی کانی عاشقان، هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی قورسایی‌و گەورەیی کارەساتەکانی بەسەر هەڵەبجەو خەڵکەکەیدا هێنراون. وتیشی: «تەنیا ئەوەبوو ئەو تاوانبارە لەسەر کەیسی هەڵەبجە گوێی لە بڕیارەکەی دادگا بوو، دەنا هیچ قەرەبوویەکی ڕۆحی بۆ قوربانییەکان نەکرا، چونکە لە سێدارەدانی کیمیایی لەسەر ئەو کەیسانەی دیکە بووە کە حەقی یاساییان وەرگرتبوو».

## بە جینۆساید نەناسێنرا

بە جینۆساید نەناساندنی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو داخستنی کەیسی کانی عاشقان‌و مسۆگەرنەبوونی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان، کوردەکانی نیگەرانکردووەو ڕەخنەیان لە نوێنەرەکانیان هەیە لە بەغدا، بەوپێیەی نەیانتوانیوە ڕۆڵی کاریگەر ببینن لە دەرخستنی ئەو کارەساتانەی لە ڕابردوودا بەسەر کورددا هێنراون.

بەکر حەمە سدیق پێیوایە؛ لە داواکەدا براوەن‌و ئومێدی هەیە بە جینۆساید بناسرێت، بەوپێیەی «شێوازی بڕیارەکەو زۆرینەی دەنگەکانی نێو دادگا پێیانوایە، تاوانێکی جینۆسایدە، بە جینۆسایدناساندنیشی ئەگەرێکی بەهێزە، جگە لەوەی گرەنتی هەیە بۆ قەرەقبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان کە لەبەردەم داداگایەکی مەدەنیدا داوای قەرەبوو بکەنەوە».

بەڵام سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییان پێیوایە؛ ئەنجامەکان نەک دڵخۆشکەر نەبوون، جێی نیگەرانیی بوون، بەوپێیەی لە دادگا ئاماژەی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەکراوەو «لەکاتی خوێندنەوەی بڕیار بەسەر هەر چوار تاوانبارەکەشدا ئاماژە بە ناوی هەڵەبجەش نەکرا».

ئەو ڕوونیدەکاتەوە کە هەردوو لایەنی یەکێتی‌و پارتییان ئاگادارکردووەتەوە لە دەستتێوەردانی بڕیاری دادگا، بەپێی ئەو بەڵگانەی ئێمەو گۆڕە بە کۆمەڵەکان‌و کیمیاباران، «شایەنی ئەوەن بکرێتە جینۆساید، ئێمە سەرکردایەتیی کوردمان لەو دەستی دەستی پێکردنە ئاگادارکردەوە، کە ئەو لایەنانە دەیانەوێت کەیسی هەڵەبجە بە ئاقارێکی دیکەدا ببەن، بەڵام ئەوان دەیانوت دەستتێوەردان نییەو دادگا خۆی بڕیار دەدات».

لوقمان جگە لەوەی بڕوای وایە ئامادەنەبوونی کورد لە سێدارەدانەکەی عەلی کیمیاییدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە لەسەر تاوانی هەڵەبجە لەسێدارە نەدراوە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە «لادان لە دەستەواژەکان دەستی سیاسیی پێوە دیاربوو، تەمەننا دەکەین لایەنە سیاسییەکان‌و ئەو کەسانەی لە بەغدان هەوڵبدەن بۆ ناساندنی کەیسەکان بە جینۆساید وەک خۆی، چونکە تائێستا نەتوانراوە وەک خۆیان بناسێنرێن».



پەیکەری عومەری خاوەر کە لە ١٩٨٨/٣/١٦ شەهیدکرا

فۆتۆ: سەلام حاجی

# رانیە، باجی پرۆژە سەقەتەکان دەدات

راپۆرتی: شاسوار مامە

**پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە، کە وابڕیاربوو مانگی (٢٠٠٧/١١) تەواوبکرێت، دوای تێپەڕبوونی(٣) ساڵ بەسەریدا تائێستا ئەو پرۆژەیە تەواونەکراوە، لەکاتێکدا کێشەیەکی سەرەکیی دانیشتووانی رانیەو دەوروبەری کەمیی ئاوە، دواکەوتنی پرۆژەکە لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا نیگەرانیی هاوڵاتییانی شاری رانیەی لێکەوتووەتەوە.**



قەزای رانیە، ٣ ساڵە چاوەڕێی پرۆژەی ئاوی دەربەندە

فۆتۆ: ئینتەرنێت

خەلیل عەلی، دانیشتویەکی قەزای رانیەیەو ئاماژە بەوەدەکات؛ «بێبەرنامەیی‌و دیزاینی فاشیل‌و دیراسەنەکردنی پێشوەخت، هۆکاربوون بۆئەوەی ئەم پرۆژەیە بەو دەردە بچێت کە کەس نازانێت کەی تەواودەبێت».

خەلیل بۆ رۆژنامە وتی: «حکومەت زۆر لەخۆی رازیبوو لە سەرکەوتنی پێشوەختی پرۆژەکە، لە کۆتاییشدا دەرکەوت کە زۆر ناتەواوە، بەڵام ئەگەر پرۆژەکەش تەواوبێت، ئایا لەکوێوە ئەو پرۆژە زەبەلاحە دەبەستنەوە بە تۆڕی ئاوی رانیەوە».

لەگەڵ ئەوەی کە پرۆژەکە تەواونابێت‌و بەردەوام کاتی بۆ تازەدەکرێتەوە، هێشتا پرۆژەکە سەرکەوتوو نەبووەو ئەگەر لە ئێستادا پرۆژەکە تەواویش بێت کێشەی بەستنەوەی هەیە بە تۆڕی ئاوی رانیەوە.

بە بڕوای هیمداد مەحمود، کە هاوڵاتییەکی دیکەی ئەو شارۆچکەیەیە؛ «ئەم پرۆژەیە لە لایەکەوە لە وادەی دیاریکراوی خۆی تەواونەکراو لەلایەکی دیکەوە هەڵەی کوشندەی ئەندازیاریی تێداکراوە». وەک ئەو دەڵێت ئەم پرۆژەیە ناتوانێت بەوشێوەیەی کە بڕیاربوو ئەنجام بدرێت‌و پێویستی بەوە هەیە کە سەرلەنوێ چاکبکرێت، ئەوەش پارەی دیکەی دەوێت‌و پێویست دەکات بودجەی دیکەی بۆ تەرخانبکرێت.

هیمداد بۆ رۆژنامە وتی: «پێویستە حکومەت سەرلەنوێ بەو گرێبەستەدا بچێتەوەو بەزووترین کات پرۆژەکە بگەیەننە کۆتایی، چونکە وەرزی هاوین لە بەردەمماندایەو کێشەی کەمئاوییش پێدەچێت لە پارساڵ زیاتربێت».

پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە پرۆژەیەکی ستراتیژیی‌و پێویستی دەڤەرەکەیەو بە یەکێک لە گەورەترین پرۆژەکانی ئەو قەزایە دەژمێردرێت، کە بە تەواوبوونی، لە دەربەندی رانیەوە ئاو دەگوازێتەوە بۆ قەزای رانیەو ناحیەکانی چوارقوڕنەو حاجیاواو سەرکەپکان، بەڵام گرنگیپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی پرۆژەکەدا نەبووە.

لای خۆیەوە محەمەد رەسوڵ مراد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی رانیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە نەخشەی پرۆژەکەدا کراوەو چەند لایەنێکی بۆ زیادکراوەو پێویستی بە بودجەی زیاتر هەبووە، بڕیاریشە لە مانگی تەمموزی ٢٠١٠دا تەواوبکرێت».

لە قۆناغی یەکەمدا پرۆژەکە لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی ئاوی دەوروبەری سلێمانییەوە بڕی (١٨,٥٠٠,٠٠٠) هەژدە ملیۆن‌و پێنجسەد هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرا، بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی پرۆژەکەوە لەکاتی خۆیدا زیاتر لە (٣) ملیۆن دۆلاری بۆ زیادکرا.

ئەندازیار دڵشاد بەکر ساڵح، ئەندامی بۆردی سەرپەرشتیاری ئەندازیاریی پرۆژەکە، لەبارەی سەرنەکەوتنی پرۆژەکەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ساڵی (٢٠٠٢) وەفدێک لە وەزارەتی شارەوانیی ئیدارەی سلێمانی سەردانی دەربەندی رانیەیان کرد، ئەوکاتە ئاوی دەربەند زۆر بوو، ئەو وەفدە شوێنێکیان دیاریکرد بۆ دەرهێنانی ئاوەکە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەچەند ساڵی رابردوودا ئاوی دەربەند زۆر کەمیکردووەو وەک رووبار ماوەتەوە، ناتوانرێت ئاوەکە لەو شوێنە دەربهێنرێت».

ئەو ئەندازیارە وتیشی: «ئەو وەفدە بیریان لەوە نەکردووەتەوە هەمیشە رێژەی ئاو لە بەرزیی‌و نزمیدایە، بەهۆی ئەو هەڵەیەوە کە وەفدەکە کردیان لە دیزاینی پرۆژەکە، تائێستا پرۆژەکە دواکەوتووە، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرێتیی ئاوی دەوروبەری سلێمانی دیزانەکەی گۆڕیوەو ئەمجارە لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە دیزانێکی دیکە دانراوەو (٣) ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ پرۆژەکە زیادکراوە».

سەبارەت بە بەستنەوەی پرۆژەکە بە تۆڕی ئاوی رانیەو چوارقوڕنەو حاجیاواوە، وابڕیارە سەرکەپکانیشی بۆ زیادبکرێت. ئەندازیار دڵشاد بەکر، وتی: «بۆ بەستنەوەی پرۆژەکە بە تۆڕی ئاوی رانیەو ناحیەکان، پێویستە فەرمانگەی ئاوی رانیە پرۆژەکە بداتە نووسینگەیەکی ئەندازیاریی، چونکە فەرمانگەکە توانای ئەو پرۆژەیەی نییە بەهۆی نەبوونی ئەندازیارەوە».

دڵشاد وتیشی: «بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە ماوەی ساڵێکی دیکە دراوەتەوە کۆمپانیاو ئەگەر بەباشیی مامەڵە لەگەڵ پرۆژەکە بکرێت، ئەوا لەو ماوەیەدا تەواودەکرێت».

وەک چۆن گەورەیی پرۆژەکە بووەتە جێگەی دڵخۆشیی خەڵکی رانیەو لە کەمئاویی رزگاریان دەکات، لە بەرامبەریشدا تەواونەبوونی پرۆژەکە بێزارییەکی گشتیی خەڵکی ئەو قەزایەی لێکەوتووەتەوە.

ئامانج شاکر، وەک گەنجێکی شارەکە بە نیگەرانییەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەداخەوە کاتێک کۆمپانیای جێبەکار پرۆژەیەک وەردەگرێت‌و هەڵەی تێدادەکات‌و ناتوانێت تەواوی بکات، حکومەت لەجیاتی سزادانی کۆمپانیاکە ماوەی پرۆژەکە درێژدەکاتەوە».

# یاسایەک بۆ رێکخستنی کاری میدیای ئەلکترۆنی دادەنرێت

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**ئەنستیتیوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ‌و رێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتیی، پرۆژەیاسایەکیان بۆ رێکخستنی کاری میدیای ئەلکترۆنی ئامادەکردووە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە بینرا هەندێک لەماڵپەڕەئەلکترۆنییەکان بنەمای کارەکەیان بەهەڵە دادەنێن، بەڵام چاودێرانی بوارەکە پێیانوایە، کە پێویستە یاسای کاری تەلەفزیۆن‌و رادیۆ، پێش یاسای کاری میدیای ئەلکترۆنی دابنرێت.**

رۆژی (٢٧)ی ئەم مانگە، ئەنستیتیوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هاوکاریی رێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتیی، کۆنفرانسێکیان بە ناونیشانی (میدیای ئەلکترۆنی‌و پێویستی بەیاساییکردنی) سازکرد، کە مەبەست لێی، راگەیاندنی پرۆژەیاسایەک بوو کە تێیدا کاری میدیای ئەلکترۆنی رێکدەخرێت‌و نزیکەی (٢٥٠) رۆژنامەنووس‌و کەسایەتیی ئەکادیمی‌و پسپۆڕ بەشدارییان لە نووسینەوەیدا کردووە.

عەلی کەریم، سەرۆکی ئەنستیتیوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، پێیوایە، کە لەمڕۆدا لە کوردستان، چینی خوێندەوار ئیعتیمادێکی زۆر دەکەنە سەر بەکارهێنانی میدیای ئەلکترۆنی‌و بەو هۆیەشەوە رۆژبەڕۆژ ئەو میدیایە لە رووی چۆنایەتی‌و چەندایەتییەوە گەشەدەکات، وتیشی «بیرمان لەوەکردەوە کە جۆرێک لە رێکخستنی دیموکراسییانەی میدیای ئەلکترۆنی بگرینە ئەستۆ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لەئێستادا، کێشەی جۆراوجۆر لەسەر میدیای ئەلکترۆنی بەرهەمهاتووەو بەشێوەیەک لەشێوەکان بنەماکانی بەهەڵە دادەنرێن».

پرۆژەکەی ئەنستیتیوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، زیاتر قسە لەسەر خیتابی میدیای ئەلکترۆنی دەکات، نەک لە رووی تەکنیکەوە، بەو هۆیەشەوە هەوڵدەدرێت کە بە یاسا ئەو خیتابە رێکبخرێت، هەروەک عەلی کەریم، وتی «ئیجابییات لەوەدا دەبینین کە پێویستە رێکخستنی کاری میدیای ئەلکترۆنی بە یاسا بێت، چونکە ئەو کەسانەی لە ماڵپەڕەکاندا کاردەکەن، مافیان هەیەو ماڵپەڕەکانیش ئیعتیباریان هەیە».

لە کۆنفرانسی راگەیاندنی پرۆژەیاسای رێکخستنی کاری میدیای ئەلکترۆنیدا، زۆربەی شارەزایانی بوارەکەو میدیاکاران پێیانوابوو، کە ناتوانرێت بە یاسا رێ بگیرێت لە پێشێلکاریی‌و لادانەکانی نێو ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان.

بیلال سلێمان، ئەندامی لیژنەی راگەیاندن‌و رۆشنبیریی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوابوو، کە رێگرتن لەو لادان‌و پێشێلکارییانەی لە میدیای ئەلکترۆنیدا دەبینرێن، زۆر زەحمەتە، هەروەک بۆ رۆژنامە وتی: «دەتوانرێت تەنیا سنووری کارکردن بۆ ئەو ماڵپەڕە ئەلکترۆنییانە دابنرێت کە شوێن‌و کەسایەتییەکانی ئاشکران، بەڵام بەدەیان ماڵپەڕ دەتوانن بەشاراوەیی بمێننەوەو ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن».

بەڵام دەکرێت یاسا وەک هەنگاوی یەکەم، بۆ رێکخستنی کاری ئەو ماڵپەڕانە سوودی لێ ببینرێت، هەروەک عەلی کەریم وتی «یاسا نەک تەنیا بۆ میدیای ئەلکترۆنی نابێتە تاکە سەرچاوە بۆ رێگرتن لە پێشێلکارییەکان، بەڵکو بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیانیش هەروایە، بەڵام یاسا میکانیزمێکە کە دەبێت هۆشیاریی ئەخلاقی‌و پیشەیی‌و زانستیی لەگەڵدا بێت‌و بنچینەیەکە کە هەنگاوی یەکەم‌و کۆتایی لەسەر بونیاد دەنرێت».

بەیاساییکردنی کاری میدیای ئەلکترۆنی، لەدوای ئاشکراکردنی پرۆژەیاساکەو بەستنی کۆنفرانسەکەوە، مشتومڕی زۆری دروستکردو زۆرترین وەڵامی ئیجابی بۆ دەرچوونی ئەو یاسایە لەناو ئامادەبوواندا نەبوو، هەربۆیە رێکخستنی کاری میدیای ئەلکترۆنی لەنێوان سێ هەڵبژاردەدا بەجێهێڵرا، ئەوانیش، یان بکرێتە یاسایەکی تایبەت، یان بکرێتە بڕگەیەک لە یاسای کاری رۆژنامەنووسی‌و بە هەموارکردنەوە، بۆی دابنرێت، یان ئەوەتا بکرێتە پەیماننامەیەکی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی کە رۆژنامەنووسان خۆیان لە رووی ئیتیکی رۆژنامەنووسییەوە پێوەی پابەندبن، هەربۆیە ئەنستیتیوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کۆنفرانسەکەدا، بڕیاریدا کە لیژنەیەک پێکبهێنێت بۆ بەدواداچوونی ئەو دۆسیەیە، تا بگەنە دەرئەنجامێک.


ئەندامەکەی لیژنەی راگەیاندن‌و رۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان، بە زوویی دەزانێت کە لە کوردستاندا یاسایەک بۆ رێکخستنی کاری میدیای ئەلکترۆنی دابنرێت‌و پێیوایە، کە کاری لەپێشتر هەیە بۆئەوەی بەیاسایی بکرێن، بیلال سلێمان وتی «دەکرێت رێکخستنی کاری میدیای ئەلکترۆنی لە رێی چەند پرەنسیپێکی ئەخلاقییەوە بکرێت، هەربۆیە پێویستتر لە بەیاساییکردنی کاری میدیای ئەلکترۆنی، بەیاساییکردنی کاری تەلەفزیۆنەکانە، جیاواز لە یاسای کاری رۆژنامەنووسی».

بەهۆی ئەوەی کە میدیای ئەلکترۆنی لەدنیادا نوێیەو جیاواز لەمیدیای بینراو، بیستراو، خوێنراو کە چەندین ساڵە هەن، کاردەکات، تائێستا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا یاسا بۆ رێکخستنی کارەکانی ئەو میدیا نوێیە نییە.

د.مەغدید سەپان، مامۆستای راگەیاندن، ئاماژەی بەوەکرد کە لە وڵاتانی دنیادا، خەریکی داڕشتنی یاسان بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی، هەربۆیە پێویستە لە کوردستانیش بەیاسا کارەکانی ئەو میدیایە رێکبخرێت، هەروەک بە رۆژنامەی وت «پێویستە کوردستانیش یاسایەکی بۆ ئەو مەبەستە هەبێت، ئەمەش بۆئەوەی کە بریندارکردن‌و ناوزڕاندن لە رێگەی ماڵپەڕەکوردییەکانەوە نەمێنێت، یان کەمبکرێتەوە، بەتایبەت بۆ ئەو ماڵپەڕانەی کە ناترسن‌و بەناوی خوازراوەوە کاری رۆژنامەنووسی ناکەن».

هاوڕا لەگەڵ ئەندامەکەی پەرلەمان، د.مەغدیدیش پێیوابوو، کە پێویستە چاپەمەنییەکان یاسای تایبەتیان هەبێت، هاوکات تەلەفزیۆن‌و رادیۆش یاسای تایبەتی خۆیان هەبێت.

# گۆڕان لەنێو خواستو واقیعدا



چیا عباس

**گۆڕان لەم هاوکێشەیەدا لایەنی دەسەڵاتداری بە دوژمن نەداوەتە قەڵەمو مەبەستی سڕینەوەی هێزە کلاسیکییەکانی گۆڕەپانەکە نییە، بەقەدەر ئەوەی لە ململانێی دیموکراسیدا رکابەرییان بکات**

لـەوسـاتـەوەی چەمکی گـۆڕان لە کوردستان بەرگێکی سیاسیی بە بەری خۆیداکردووەو شێوازی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی بە رێگەی ململانێی دیموکراسییانە گرتووەتەبەرو لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەرەو چەسپاندنو گەشەکردن گوزەردەکات، چەندین پرسیاری گرنگ لەمەڕ ناوەڕۆکو کارکردنو ئاییندەی رووبەڕووی بووەتەوە.

ناکرێت گـۆڕان بە دیدو بۆچوونێکی ئەبستراکتو داتاشراو لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییو زەمینەی سیاسیو رێکخراوەیی بخزێنینە نێو بەهەشتی فانتازیاو خەیاڵەوە، ناشکرێت بە دیدو بۆچوونی دژایەتیکردن هەوڵی سڕینەوەو پوچەڵکردنی بدرێت. بەکورتی دەبێت گۆڕان لە کەشوهەوا تایبەتییەکەی خۆیدا ببینینو لەو روانگەیەوە هەم هەڵیسەنگێنینو هەم چاوەڕوانییەکانیش کەڵەکە بکەین.

بەشێکی زۆر لە بزووتنەوە گەورەکانی دنیا ئامانجێکی تایبەتیان دیاریکردووەو کاریان بۆ کردووە. ئامانجی بزووتنەوەی فەلەستینییەکان رزگارکردنی فەلەستین بوو بە رێگەی خەباتی چەکداریی، کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیی سڕینەوەی سیاسەتی جیاوازی رەگەزییو گرتنەدەستی دەسەڵات بوو، بزووتنەوەی مافەکانی هاوڵاتی بە رابەرایەتی مارتن لۆسەر کینگ بۆ چەسپاندنی مافەکانی رەشپێستەکان بوو لە دەستوورو یاساکانی ئەمریکادا، هەروەها ئامانجی بزووتنەوەی زایۆنیزم بۆ گەڕانەوەی جو بوو بۆ ئەرزی میعاد. زۆربەی ئەم بزووتنەوە گەورانە لە ئاکامی ستەمو داگیرکردنو کوشتنو وێـرانـکـردنو ئـاوارەبـوون دروستبوونو ناکۆکییەکانی لایەنەکان لە زۆربەی قۆناغەکاندا بەشەڕو توندوتیژیی بەڕێوەچوون، هەروەها خەسڵەتێکی دیکەی ئەم بزووتنەوانە ئەوەبووە کە لە ئەجێندای نێودەوڵەتیدا پێگەی باڵایان داگیرکردبوو، بەواتایەکی دی لە قەواغە لۆکاڵییەکەی خۆیان دەرچووبوونو هیمەتو رۆڵی نێودەوڵەتی لە چارەکردنیاندا بەرچاوو کاریگەربوون.

### ئامانجەکانی گۆڕانو پارادۆکسی سیاسی

بـزووتـنـەوەی گـۆڕان لە باشووری کوردستان هەڵقوڵاوی ناڕەزایی جەماوەرە لە دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردی بە ئاراستەی گۆڕانکاریی لە شـێوازی حوکمڕانییو بەڕێوەبردنی سیاسیداو بۆ مەبەستی دابینکردنی حوکمی یاساو دیموکراسییەتو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو رێزگرتن لە مافەکانی مـرۆڤـو ئازادییو بنیادنانی سیستمێکی خزمەتگوزاریی هاوچەرخ.

گـۆڕان لـەم هاوکێشەیەدا لایەنی دەسەڵاتداری بە دوژمن نەداوەتە قەڵەمو مەبەستی سڕینەوەی هێزە کلاسیکییەکانی گۆڕەپانەکە نییە، بەقەدەر ئەوەی لە ململانێی دیموکراسیدا رکابەرییان بکات، لەگەڵ ئەمەشدا گۆڕان لەگەڵ سەرجەم لایەنو هێزە رکابەرەکانی لە گۆڕەپانی کوردستاندا خاڵی نەتەوەیی هاوبەشی هەیە، بۆئەمەش لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا رکابەرییان دەکات بۆ پەیداکرنی پێگەی بەهێز بۆخۆیو بۆ کورد لە بەغدا.

زەمینەو سروشتی پێکهاتەی سیاسیی کوردستانو ئەم دوو ئامانجە سەرەکیە، گۆڕانی گیرۆدەی پارادۆکسێکی سیاسیی ئـاڵـۆز کـردووەو لەلایەکی دیکەشەوە کـارکـردنو پاشهاتی بـزووتـنـەوەکـەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە سایەی ئەو دۆخە ئاڵۆزەدا لە بازنەیەکی گرژو نائارامو تەمو لێڵدا گیرسانووەتەوە.

ئەگەر لە سیاسەتدا پرەنسیپو بیروباوەڕ کاڵببنەوە، ئەوا جائیزە زۆر کارو کردەوە بکرێن، بەپێچەوانەوە پرەنسیپو باوەڕ ئەو لەمپەرانەن کە سنوورەکان دیاری دەکەن.

کاتێک بە پێڕەوکردنی ئەم راستییە خواستو کارەکانی گۆڕان هەڵدەسەنگێنین، دەبینین بزووتنەوەکە ناچاربووە لەو کەشوهەوا سیاسییەی خەڵقاوە مامەڵەی وردو گونجاو لەگەڵ ئـەو پارادۆکسە سیاسییەی ئاماژەمپێداوە بکات.

### خواستە سەرەتاییەکان

لەسەرەتایدروستبوونیبزووتنەوەکەدا، کەمنەبوون ئەو سـەرکـردەو کادیرانەی گۆڕانو بەشی هەرە زۆریان لە ناو یەکێتییەوە هاتبوون، لایان وابوو گۆڕانو یەکێتی دووی رووی لەیەکدراونو لەیەک جیاناکرێنەوەو گۆڕان رووە گەشەدارو پاکژەکەیەتیو بە رێگەی گۆڕانەوە دەسەڵاتدارانی یەکێتی ناچاردەکرێن ریفۆرم بکەن. میکانیزمی کاریشیان بۆ ئەم مەبەستە باڵی ریفۆرمی یەکێتی بوو.

ئەم بۆچوونو خواستە پشتئەستوور بە مێژوو و خەباتی خاوەنەکانی لەناو یەکێتیداو دارێژراو بە پێنووسی نەستولۆجیای دەیان ساڵی خواستو هیواکانیان لە رێبازی خەباتی سەختی یەکێتیدا، لە ئاستی دەروونییو مەعنەویدا رەواو دروستبوو، بەڵام لە رووی سیاسییەوە گونجاوو تەبا نەبوو لەگەڵ ئامانجو پێکهاتە چاوەڕانکراوەکەی گۆڕاندا. لە بەرامبەریشدا دەسەڵاتدارانی یەکێتی پاش شکستیان لە هەڵبژاردنی تەمموزی ساڵی رابــوردوودا، بە هەمان نەفەسو بۆچوون، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە لایان وابوو گۆڕان بەشێکە لە یەکێتیو لێی جیابووەتەوەو هۆکاری کێشەو گرفتەکانی یەکێتیو شکستیان خستە ئەستۆی ئەو گروپەو جیابوونەوەیان. ئەم دوو بۆچوونە لە رووکەشدا نزیکن لەیەکترو لە ناوەڕۆکدا زۆر دوورو ناکۆکن، گێرەی باشی کێڵگەی ئەو پارادۆکسە سیاسییەیان کردو تا ئەم ساتەش کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر هـەردوولا دروستکردووە.

گۆڕان لە ئاکامی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا دووچاری فشارێکی زۆر بوو، وەک نانبڕین، دەرکـردنو تۆقاندنی هەڵسوڕێنەرەکانیو گەمارۆدانی فراکسیۆنەکەی لەناو پەرلەماندا، کار گەیشتە ئاستێکی ترسناکی ئەگەری پێکدادان، تائەم ساتەش دەسەڵاتدارانی یەکێتی پێڕەوی ئەو پارادۆکسە ئاڵۆزە دەکەنو لە راگەیاندنەکانیاندا باس لە «گەڕانەوە بۆ ماڵە گەورەکەی» بەناو هەڵسوڕێنەرانی گۆڕان دەکەن. بە واتایەکی دیکە لایەنی گۆڕان بە بەشێکی جیابووەوە لە خۆیان دەزانن. ئەم بیرکردنەوەیەی بەشێک لە سەرکردایەتیی یەکێتی ئاستەنگێکی سەرسەختە لەبەردەم مامەڵەیەکی سیاسیی ئاسایی لەگەڵ گۆڕاندا، بەتایبەت رۆژێک پێش پلینیۆمی چواری یەکێتی، باڵی ریفۆرم بە فەرمیی هەڵوەشاندنەوەی خۆیان و کارکردنیان لەناو گۆڕاندا راگەیاند. هەرچەندە ئەم هەنگاوە لە بواری تەکتیکییەوە بە قازانجی گۆڕان نەبوو، بەڵام لە رووی سیاسییەوە هەنگاوێکی جدیی بوو بۆ کۆتاییهێنان بەو پارادۆکسەو ئاڵۆزەو خستنەڕووی کارتەکانی گەمەی سیاسی.

### گۆڕان وپارتی

لەئاستێکی دیـکـەدا قورسایی ئەم پارادۆکسە پێگەی گۆڕانی لەناو ژیانی سیاسیی کوردستانو پەیوەندیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانەکەدا، بەتایبەت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا تەنیوە.

دەسەڵاتدارانی پارتی سەیری گۆڕان دەکەن وەک هێزێک کە لە دوو لاوە رەگو ریشەی داکوتیوە، لەلایەکەوە لە مێژوودا سەرکردەکانی گـۆڕان بەشێکی بەهێزو کاریگەربوون لە سەرکردایەتیی یەکێتیدا لە ساڵەکانی ململانێو ناکۆکیو شەڕو ئاشتی لەگەڵ پارتی، لەلایەکی دیکەشەوە ئێستا گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی بەهێز دەبینن و ئەم بزووتنەوەیە سنوورەکانی ناوچەکانی دەسەڵاتی ئەوانیشی بەزاندووەو بە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو رێکخراوەیی ئەو ناوچانەدا شۆڕدەبێتەوە. لە ئاکامی ئەم هەڵسەنگاندنو بۆچوونە، پارتی لەبەرامبەر گۆڕاندا تووشی دڵەڕاوکێ بووەو تا ئەم ساتەش ئەو دڵەڕاوکێیە وایکردووە، کە سیاسەتێکی فەرمییو ئاشکرا لەمەڕ گۆڕان نەگرنەبەر. پارتی لەبری ئەوە بەشێوازێکی عـەرزیو لابەلا دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ گۆڕان بکەنو هەروەها فشاری لەسەر کەڵەکە بکەنو سیاسەتێک نزیکبوونەوە مامەلەکردنی بەحەزەر پێکهاتەکانی دارشتوە.

ئـەم بـۆچـوونـەی دەسـەڵاتـدارانـی پارتی زەمینەی چەمکی شـەڕی ساردی لەخۆگرتووەو ئەو شەڕەش بە ئاراستەی یەکەم رووی لە یەکێتییە. لەم بۆچوونو سیاسەتەی پارتیدا دوو گاسنی تیژ گێرەی گۆڕەپانەکە دەکەن، یەکێکیان بەپێی گەمەی شـەڕی سـارد یـان مەبەستییەتی زیاتر داواکارییو مەرجەکانی بەسەر یەکێتیدا بسەپێنێتو گۆڕان وەک مەقاشی ناو ئاگردان دەبینێت، لایەنی دووەمیش بە عەقڵیەتێکی کراوەتر پێیوایە باشترین دۆستو هاوپەیمانی ئاییندەی نوێبوونەوەو ریفۆرم لەناو پارتیدا بزووتنەوەی گۆڕانە، هـەردوولاش کۆکن لەسەر ئەوەی کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەییو دەسکەوتەکانی کوردو ئاییندەی کێشە چارەنووسسازەکان گۆڕان پێگەیەکی قورسی لـەو هاوکێشانەدا دەبـێـت. لەم روانگەیەوەو بەپێی دۆخـی هەنوکەیی کوردستان، گۆڕان زیاتر لە پارتییەوە نزیکە وەک لە یەکێتی. هەرچۆنێک بێت نابێت پەیوەندییە دوولایەنییەکانی نێوان سەرجەم هێزەکانی کوردستان لەسەر حسابی لایەنێکی دیکە بێت، کارێکی لەمجۆرە رێکخستنی پارسەنگی هێزەکان تێکدەداتو ئەو بۆشاییە دروستدەبێتو مەترسیی زۆری لێدەکرێت. لەم خاڵەدا بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی ئەو ئەرکەمان لێ داوادەکـات، کە رێگە بە دروستبوونی بۆشایی سیاسی نەدەین.

### سەنگی مەحەک

چەند هەفتەیەکی دیکە هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکرێت، گرنگترین هەنگاو ئەوەیە سەرجەم لایەنو هێزەکانی کوردستان هانی کورد بدەنو کارئاسانییان بۆ بکەن کە بچن بۆ دەنگدان. هێزو لاوازیی پێگەی کورد لە بەغدا پابەندە بـە سـێ خـاڵـی سـەرەکـیـیـەوە: ژمـارەی کورسییەکان، هاوهەڵوێستیی لەمەڕ مەسەلە نەتەوەییەکانو لێهاتوویيو کارایی نوێنەرانی کورد لە پۆستو کارەکانیاندا. کاتێک هێزەکانی کورد لەسەر ئەم سێ خاڵە یەکڕابن، ئەوا ئەرکە نەتەوەییەکان لەسەر شانی هەموومان سووکتر دەبنو بەیەکەوەو لەو رێگەیەشەوە دەتوانین پەیوەندییەکانمان لە کوردستان لەو پارادۆکسو کێشمەکێشانە قوتار بکەینو بەرەو ئاراستەیەکی ئاسایی هەنگاوبنێین، ئەمەش ئاواتی گەورەی میللەتەکەمانە.

# خانووە قوڕەکانی کەرکوکو سلێمانی..

## بانێکو دووهەوا

پێشڕەو رەوف

**بۆچی تا ئێستا ئەو بەشە لە خەڵکی ئەو خێزانە هەژارانە بێبەشکراون لە پێدانی پێشینەی خانووبەرەو هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوونو ئەو کاڵاو کەلو پەلانەی، کە مافی هەموو هاوڵاتییەکە؟**

لە چەند رۆژی رابــردوودا گوێبیستی هەولێکبووم، کە گوایە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە شاری کەرکوک داوای (تاپۆ) کردنی خانووە تەجاوزەکانی ئەو شارە دەکات، بۆیە، ئەو گومانەشم لا دروست بوو کە ئەم هەواڵە ئەوەندەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە، ئەوەندە بۆ پەرۆشیو دڵسۆزی نییە بۆ ئەو خەڵکەی کە چەندین ساڵە رووبەڕووی ئەم کێشەیەن لە کەرکوک، ئەمەش بە دەلیلی ئەوەی کە ئەگەر ئەم خەمخۆرییە راستە بۆ خەڵکی هەژارو نەداری کەرکوک، ئەی خێرە کە ئەم خەمەی بۆ هاوڵاتییانی ژێردەسەڵاتی خۆیان جێگای باس نییەو لە شارێکی گەورەی وەک سلێمانیدا بەسەدان خێزان بەدەس بێمافیو دڵەڕاوکێی ئەم کێشەیەوە تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییەو ئەمە هەر وەک لای هەموو خەڵک ئاشکرایە کە قەیرانی شوێنی نیشتەجێبوون، لە کوردستاندا یەکێکە لەو کێشەو گرفتانەی کە لە چەند ساڵی رابردوودا چەندین خێزانو خانەوادەی کرێنشینی ئەم هەرێمەی رووبەڕووی ئاستەنگی ئابووریی، کۆمەڵایەتییو دەروونیی کردووەتەوە، ئەمە سەرباری بێئومێدبوون لە هەوڵەکانی حکومەتو ئاوڕدانەوەی پێویست لەو خەڵکە هەژارانەی ناو چینو توێژەکانی خـوارەوەی کۆمەڵی کـوردەواری کە بە ناچاریو بە مەبەستی دەربازبوون لە ئاکامەکانی کرێنشینیو بە تایبەت بۆ ئەو خێزانانەی کە هەژاریو باری نالەباری دارایيان لەوە زیاتر فرسەتی پێدانی رۆژ بە رۆژ بـەرزبـوونـەوەی نرخی کرێ خانویان بۆ نەدەدراو بۆیان زەحمەت بوو، بۆیە بە ناچاری ئەم بەشە لەو خێزانە هەژارانە، بە هەر شێوازێک بۆیان هەڵکەوتایە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ئەگەر لە دەرەوەی شاریشدا بوایە، لە رێی دەستکەوتنی پارچە زەوییەکەوە، هەوڵی ئەوە بدەن کە ببنە خاوەن شوێنێکی نیشتەجێبوونی خۆیان کە ئێستا زۆرێک لەوانە بە گەڕەکو ناوچە دوورەدەستەکانی وەک دەورو پشتی بەکرەجۆو ئاوبارەو کەنەسوورەو کانی گۆمەو قڕگەو کانی سپیکەو ...هتد، دابەشبوون کە رێژەی ئەو خێزانانە بە زیاتر لە (٧,٠٠٠) هەزار دەخەمڵێنرێتو بە خانووە (فۆڕمەکان) ناسراون کە ئەمەش لە رێی پارچە زەوییەکەوە کە بە زەوییە کشتوکاڵییەکان ناسراوە لەلایەن خاوەنمولکو جوتیارەکانی ئەو ناوچانەوە فرۆشرانەوەو بە بەرچاوی حکومەتەوە کە نرخی ئەو پارچە زەوییانە لەچاو زەویی تاپۆکراو چەند بەرامبەر هەرزان تر بوون. هەرچەندە لە سەرەتادا ئەم دیاردەیە لەلایەن حکومەتو دامودەزگا بەرپرسەکانی وەک شارەوانیو بەشی زیادەڕۆییەوە رێگریی لێکراو دواتر بە شێوەیەکی ئاساییو لەلایەن ئەو فەرمانگەو دامودەزگایانەوە مامەڵەی رێگاپێدانیان بۆ ئەنجام دەدراو تا ئێستاش بەردەوامە بە شێوەیەکی ئاسایی، وەک چۆن مۆڵەتی هەر خانووو شوێنێکی نیشتەجێبوون بە فەرمی رێگایان پێدەدرێت، بۆ ئەم خانوانەش لەژێر ناونیشانی مۆڵەتپێدراو بە بەڵگەی بوونی فۆڕم (فـۆڕم)ی رێگاپێدان دروستکردنیان ئاساییەو بە خانووی زەوییە فۆڕمەکان ناسراون کە هیچ کێشەیەکیان نییە، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی تا ئێستا ئەو بەشە لە خەڵکی ئەو خێزانە هەژارانە بێبەشکراون لە پێدانی پێشینەی خانووبەرەو هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوونو ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی، وەک چیمەنتۆو هەر شتێکی دیکە کە مافی هەموو هاوڵاتییەکە لە کاتێکدا کە ئەمانە زەوییەکەش بە پارەی خۆیان دەکڕنو بە هەزار داماویو قەرزو قۆڵە هەوڵیانداوە پارچە زەوییەک بۆ خۆیان دابین بکەن تا ببنە خاوەنی شوێنێکی نیشتەجێبوون کە بەداخەوە زۆربەیان لەبەر بێدرامەتی، لە نیوەدا خانوەکانیان جێهێشتووە، یان ئەوەتا بە شێوەیەکی نیوە ناچڵی دەچنە ناو خانوەکانیانەوە کە خۆشتر لەمەش ئەگەر رۆژێک لە رۆژان حکومەت خانوەکانیان بۆ تاپۆ بکات، داوای دووبارە پارەی زەوییەکانیان لێدەکاتو بۆ هەر خانویەک بەپێی پێوانەکەی بڕێکی دیکە پارەیان لێدەسێنێت، ئەمە سەرباری ئەوەی بێبەشن لە هەر جۆرە خزمەتگوزاریو پێداویستییەکی تەندروستی، وەک خوێندنگاو جادەو کارەباو ئاوو ئاوەڕۆ کە پێویست بوو هەر وەک چۆن رێگای دروستکردنی خانووەکانیان پێدەدرێت ئاواش ئەو خزمەتگوزارییانەیان بۆ جێبەجێبکرێتو بەهەمانشێوەش سوودمەند بکرێن لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە، بۆیە هەق وابـوو، لایەنە بەرپرسەکانو لە پێشی پێشەوە کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشین، ئەم پێشێلکارییەی دەرهەق بەمافی ئەو خێزانو هاوڵاتییانەی بخستایەتە بەردەم دەزگـا بەرپرسەکان، بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان کە ئەرکی چاودێری حکومەتو ژیانو گوزەرانی خەڵکییە بە گشتی، نەک بە پێچەوانەوە دەستخۆشیو بروسکە ناردن بۆ حکومەت کە ئەمە کاری کۆمەڵەو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی نییە بە قەد ئەوەی رۆڵی ئەوان فشارخستنەسەر حکومەتو خستنە بەرچاوی ئەو هەزاران هەزارەیە لە پێشێلکردنی مافی ئەو هاوڵاتییانە کە تا ئێستا کەسێک نییە ئاوڕیان لێبداتەوەو ئەو مافە ئاساییە کە هەموو خێزانو هاوڵاتییەک دەبێت هەی بێت، ئەم مافە بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوانیش کە تا ئێستا ژێر بە ژێر لە نێوان چەند دامودەزگایەکی حکومیدا ئەو مافە ئاساییەیان لێزەوتکراوە، بۆیە هەق وایە، هەموو لایەنە بەرپرسەکانی حکومەت بە تایبەت رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەم پێشێلکارییە بێدەنگ نەبن، حکومەتیش هەرچی زووە بێبەرامبەر ئەو خانووو زەوییانە بە رەسمیی بناسێتو بیکات بە ناوی خاوەنەکانیانەوەو پێشینەی خانووبەرە بۆ هەموو ئەو خانوانە وەک یەک جێبەێبکات تا لەوە زیاتر ئەو خێزانانە بە دەست قەرزو قەرزارییەوە بۆ دروستکردنی خانوەکانیان لـە دڵـەڕاوکـێـدا نـەژیـنو هاوپەیمانییش لەبەر هەڵمەتی هەڵبژاردنو تەنیا کاتەکانی هەڵبژاردن نەکاتە بانگەشە بۆ خۆیو بە ناوی تاپۆی تەجاوزەکانی کەرکوکو ئیتر بیربچنەوە. کرێچی لەهەر شوێنێک بێت، نیشتمانی نییە، با نیشتمانیان بۆ بگێڕینەوە، نەک «بانێکو دوو هەوا».

peyshrawraof@yahoo.com

# ئەحمەد عەسکەری: گەندەڵیی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی کەرکوک پەکدەخات

پشتیوان سەعدوڵڵا

**ئەندامێکی لیژنەی پڕۆژەکانو بنیادنانو خزمەتگوزاریی گشتیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێیوایە؛ بودجەی کەرکوک زۆر بێت یان کەم، ئەگەر گەندەڵیو رۆتینات بنەبڕنەکرێت، ئەوا سەری پڕۆژەکان دەخواتو دەبێتەهۆی پەکخستنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، هاوکات بەپێویستیشی دەزانێت ئیدارەی کەرکوک میکانیزمێکی نوێ بدۆزێتەوە بۆ خستنەکاری بودجە.**

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رۆژی (1/25) بودجەی ساڵی (2010)ی عێراقی پەسەندکردو بودجەی پارێزگای کەرکوک بۆ ساڵی (2010) لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان (121) ملیار دینارە، هەروەها (72) ملیار دیناریش لە بودجەی وەبەرهێنانی بۆ دانراوە، ئەمە جگە لەوەی بەپێی هەمان یاسا بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی کەرکوک بڕی (1) دۆلار دەدرێت بەو پارێزگایە.

لە ساڵانی رابردوودا بەرپرسانی ئیداریی کەرکوک رەخنەی ئەوەیان گرتووە کە «بودجەی پارێزگای کەرکوک کەمەو بەو بودجە کەمە ناتوانرێت پڕۆژەی خزمەتگوزاریی لە شارەکە جێبەجێبکرێت»، بەڵام بە بۆچوونی ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی پڕۆژەکانو بنیادنانو خزمەتگوزاریی گشتیی لە ئەنجومەنی



پارێزگای کەرکوک؛ «گەندەڵیی هۆکارێکی سەرەکیی بەردەم پەککستنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەکەیە».

عەسکەری پێیوایە؛ «ئەو بودجەیەی کە ئەمساڵ دانراوە بەو پارە زیادەیەی کە لە بەرامبەر فرۆشتنی نەوت دانراوە کەم نییە لە چاو ساڵانی رابردوودا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر میکانیزمی کارکردنی ئیداریی دەستکاریی نەکرێتو هەندێک رۆتینات کەمنەکرێتەوە، ئەوا رەنگە سەرفکردنی ئەو بودجەیە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە قورسبێت، هەروەها ئەگەر دەستەی جێبەجێکردنی پڕۆژەی پارێزگای کەرکوک کاراو فراوان نەکرێت، زەحمەتە بتوانرێت پڕۆژە جێبەجێبکرێت.

باسی لەوەشکرد؛ هەندێک لە یاساکان کۆنو سەقەتنو بە کەڵکی ئێستا نایەنو ستافی شارەزای ئەندازیاریی کەمە، ئەمەش دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم پڕۆژەی خزمەتگوزاریدا.

وتیشی: من وەکو ئەندامێکی لیژنەی پڕۆژەکانو بنیادنانو خزمەتگوزاریی گشتیی لە ئەنجومەنی پارێزگا، پێشووتر راپۆرتێکمان لەسەرئەو مەسەلەیە ئاراستەی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا کردووەو مەترسیی بەردەوامبوونی گەندەڵیو رۆتیناتی ئیداریم خستووەتەڕوو.

بەپێی راپرسییەکی چەند مانگێک پێش ئێستای دەستەی نەزاهەی عێراق، «دامودەزگا حکومییەکانی کەرکوک لە رووی گەندەڵیو زۆریی وەرگرتنی بەرتیلو هۆکارەکانی پشت ئەو دیاردەیە بەپلەی یەکەم دێت لەنێو پارێزگاکانی عێراقدا».

هەروەک بە بڕوای چاودێران هەرچەند بودجەی کەرکوک زۆریش بێت، بەڵام ئەگەر گەندەڵیی ئیداریی کەمنەکرێتەوە، ناتوانرێت ئەو بودجەیە لە خزمەتی هاوڵاتییانی شارەکەدا خەرجبکرێت.

ئەحمەد عەسکەری دەڵێ: «ئەگەر گەندەڵیو رۆتینات بنەبڕنەکرێت، ئەوا سەری پڕۆژەکان دەخواتو دەبێتەهۆی پەکخستنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان»، پێویستە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە دەربکات بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیو لێپرسینەوەو سزادانی گەندەڵکاران، هەروەها کەمیی دەسەڵاتی ئیدارەی کەرکوک یەکێکی دیکەیە لە ئاستەنگەکان، بۆ ئەو مەبەستە چەندینجار داوامان لە وەزارەتەکان کردووە کە دەسەڵات بدرێتە ئیدارەی کەرکوک.

ئەوەیشی خستەڕوو، بۆشاییەکی زۆری یاسایی هەیە بۆ دواکەوتنی پڕۆژەکان، هەروەها جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان رێنمایی وەزارەتەکاندا، چونکە هەر وەزارەتەو بۆ لایەنێکی سیاسیی کاردەکات.

لە ماوەی (5) ساڵی رابردوودا کورد ئیدارەی کەرکوکی بەڕێوەبردووە، ئەوەش نیگەرانیی لای بەشێک لە دانیشتووانو پێکهاتەکانی دیکەی شارەکە دروستکردووە، سەرەڕای ئەوەش لەو شارەدا ململانێیەکی زۆر بوونی هەیەو ئەوەش بە زیانی دانیشتووانەکەی کەوتووەتەوە.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتیشی: «باری سیاسیی کەرکوکو شێوازی بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە بەڕێوەبردنی ئیدارەدا هۆکارێکی سەرەکیی پەکسختنی پڕۆژەی خزمەتگوزارییە، خەڵکو لایەن هەیە کە لەکاتێکدا خۆی بەشدارە لە بەڕێوەبردن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە کاردەکات بۆ پەکخستنی پڕۆژەکان.

بە وتەی چاودێران حکومەتی عێراق لە رووی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزارییەوە لە چەند ساڵی رابردوودا کەرکوکی پشتگوێخستووە، بەتایبەت ساڵی رابردوو.

بودجەی پارێزگای کەرکوک لەساڵی (2009)دا بریتیبوو لە (57) ملیار دینار، بەوهۆیەشەوە ساڵی (2009) کەرکوک بێبەشبوو لە پڕۆژەی خزمەتگوزارییو بەو بودجە کەمە تەنیا پڕۆژەکانی ساڵی (2008)ی پێ تەواوکرا.

ئەحمەد عەسکەری ئەوەشی راگەیاند: پێویستە لەسەر ئیدارەی کەرکوک لە ئێستاوە بە جدیی کاربکات بۆ خستنەکاری بودجەی ئەمساڵ، چونکە ئەگەر بەو ئالیەتەی ئێستا بێت، ناتوانرێت سوود لە بودجەکە وەربگیرێت.

# رانیە بەبێ ترافیک دەبێتە پارێزگا؟

شاسوار مامە

چەند ساڵێکە قسەو بەڵێنی ئەوە لە ئارادایە قەزای رانیە بکرێتە پارێزگا، ئەمە لە کاتێکدایە هێشتا قەزاکە لە زۆر رووەوە لەخزمەتگوزاریی سەرەتاییو زۆر سیمای شار بێبەشە، لەوانە: تا ئێستا لەو قەزایەدا سیستمی ترافیکلایت بۆ شەقامەکان دانەنراوە، ئەوەش بووەتە هۆی چەندین رووداوی هاتوچۆ لە شەقامەکانی شارداو شۆفێرانو هاوڵاتییانی تووشی گرفتی هاتوچۆ کردووە.

ساڵی رابردوو، حکومەتی هەرێم لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە بڕی (117,640,000) سەدو حەڤدە ملیۆنو شەششەدو چل هەزار دینار، پڕۆژەی دروستکردنی دوو ترافیکلایتی لە دوو شوێنی جیاوازی رانیەدا، لە چەند مانگی رابردوو خستە بواری جێبەجێکردنەوەو وا بڕیار بوو لە ماوەی (55)رۆژدا پڕۆژەکە تەواوبکرێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چوار مانگو تەواوبوونی ماوەی جێبەجێکردنی، تا ئێستا ئەم پڕۆژەیە تەواونەکراوە.

رێباز مەحمود، کە یەکێکە لە شۆفێرەکانی رانیە، سەبارەت بە نەبوونی ترافیکلایت لە شارەکەیاندا بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرەڕای فراوانیو خراپیی شەقامەکانی رانیە، تا ئێستا ترافیکلایتی نییە، ئەوەش چەندین گرفتی بۆ دروستکردووین، وا بڕیارە ترافیکلایت لە شارەکەدا دابنرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لێپێچینەوە نییە، پڕۆژەکە دواکەوتووە».

لەبەرامبەردا ئاکۆ عەزیز، بەرپرسی کۆمپانیای تاڤین، کە جێبەجێکەری پڕۆژەی ترافیکلایتەکانی رانیەیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەیانجار سەردانی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانیم کردووە بۆ وەرگرتنی رەزامەندیی لەسەر گۆڕانکارییەکە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە»و وتیشی: «هۆکاری دواکەوتنی پڕۆژەکە نە ئێمەین وەک کۆمپانیا، نە شارەوانیی رانیەیە، بەڵکو ئەندازیارانی بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی سلێمانی پڕۆژەکەیان راگرتووە».


بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرێتیی بنکەی پۆلیسی رانیە، لە ساڵی (2009)دا لە سنوری بیتوێنو پشدەر (170)رووداوی هاتوچۆ تۆمارکراونو تیایاندا (18) کەس گیانیان لەدەستداوەو (89) بریندارێشیان لێکەوتووەتەوە.

سەبارەت بە هۆکاری دواکەوتنی پڕۆژەکە، نەقیب موحسین خدری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی هاتوچۆی رانیە، بۆ رۆژنامە ئاماژە بەوە دەکات؛ ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە (55)رۆژ بوو و دەبوایە لەو ماوەیەدا جێبەجێبکرایە، بەڵام ئەو شوێنانەی ترافیکلایتەکەیان بۆ دەرچوو شیاو نەبوون، بۆیە ئێمە لەگەڵ شارەوانیی رانیە شوێنەکانمان گواستنەوەو بەهۆی گۆڕانکاریی لە شوێنی دانانی ترافیکلایتەکاندا، بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی سلێمانی رەزامەندیی لەسەر گۆڕانکارییەکان دەرنەبڕیوەو پڕۆژەکەی راگرتووە.

نەبوونی ترافیکلایت لە شەقامەکانی شارداو هاوکات نارێکیو خرابیی رێگاکانی هاتوچۆ لە قەزای رانیە، گرفتێکی سەرەکی شۆفێرانی قەزای رانیەنو بەوهۆیەوە شۆفێران، نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕنو حکومەت بە بەرپرسیار دەزانن لە تەواونەبوونی پڕۆژەکە.

ئیبراهیم حەسەن، کە شۆفێرێکی دیکەی شاری رانیەیە، بۆ رۆژنامە باس لەوە دەکات؛ «زۆریی رێژەی رووداوەکانی هاتوچۆ، بەهۆی خراپیی رێگاوبانو نەبوونی ترافیکلایتەوەیە لە رانیە»، ئاماژەی بەوەشدا؛ کە بەوهۆیەوە قەرەباڵغییەکی زۆر لە شەقامەکانی رانیەدا دروستدەبێتو رۆژانەش چەندین رووداوی جۆراوجۆر تۆماردەکرێت، بەڵام کەس خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لەو رووداوانە.

# ئاوارەکان دوای (18) ساڵ هەر ئاوارەن



گەڕەکی ئاوارەکانی رانیە

راپۆرتی: شاسوار مامە

گەڕەکی ئاوارەکان لە شاری رانیە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە، لەدوای راپەڕینەوە ئاوارەکانی کەرکوکو دۆڵی جافایەتی لەو گەڕەکە نیشتەجێبوون. سەرەڕای هەژارییو کەمدەرامەتیی دانیشتووانەکەی، ئەو گەڕەکە بێبەشکراوە لە سەرەتاییترین خزمەتگوزارییو دانیشتووانی گەڕەکەکە باس لەوە دەکەن، کە تائێستا گەڕەکەکەیان تاپۆی نییەو بەهۆی خراپیی رێگاوبانو نەبوونی زێرابو چەندین کێشەی دیکە ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنن.

گەڕەکی ئاوارەکان لە سیماکەیەوە دیارە کە دانیشتووانەکەی لە چ بارودۆخێکدا دەژینو چەندە پشتگوێخراون، ئاوارەکانی دانیشتووی ئەو گەڕەکە ئاماژە بەوە دەکەن؛ بەر لە هەڵبژاردن چەندین بەڵێنیان پێدراوە لەلایەن بەرپرسانەوە، بەڵام لە بەڵێن زیاتر شتێکی دیکە نەبووەو تائێستا داخوازییەکانیان جێبەجێنەکراون.

عومەر حەمەد ئەمین، دانیشتووی گەڕەکی ئاوارەکانی رانیە، بۆ رۆژنامە وتی: «چەندین ساڵە ئێمە لێرە نیشتەجێینو هیچ خزمەتگوزارییەکمان بۆ نەکراوە، پێش هەڵبژاردنەکانی (7/25) چەندین بەرپرس هاتوون بۆ گەڕەکەکەو بەڵێنی هاوکارییو خزمەتگوزارییان پێداوین، بەڵام تەنیا بەڵێن بوونو هیچی تر».

دوای هەژدە ساڵ لە تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێشتا نەک گوندەکانیش ئاوەداننەکراونەتەوە، بەڵکو بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە هاوڵاتییان ناتوانن لە قەزاو ناحیەکانیشدا نیشتەجێ ببنو بە ناچاریی روو لە شارەکان دەکەن.

رێزان ئەحمەد، دانیشتوویەکی دیکەی گەڕەکی ئاوارەکانی رانیە بە رۆژنامەی راگەیاند: «(19) ساڵە ئێمە لەو گەڕەکە دەژین، بارودۆخمان زۆر خراپەو لە ژیانێکی سەختدا دەژین، هەموومان خاوەنی شەهیدو ئەنفالو پێشمەرگەی دێرینین، بەڵام دەسەڵات پشتگوێی خستووینو نازانێت لە چ رەوشێکدا دەژین».

گەڕەکی ئاوارەکان لە شاری رانیە لە ئێستادا نزیکەی (500) خێزانی لێ نیشتەجێیەو بارودۆخی سیاسیی دوای راپەڕین هۆکاری ئاوارەبوونی ئەو هاوڵاتییانەیە بۆ رانیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییو پشتگوێخستنی ئەو گەڕەکەی ئاوارەکان لێی نیشتەجێبوون، دانیشتووانی ئەو گەڕەکە نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕنو ئاماژە بەوە دەکەن؛ بەرپرسان تەنیا پێش هەڵبژاردنەکان سەردانی گەڕەکەکەیان دەکەن، داواش دەکەن حکومەت بەدەنگ داواکانیانەوە بچێت.

سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی گەڕەکی ئاوارەکان، ئەندازیار بەختیار حسێن ساڵح، سەرۆکی شارەوانیی رانیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو گەڕەکە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا ناوچەیەکی سەربازیی بووەو بەنارێکی دروستکراوە، بەڵام ئێمە شەقامێکی دوو سایدمان بۆ دروستکردوون، کە گرنگیی تایبەتی هەبووە بۆ گەڕەکەکە».

سەرۆکی شارەوانی رانیە وتیشی: «هەر بەهۆی نارێکیی گەڕەکەکەوە نەتوانراوە خزمەتگوزاریی دیکەی پێویست پێشکەشبکرێت، بەڵام لەئێستادا خەریکی دانانی نەخشەی گەڕەکەکەینو دواتریش کێشەی تاپۆو خزمەتگوزارییەکانی دیکەیان بۆ چارەسەر دەکەین».

بەبڕوای جەلال حەمید، کەهاوڵاتییەکی دیکەی گەڕەکی ئاوارەکانە، گەڕەکەکەیان جگە لە نەبوونی خزمەتگوزاریی تاپۆشی نییەو بەوهۆیەوە ناتوانن گۆڕانکاریی لە خانووەکانیاندا بکەن، لە کاتێکدا خانوو هەیە لە گەڕەکەکە بەهۆی خراپییەوە رووخاوە.

جەلال حەمید وتی: «زێرابمان نییەو رێگاوبانیشمان زۆر خراپە». ئاماژەی بەوەشکرد؛ وەرزی سەرما خەریکە تەواودەبێت، بەڵام تائێستا نەوتیان پێنەدراوە.

## فرصة العمل

شركة مواد الغذائية في السليمانية بحاجة الى موظفين في الاختصاصات الأتية:

١. محاسب.
٢. أمين مخزن.
٣. مروج مبيعات عدد ٢ .

الشروط:
١. أن يكون متخرج (دبلوم أو بكالوريوس).
٢. يجيد أستخدام الكومبيوتر (word, Excel).
٣. يجيد للغة العربية.
٤. الدوام من الساعة ٨:٣٠ - ٤:٣٠.

يرجي أرسال السيرة الذاتية (cv) الى الايميل الأتي:

adelessam1981@yahoo.com

## هەلی کار

کۆمپانیای نالیا بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە پێویستی بە ژمارەیەک کارمەندە بۆ چاقی مۆڵ:


١. ژمارەیەک کارمەند بۆ بەشی فرۆشتن و کافیا، لەهەردوو رەگەز بەمەرجێک ئاتسی خوێندنی لەشەشی ئامادەیی کەمتر نەبێت. باشتروایە زیاتر لەزمانێک بزانێت.
٢. ژمێریار، دەرچووی بەشی ژمێریاری بێتە ئەزموونی کارکردنی لەدوو ساڵ کەمتر نەبێت.
٣. بەڕێوەبەری گەنجینە، بەمەرجێک دەرچووی بەشی گەنجینە بێتو ئەزموونی کارکردنی لەدوو ساڵ کەمتر نەبێتە لەگەڵ ژمارەیەک کارمەند بۆ بەشی گەنجینە.

دوا بەروار بۆ ناردنی (C.V) ٢٠١٠/٢/١١
ژمارەی مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠) (٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠)

**ونبوون**

باجێکی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بە ناوی (رەنگین علی کریم) وونبووە، هەرکەس دۆزیـەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠٢١٠٠١٢٣)

بڵاوکراوەی نوێ







**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ - ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید** - **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - زەرگەتە - گردی زەرگەتە - کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان - تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٨٧ – R٥
پرۆژە: دروستکردنی بنکەی تەندروستی جۆری (E) لەگەڵ بینای ستاف لە گوندی قەمچوغە لە دوکان.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٨ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٣ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٨٦ – R١
پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکانی (حاجی قادری بێسەری+ ڕەسوڵ+ پیرەمەگروون+ مەلا رسولی دێلێژە+ خانەقای مەولانا+ شەهیدانی جەمال ڕەمزی و سەلار نوری مەعروف+ بالیکەدەری+ وەفایی+ شێخ مارف قەرەداغی+ حاجی محمد صالح احمد لە گوندی ئەڵڵای خواروو+ بانی میرانی سەروو لە قەرەداغ) لە سلێمانی دەوروبەری.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٨ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٣ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر) یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٩٠ – R٥
پرۆژە: لێدانی بیری قوڵ بۆ هاوڵاتی (رسوڵ حمە اغا رسوڵ) لە قەڵادزێ (دووبارە٢).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٨٩ – R١
پرۆژە: دروستکردنی دوو تانکی (٣٠٠م٣) لە گەرەکی شێخ محی الدین و شەکرەکە لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١١٠٠٠٠٠٠) یانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٨٨ – R٤
پرۆژە: دروستکردنی سیاج بۆ یاریگای ئاوکورتە لە ماوەت.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٨٦ – R٤
پرۆژە: پاککردنەوەی کارێزەکانی کەناروێ (دووبارە١).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**











چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩